# Sten Arevik



# مامۆستا و هونەری ڕێبەرایەتی

Sten Arevik

Lärare och ledarskap konst

مامۆستا و هونەری ڕێبەرایەتی

تەرجەمەی لە سویدییەوە: ئاسۆس شەفیق


تۆڕی فێرکاریی برادۆست https://bradost.net

سەکۆی زانیاری مامۆستا

Stockholm 2021

پێڕست


**دەربارەی ئەم بەرهەمە ............................................................................................................... 5**

**سەلمێنەی کردەبەند ................................................................................................................ 6**

*سەلمێنەی کردەبەند - دەستپێک ......................................................................................... 7*

*هەلومەرجی سەلمێنەی کردەبەند ........................................................................................ 9*

*پێشاندەری سەلمێنە ......................................................................................................... 12*

**پێنج ڕووکار لە کارامەیی پیشەوەرانەی فێرکردن ....................................................................... 15**

*کارامەیی دیداکتیکانە - پیشەوەرانەی فێرکردن - بریتییە لە چی؟ ............................................ 15*

*کارامەیی یەکەم: بابەتزانی - شارەزایی گونجاو لە ناواخنی بابەت .............................................. 16*

*کارامەیی دووهەم: وانەبێژی - بەرجەستەکردن و گەیاندنی ناواخنی بابەت لە فێرکردندا .............. 29*

*کارامەیی سێهەم: شارەزایی دەربارەی بەرۆکگیرە دەروونی - جڤاکییەکانی فێرکاری ..................... 37*

*کارامەیی چوارەم: شارەزایی دەربارەی هەڵسەنگاندنی زانیار و فراژووتنی زانیار ........................... 51*

*کارامەیی پێنجەم: دەرکی بیردۆزەکی و زانستانەی پەیوەست بە کاروباری فێرکاری ...................... 69*

*سەرەنجام ....................................................................................................................... 76*

**هەفت توانستی فێرکاری ........................................................................................................... 77**

*یەکەم: توانستی بەکارهێنانی چەمک، مۆدێل و بیردۆزە ............................................................ 77*

*دووهەم: توانستی پەیبردن بە بەستەر، نەخش و ساختار ............................................................ 81*

*سێهەم: توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ............................................................................. 84*

*چوارەم: توانستی ڕوانگەگۆڕی .............................................................................................. 88*

*پێنجەم: توانستی بەڵگەکاری دەربارەی بیر و کرداری خۆ ........................................................... 93*

*شەشەم: توانستی بەرهەمهێنانی کارەکی - هونەری ................................................................. 96*

*هەفتەم: توانستی تێگەیشتن لە بەرهەمی کارەکی - هونەری ...................................................... 98*

**بنەمای بیردۆزەکی بۆ گوتوبێژی پیشەوەرانە ........................................................................... 103**

*زانیارهەڵبەستنی ئەزموونبەند - شرۆڤەی گوتوبێژ .................................................................. 103*

*«دووتا» و هەڤبەندیی سێپا ............................................................................................... 103*

*ڕوانگەی مرۆڤ و ڕووکاری «بابەت»* ........ *105*
*ڕوانگە و ڕووکار لە «هەڤبەندیی سێپا»دا* ........ *105*
*ڕاهێنانێک دەربارەی بەرکەوتی فروسماو* ........ *108*

**بیردۆزەی پلانی فێرکاری ........ 110**
*پلانی فێرکاری* ........ *110*
*سێ پرسیارەکەی پلانی فێرکاری: چی؟ چۆن؟ بۆچی؟* ........ *112*
*نهۆمەکانی بەرسڤ* ........ *113*
*پلانی فێرکاری چۆن دێتە ئافراندن* ........ *116*
*چێوەی کار* ........ *117*
*کۆدی فێرگە* ........ *118*

**گوتوبێژ و ڕێنوێنیی هاوکارانە ........ 119**
*پاشخان* ........ *119*
*چەند پێشمەرجێک بۆ ڕێنوێنیی باش* ........ *122*
*دە تەکنیک و ستراتیژ بۆ خوێندن* ........ *124*
*وۆرکشۆپ - مێتازانیار* ........ *130*
*وۆرکشۆپ – دەسەڵات و زانیار* ........ *131*
*وۆرکشۆپ – دە ڕووکار لە جڤاک و زانیار* ........ *133*
*وۆرکشۆپ - چوار ستوونی فێرکاری* ........ *135*
*وۆرکشۆپ – کارامەیی پیشەوەرانەی مامۆستا* ........ *135*
*وۆرکشۆپ - مامۆستا چۆن بێت باشە؟* ........ *136*
*وۆرکشۆپ - نۆ هەنگاوی گوتوبێژ* ........ *137*

**سەرچاوە ........ 143**

**پەراوێز ........ 147**

**دەربارەی ئەم بەرهەمە**

ئەم کتێبەی بەردەستت تەرجەمەی کەشکۆڵێک تۆژینەوە و گوتارە، مامۆستا Sten Arevik لە کاتی جیاوازدا و بۆ بەستێنی جۆراوجۆر ئامادەی کردوون. نووسەر، لەسەر داوای «سەکۆی زانیاری مامۆستا» کە پرۆژەیەکی فێرگەی «برادۆست»ـە لە کوردستان، بەشێک لە بەرهەمە فێرکارییەکانی خۆی لە پاژەکانی ئەم کتێبدا گردکردۆتەوە.

پاژی یەکەم پاشخانێکی بیردۆزەکییە تێیدا نووسەر لە ئەزموونی خۆی و دەوروبەرەوە ڕێگەی داڕشتنی زانیار، هەڵبەستنی زانست و هونەر، ئافراندنی سەلمێنەی پەیوەست بە کاروباری فێرکارییەوە، ڕوون دەکاتەوە. ئەم پاژەی یەکەم جگە لەوەی بناخەیەکی بیردۆزەکییە، دەروازەیەکیشە بۆ باشتر تێگەیشتنی وردەکاریی هۆبەکانی دیکەی ئەم بەرهەمە، بۆ پەیبردنە بە هاوسەمای بیردۆزە و کردار.

لە پاژی دووهەمدا ڕووکاری هەرە گرینگ لە کارامەیی پیشەوەرانەی مامۆستا دێنە بەرباس. پاژی سێهەم ڕووی لە شاتوانستە پێویستەکانی فێرخوازە. پاشان دەگەینە بواری گوتوبێژ کە بنەمایە بۆ سەرلەبەری ڕێنوێنایەتی و ڕێبەرایەتی - کە مەبەستی سەرەکین لەم کتێبەدا. پاژی پێنجەم لە سەنگ و کارکردی پلانی فێرکاری دەدوێت، بەتایبەتیش جەختی لەسەر پرسیارە گەورەکەی فێرکارییە: «چی» پێویستە فێر بین؟ بەشەکانی دیکە بە پرسیاری «چۆن» و «بۆچی» دەبنە پشتیوان. دواپاژیش تەرخانە بۆ هونەری گوتوبێژی مامۆستایانە و ڕێنوێنیی هاوکارانە. ئەم بەشە بە چەندین نموونەی کردەکی و لیستی ئامۆژگارانە ڕازاوەتەوە.

مامۆستای هێژا، لەم تەرجەمەیدا چەند شاچەمکێک هاتوونەتە ئاراوە، لێرەدا بەمەبستی کارئاسانی، ڕیز دەبەستن:

- ئاروینکردن: examination, trial، تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن، تێستکردن.
- ئاگاداری: information
- ئەزموونبەند: experience-based. پێکهێنانی بابەتێک لەسەر بنەمای ئەزموون، واتە ئەزموون بکرێتە بنەما بۆ هەڵبەستنی بۆ نموونە زانیار (زانست و هونەر)-ی نوێ.
- چەمک: concept، چەمکامێز: conceptual، چەمکامێزاندن: conceptualization
- زانیار: knowledge
- سەلمێنە: evidence، زانست، هونەر، بەڵگە و ڕێبازێکی بە تۆژینەوە یان بە کردار هاتبێتە سەلماندن.
- سەلمێنەی کردەبەند: practice-based evidence، زانست، هونەر و بەڵگەیەکی لە کاروباردا هاتبێتە ئاراوە.
- کردەی سەلمێنەبەند: evidence-based practice، کاروبارێک پەیڕەوی زانست و تۆژینەوە بکات.

Sten Arevik ئەم کتێبەی «مامۆستا و هونەری ڕێبەرایەتی» یەی بەتایبەتی بۆ تۆی مامۆستای کوردستان هۆنیوەتەوە، هیوادارم سوودبەخش بێت.

سەرفەراز بن!

**سەلمێنەی کردەبەند**

لەم پاژەدا ئەو بنەما زانستییە دێتە ڕاڤەکردن کە بەگشتی دەبێتە بناخە بۆ ئەو پێڤاژۆگەلەی زانیار کە کردەبەندە.[1] لە نووسینی ئەم تێکستەدا هەردوو پرۆفیسۆر Ulf Janson و Ola Halldén وەک ڕێنوێن و ڕاوێژکار هاریکارم بوون. سەرلەبەری ئەم بەرهەمەی «سەلمێنەی کردەبەند» لە سەمینارێکی «بنگەی پێداگۆگی» Pedagogiska institutionen ی زانستگەی ستۆکهۆلم Stockholms universitet، لە ڕووی زانستییەوە خراوەتە بەر گوتوبێژ و مشتوماڵ و ئەوجا هەڵسەنگێنراوە.

لە گشت بوارێکی کارەکیدا ئەزموون و زانیار دێنە فراژووتن. لەم تێکستەدا پێشانی دەدەم چۆن ئەم زانیارەی وەدەستهێنراوە وەک «سەلمێنەی[2] زانستی» بێتە پەژراندن. واتە تەنانەت پرسیاری دیداکتیکانەی: **«چی، چۆن و بۆچی»**، دەکرێت لە کردەوەدا بەرسڤی وەهایان هەبێت زانست بناخەیان بێت - بەر لە هەمووشیان پرسیاری **«چۆن»**. ئەمە دەبێتە جێگرەوەیەک (بەدیلێک) بۆ ئەو سەلمێنە زانستییانەی لە دەرەوەی ئەو پراکتیکە هاتوونەتە بەرهەم - لە تۆژینەوەی وەهادا کە زۆروکەم لە پراکتیک دابڕاون.

ئەم پاژەی یەکەم تێکستێکی بیردۆزەکییە مەبەست لێی جەختە لەسەر سەنگی ئەو زانیارەی لە کاروباردا دێتە ئافراندن. ئەم تێکستە بیردۆزەکییە لەوانەیە وەک دەروازەیەکی کەمێک ئاڵۆز و تەماوی بێتە بەرچاو بەڵام گرینگە بۆ سەرەدەری لە هونەری مامۆستایەتی. پێم وایە پاش خوێندنەوەی سەرلەبەری کتێبەکە، جارێکی دیکە ئەم پاژی یەکەمە بخوێنیتەوە، پتر سوودمەند دەبێت.

پێم وایە ئەم تێکستە بە پلەی یەکەم ڕووی لە سەرپەرشتیارانی فێرکاری و لە بەڕێوەبەرانی فێرگەیە، بەڵام بەتایبەتیش ئاڕاستەی ئەو سیاسەتمەدارانەیە کە سەروکاریان لەگەڵ سیستەمی فێرکاریدا هەیە. بناخەی باس بریتییە لەوەی چۆن ڕەوایەتیی زانستی بدەینە کاروبارێکی زووتر لە مێژوودا بناخەی دینی یان ئایدیۆلۆژی هەبووە. مەبەست ئەوەیە سەرنجی کەسانی کارا لە فێرکاریدا ڕابکێشین بۆ ئەو پێڤاژۆگەلەی زانیار کە لای مامۆستایان دێنە چەرخاندن. واتە دابینکردنی بناخەیەکی زانستی بۆ پرۆژەی فێرکاری.

Sten Arevik

2021-07-10

**سەلمێنەی کردەبەند - دەستپێک**

سالآنێکە چەمکی «سەلمێنەی کردەبەند»[3] لە نووسیار و ڕاپۆرتی زانستیدا بەکار دەهێنرێت بۆ ڕاڤەکردنی ڕێبازێکی جێگرەوە و تەواوکەری ئەو ڕێبازە[4] زانستییانەی برەویان هەیە لە سەلمێنەڕێژکردنی کاروباری جڤاکیدا - «کردەی سەلمێنەبەند».[5]

«سەلمێنەی کردەبەند» چێوەیەکی چەمکامێز پێشکەش دەکات بۆ دڵنیابوون لە بەها زانستییەکەی سەلمێنەیەک بەدەم کارەوە (لە کاروباردا) و لە هەلومەرجی دیاریکراودا هاتبێتە بەرهەم.[6] چەمکی «سەلمێنەی کردەبەند» بۆ ئەم مەبەستە لە چەند کاروبارێکی جڤاکیدا[7] هاتۆتە بەکارهێنان، بۆ نموونە: بارهێنانەوە،[8] تەندروستی، دەروونسارێژی، تیماری ئالوودەبوون، بەرەنگاربوونەوەی چەپاندن و هەروەها فێرکاری.[9]

لێرەدا باس لەو شاچەمکانە دەکەین کە لە چێوەی ئەم تۆژینەوەیەدا دێنە بەرباس و بەکاردەهێنرێن. لەوەش بترازێت باس لەو دۆخانەش دەکەین کە دەبنە مەرج بۆ داڕشتنی سەلمێنەی کردەبەند. مەبەستمان ئەوەیە پێشانی بدەین کە گشت یان بەشێک لەو زانیارە ئافرێنراوەی لە کارەکەی ئێمەدا ئەزموون دەکاتە بنەما، تەبایە لەتەک ڕاڤەی ئەو مەرجانەی تۆژینەوە پێشکەشیان دەکات دەربارەی سەلمێنەی کردەبەند.

مەبەست لە **«سەلمێنەبەند»** لە کاروباری جڤاکیدا بریتییە لەوەی پێشانی بدەین کە دروستیی بەستەری نێوان دەراو[10] لەم لا و ئارمانج لەو لای کاروبار، بە کردەوە (بە تەجرەبە) سەلمێنراوە. مەبەست لە دەراو: ئەو چالاکییانەیە کە داڕێژراون بۆ ئەو کاروبارە، مەبەست لە ئارمانج ئەو ئارمانجەیە کاروبارەکە پێکاوێتی.

ئەم **«سەلمێنەبەندکاری»**یە بە شێوازی جۆراوجۆر دێتە چەرخاندن. دەشێت لە دەرەوەی سنووری ئەو کاروبارە جڤاکییە بێتە بەرهەم، ئەویش لە ڕێی پەنابردنە بەر ڕێبازی هەمەجۆری زانستی بە مەبەستی وەدەستهێنانی سەلمێنە بۆ شێوازی شەتەکدانی ئەو کاروبارە بۆ ئەوەی بگاتە ئارمانجی دیاریکراو، واتە **«کردەی سەلمێنەبەند»**. بەڵام دەشکرێت **«سەلمێنە»** لە نێو ئەو کاروبارە جڤاکییەدا بێتە داڕشتن، لە ڕێی سوودوەرگرتن و داڕشتنی ئەو ئەزموونگەلە کردەکییەی مەرجی دیاریکراو پڕ دەکەنەوە، واتە **«سەلمێنەی کردەبەند»**.[11]

لە «تۆژینەوەی کارەکی»[12]ی ئەم ساڵانەی دواییدا، ڕەخنە و کێشەڕێژی[13] دەربارەی «سەلمێنەبەند»ی باو هاتوونەتە کایەوە. ئەوەی بۆتە مایەی سەرنج بریتییە لە کێشەی «ڕەوایەتیی دەرەکی».[14] «ڕەوایەتیی نێوەکی»،[15] بۆ نموونە لە دۆخێکی پەیوەست بە ئەزموونگە، نابێتە دەستەبەر بۆ «ڕەوایەتیی دەرەکی»، واتە نابێتە دەستەبەر بۆ چەرخاندنی ئەو سەلمێنەیە لە دەرەوەی دۆخی ئەزموونگەکەدا.[16] سەلمێنەبەند کێشەدارە - لە تۆژینەوەی ئەزموونەکیدا کێشەی «ڕەوایەتیی دەرەکی» هەیە، لە تۆژینەوەی مەیدانیی کارەکیدا کێشەی چەرخاندن هەیە.[17]

شاخاڵی ئەم ڕەخنەیە دەڵێت شێوازە باوەکانی پەنا بردنەبەر لایەنی سەلمێنەبەند لە کاروباری جڤاکیدا دەبێتە مایەی بچووککردنەوە، یان مەوداگیری لەو، کاروبارە جڤاکییە و لە خەسڵەتگەلی دۆخەکیی ئەو کاروبارە. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی سەلمێنەیەکی لە دەرەوەی کاروبارێک هاتبێتە داڕشتن، بە سەلمێنەیەکی «سازکراو» بێتە هەژمارکردن و سەختە برەو لەم کاروبارەدا پەیدا بکات.[18] بەگشتی کارمەند هەڵوێستێکی «ئامرازەکی»[19] لەم جۆرە سەلمێنەیانە دەگرێت، چونکە ئەو داڕشتنە باوانەی تێدا نییە کە لە best practice دا هەن و دەبنە یاریدەر بۆ چەرخاندنی ئەو سەلمێنەیە لە دۆخی جۆراوجۆردا.[20]

ئاماژە بەوەش دەکرێت کە کارمەند بەشدار نییە لە تۆژینەوەی نەرێتیدا کە کردەی سەلمێنەبەند دەکاتە بناخە و بەوەش مەودایەکی فرە بەرین دەکەوێتە نێوان تۆژینەوە و پراکتیکەوە. کارمەند لە باری وەهادا بڕوای نابێت، نە

به دەرئەنجامی تۆژینەوەکە و نە بە سەلمێنەکانی. لەوە دەچێت، ئەم سەپاندنی لایەنی سەلمێنەبەند لە کاروباری جڤاکیدا، گریمانەیەکی لە پشت بێت پێی وەها بێت مرۆڤی ئارمانجبینە و لە ئاست ئەو ئارمانجانەدا بژارەی هۆشەکی و ژیرانە دەگریتە بەر.[21]

لە چێوەی «سەلمێنەی کردەبەند»دا ئەم چوار شاچەمکە پەیدا دەبن:

1) پراکتیک
2) تۆژینەوە
3) سەلمێنە
4) گشتاندن

لەم بەستێنەدا ئەم چەمکانە کەمێک کێشەدار دەبن چونکە دەبنە خاوەن واتای تارادەیەک جیاواز لەوەی لە بەستێنی زانستیی دیکەدا هەیانە. لەبەر ئەوە وەها باشە واتا و هەڤبەندیی ئەم چەمکانە لە بەستێنی تۆژینەوە دەربارەی «سەلمێنەی کردەبەند»دا، ڕوون بکەینەوە. لەوەش بترازێت دەبێت بکەوینە ڕووماڵکردنی ئەو مەبەستانەی چەمکەکان ئاماژەیان پێ دەکەن و ئەو کارکردانەی ئەم بابەتانە هەیانە.

گەر بابەتەکانی ئەم چوار چەمکە ئاماژەیان پێ دەکەن لە هێڵکارییەکدا گرد بکەینەوە، دەبێتە بازنەیەک تێیدا زانستی سەلمێنەبەند لەگەڵ تۆژینەوەی کردەبەند - کە بریتییە لە گشتاندنی ئەو زانستەی لە کاروباردا «دۆخبەند»[22] کراوە - دەکەونە هاوسەما و کارلێک.[23]

«سەلمێنەی کردەبەند» ناڵێت مرۆڤ، بۆ ئەوەی سەلمێنە بۆ ئەو کاروبارە داڕێژێت، ناچارە مەودا لە کاروبارە جڤاکییەکە بگرێت. کاروباری جڤاکی بەستێنێکە تێیدا کات، جێگە، بابەت، کار، هۆکار، وردەکاری، کەسان و لایەنگەلی کارا، کردەوە، گفتوگۆ، یادەوەری، بیردانەوە، پەیوەستبوون، پێشمەرج و نەرێت تێهەڵکێشی یەکدی دەبن. ئەمیان دەبێتە بەستێنێک کارمەند هەم کاری تێدا بکات، هەم لە چێوەی مەرجی دیاریکراودا دەرفەتی هەبێت هەوڵی سیستەمبەندی نوێ پێش بخات بە مەبەستی گۆڕانکاری لە نێو ئەو کاروبارە جڤاکییەدا.[24]

لە چێوەی ئەو هەولانەی، لە دەراوی کاروباری جڤاکییەوە، گفتوگۆیانە دەربارەی دەرفەتسازی بۆ زانیارهەڵبەستنی ئەزموونبەند[25] تەنانەت چەمکی «تۆژینەوە» و «نۆرەی تۆژەر» (ڕۆڵی تۆژەر) واتای نوێ وەردەگرن. تۆژەر و تۆژینەوە تێهەڵکێشی کارمەند دەکرێن، دووریش نییە جاروبار هەر یەک کەس بن. کارکردی نۆرەی تۆژەر بریتییە لە سیستەماندنی کارگێڕییەکەی ئەو کاروبارە، پشتیوانیی بیردۆزەکی پێشکەش بکات، ئەنجام سیستەمبەند بکات، خۆی بکاتە فیلتەر، خەریکی چەمکاندنی نەخش[26] بێت و زەمینە خۆش بکات بۆ گشتاندنی ئەو نەخشانە.[27]

لە بواری «سەلمێنەی کردەبەند»دا، چەمکی «سەلمێنە» ئاماژەیە بە ئاگادارییەک ببێتە ڕێنوێنی کردار یان ئاگادارییەک تێچێن کرابێت لە بڕیارێکی نێو کاروبارێکی جڤاکیدا.[28] لە کاروباری جڤاکیدا، سەلمێنە وەک ئەزموون خۆی ڕەپێش دەخات، نەک وەک خەسڵەتێکی بابەتەکی، دەشکرێت لە سایەی مەرجی تایبەتدا وەک ئەزموونێکی چەمکامێز بێتە داڕشتن.

Simon و هاوکارانی، لە ڕاڤەی ئەم پرۆسەیەدا، دەڵێن: «سوودەکانی بەوە خویا دەبن کە مرۆڤ دەزانێت سەلمێنەی هەیە».[29] پاشان سەلمێنە، لە ڕێی پەیجۆری لە دۆخی بەستێنبەند و ئەزموونی کردەکی دەربارەی ئەو هەوڵە سیستەمبەندانەی گەیشتنە ئارمانج، پەیدا دەبن و دەکەونە گەشەکردن.[30]

ئاروینکردنی[31] سەلمێنەی کردەبەند دەبێت بنەمایەکی هەبێت لە بژارکاریی ڕەخنەگرانە بۆ دڵنیابوون لە دروستیی سەلمێنەکە و چەندوچۆنی پەیدابوونی. بە کردەوە کەسانێک لە کاروبارەکەدا خەریکی بژارکردن و هەڵسەنگاندنی سەلمێنە دەبن، واتە ئاروینکردنی سەلمێنە پێڤاژۆیەکی هەمیشەڕۆیە و لە بەستێنێکدا دەچەرخێت کارمەند تێیدا بەدەم کاری خۆیەوە دەرفەتی هەیە هەم فیدباک لە کاروبارەکە وەرگرێت و هەم لەو کاروبارەدا نموونە بدۆزێتەوە بۆ دروستاندنی سەلمێنەکە.[32]

بەگشتی، چەمکی « گشتاندن» دەکاتەوە گواستنەوەی ئەزموون لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە، واتە دەکرێت ئەزموونێک لە دۆخێکی دیکەدا بێتە چەرخاندن. لە زانستدا دەکاتەوە فرەواندنی ڕەوایەتیی زانیارێک زانستانە پەیدا کرابێت، بۆ بواری خاوەن هەلومەرجی دیکە. لە چێوەی ئەم جۆرە زانستکارییەدا، ئەو هەوڵانەی خەریکی سەپاندنی لایەنی سەلمێنەبەندن لە کاروباری جڤاکیدا، تێدەکۆشن بۆ گواستنەوەی زانیار لە بواری تۆژینەوەی بەستێنبەدەرەوە بۆ تاکی کارمەند. بەڵام لە هەوڵی کارەکیدا، ئەوەی مەبەستە بێتە گشتاندن، ئەوەیە کە لە خودی کاروبارە جڤاکییەکەدا بنرێژ کراوە، بەستێنرێژ کراوە.

ئەمە گشتاندنێکە خەسڵەتگەلی دۆخ ڕەچاو دەگرێت، ئەنجامگیری لە ڕەوشێکەوە (حاڵەتێکەوە) دەگوێزێتەوە بۆ ڕەوشێکی دیکە بە ڕەچاوگرتنی وێکچوون و هاوجۆریی سروشتە بەستێنبەندەکەی ئەو ڕەوشانە.[33] تۆژەران Lave & Wenger چەمکی «فێرکردنی دۆخبەند» بۆ فێرکردنێک بەکار دەهێنن کەسانی دیکەی نێو بەستێنی ئەو کاروبارە لێی سوودمەند بن.[34] Simons و هاوکارانی چەمکی «گشتاندنی دۆخبەند»[35] بەکار دەهێنن بۆ تێگەیشتن و خویاکردنی ئەو پێڤاژۆیەی مامۆستا تێیدا سەلمێنەی بەستێنبەند دەئافرێنێت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لە دۆخی دیکەدا لێی سوودمەند بن.[36]

## هەلومەرجی سەلمێنەی کردەبەند

تۆژینەوە دەربارەی «سەلمێنەی کردەبەند» ئەو پێشمەرجانە خویا دەکات کە دەرفەت خۆش دەکەن بۆ دارشتنی سەلمێنەی کردەبەند لە کاروباری جڤاکیدا. لەم بەشەدا ئەو مەرج و پێشمەرجانە دێنە ڕاڤەکردن و ئاماژەش دەدرێت بە چوار بەرهەمی زانستی. یەکەمیان Simons et al (2003) کە خەریکی هەڵسەنگاندنی بەرنامەیەکی فرەوانە دەربارەی فراژووتنی فێرکاری لە بریتانیا. پاشان Marginson et al (2000) دێت کە خەریکی ڕیشەدۆزییە لەو هەلومەرجانەی پێویستن بۆ ئەوەی سەلمێنەی کردەبەند دەرفەتی هەبێت وەک پارادیگم[37] کارا بێت بۆ پێشخستنی کاروبار لە بواری دەروونسارێژیدا.[38] ئەوجا Fox (2003) کە مۆدێلێکی کارەکیی تۆژینەوە پێشکەش دەکات بۆ ئافراندنی سەلمێنەی کردەبەند لە کاروباری فێرکاریدا، چوارەمیش McDonald & Vielbeck (2007) ـە ستراتیژێک ڕاڤە دەکات بۆ گەشەدان بە «سەلمێنەی کردەبەند» لە بواری تەندروستیی گشتی Public Health ـدا. جگە لەوەش ئاماژە دەکەین بە Lave & Wenger کە چەمکی «سەلمێنەی کردەبەند» بەکار ناهێنن بەڵام زۆر لە تۆژەرانی بواری «سەلمێنەی کردەبەند» ئاماژەیان پێ دەدەن.[39]

هەوڵە کارەکییەکان جەخت دەکەن لەسەر ئەو هەلومەرجە تایبەتانەی هەن لە کاروبارە جڤاکییەکەدا. ئەم هەلومەرجە تایبەتانە کێشە نین مرۆڤ مەودایان لێ بگرێت، بەڵکوو شامەرجن بۆ ئەوەی هەڵبەستنی زانیار-ی ئەزموونبەند دەرفەتی هەبێت سەلمێنەی وەها پێشکەش بکات گشتڕەوا[40] بن. لەم چێوەیەدا جۆرێکی دیکەی

زانیارنۆڕی[41] هەیە: زانیار بابەتێکی گەردوونیی یەکجۆر نییە مرۆڤ بیهێنێت و بیچەرخێنێت. وەدەستهێنانی زانیار (سەلمێنە) بۆ چەرخاندن لە کاروباری جڤاکیدا پێڤاژۆیەکە هەم دۆخبەند و هەم مەرجدار.[42]

ئەو کارمەندانەی لە چێوەی کاروبارێکی جڤاکیدا کاران دەبێت لە سازمانێکی ساختاربەنددا جێگیر بن. سازمانێک بە دەستەواژەی وەک: پەیوەستی کردەکی، ژێرخان یان تەونی هاریکاری، ڕاڤە کرابێت.[43] ساختارەکەش دەبێت وەڵامدەرەوەی مەرجی جۆرەکیی دیاریکراو بێت، دەبێت سیستەمێکی سنووردار بێت ئەندامان خولیا، دڵگەرمی و مۆڵەتدارێی تێیدا بەش بکەن. ئەندامان لەم ساختارەدا خەریکی ئافراندنی تۆماری هاوکۆن بۆ بەرنامەی پێویست لەو سەرچاوانەی هەن لە کاروبارەکەدا، بۆ نموونە ڕاڤەکاری، دەستاوێژ، ڕوتین، ڕێسا، وێنای هزری و هێما. ئەم سەرچاوانە دەبنە مایەی پەیدابوونی دەرکی هاوکۆ لە کاروبارەکە، فراژووتنی پیشەوەری و ناسنامەی پیشەیی. ئەندامان لەم ساختارەدا کاروبار بەش دەکەن، لە کاروبارەکەشدا گونجاندن و کارامەیی هەیە لێی سوودمەند بن. کەواتە تەنانەت لایەنی دژواریش لە کاروبارەکەدا دەکرێت بێتە مایەی سەرنجدان و چەمکامێزاندن.[44]

هەڵسەنگاندنی فێرگەیەکی ستۆکهۆلم دیاردەیەکی پێشان دا هەم بۆ کەسانی هەڵسەنگێن و هەم بۆ ڕێبەرایەتیی فێرگەکە مایەی سەرسووڕمان بوو: مامۆستایان کە دێنە سەر باس لە هۆکاری هەرە گرینگ بۆ فراژووتنی پیشەوەرانەی خۆیان ئاماژە بە ساختاری هاوشێوەی نافەرمی دەکەن.[45] لە تۆژینەوەی سەربە گوزەرانی کاریشدا ساختاری لەو جۆرە دێنەوە بەرباس.[46] تەنانەت لە مۆدێلەکانی Lesson Study دا «ساختاری نافەرمی» دەبنە سەرشار.[47]

لەم جۆرە ساختارانەدا مەرج بۆ ڕاگەیاندن و سێرەی ڕاگەیاندن دێتە دارشتن. ڕاگەیاندن لە کاروباری جڤاکیدا دەبێت بە شێوەیەک بێتە ڕێکخستن دەرفەت ساز بکات هەم بۆ کارلێکی سیستەمبەند و سەرنجگیر، هەم بۆ بێنەوبەرەی پیشەوەرانە دەربارەی ڕووکارە[48] گرینگ و دژوارەکانی ئەو کاروبارە. ڕاگەیاندن دەبێت کێشەدۆز و پەیجۆر بێت. نابێت خەریکی دۆزینەوەی چارەسەر بێت بۆ کێشەی وەها کە بەردەوام پێویستی بە چارەسەری نوێیە.[49] خەسڵەتی ڕاگەیاندنی باش بریتییە لە ئاواڵەبوون، بەشداریی کۆیەکی، ڕوانگەی هاوبەش، ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و ستراتیژ، ڕووماڵکردنی ئەزموون و هەروەها خویاکردنی نەخش و ئەوجا چەمکاندنی ئەو نەخشانە.[50]

ڕاڤەکردنی ڕەوش شاخاڵە و دەبێتە چەمکامێزاندنی[51] بەرزێ[52] ی وەها ببێتە بنگە و دەراو بۆ گفتوگۆکاری[53] و بێنەوبەرەی هەڤاڵانە.[54] لەبەر ئەوەی ڕاڤەکردنی ڕەوش بەشێکە لە ساختارێکی هاوکۆ و لە ساختاری کاروبارەکەدا کاری پێ دەکرێت، دەبێت زەمینە ساز بکات بۆ هەبوونی ڕوانگەی جۆراوجۆری بەرشیانی هەڵسەنگاندن.[55]

مەرجێکی دیکەی «سەلمێنەی کردەبەند» بریتییە لە ئامادەبوونی بیردۆزە لەو کاروبارە جڤاکییەدا. هاریکاری و بێنەوبەرەی هەڤاڵانە دەکاتەوە نێزیکبوونەوەی بیردۆزە و پراکتیک، چونکە کارمەندی جیاواز ڕووکاری جیاواز لە بیردۆزەکە پێشکەش بەو هەڤاڵەتییە دەکەن، بەوەش ئاستی بیردۆزەکیی کارمەندان هەڵدەکشێت. بیردۆزە بەشێکە لە ڕوانگەی کارمەندان و بەو جۆرەش کارمەندانی دیکە دەبنە بەشدار لە چەندین ڕوانگەی بیردۆزەکیدا. بیردۆزە بۆ دارشتنی سەلمێنەی کردەبەند دەبێتە سەرچاوە، دەشبێتە دەستاوێژ بۆ لەفیلتەردان، چەمکاندن و ساختاربەندیی نەخش لە کاروباردا، بەوەش دەبێتە یاریدەر بۆ گشتاندنی ئەو نەخشانە.[56] کەسێکی پتر بیردۆزەزان بێت لە کاروبارەکەدا دەبێتە کاتالیست[57] بۆ بیردانەوەی ساختاربەند لە کاروبارەکەدا.[58]

لە ڕاپۆرتەکاندا داخوازیی هەڤبەندکارانەش کراونەتە مەرج بۆ ئەوەی «سەلمێنەی کردەبەند» بێنە دارشتن. بنەمای هەڤبەندیی نێوان ئەندامان، گەر لە ئاستی جیاوازیشدا بن، هەر دەبێت بڕوا، متمانە و سینەفرەوانی بێت.

ژینگەی کار دەبێت زەمینەساز بێت بۆ دڵگەرمی، ڕاشکاوی، بەرابەری و هاوپەیوەستبوون.[59] ئەمانە خاڵگەلێکن زۆر لە تۆژەرانی دیکەش، کە دێنە سەر باسی پێڤاژۆی هەڵبەستنی زانیار-ی ئەزموونبەند، ئاماژەی پێ دەدەن.[60]

مەرجێکی دیکە هەیە دەڵێت جۆرایەتیی ئەو شرۆڤەکارییانەی دێنە بەرهەم دەبێت خەریکی پەیدۆزی بێت لە هەڤبەندیی هاونەخش لە کاروبارەکەدا: خەسڵەتی تاکبابەت، هەلومەرجی بەستێنبەند و هەروەها ئەزموون و کردار لە ڕەوشی وەهادا کە جیاوازن لە یەکدی.[61]

Simons و هاوکارانی لە ڕاڤەکردنی ئەو پێڤاژۆیەی «سەلمێنەی کردەبەند» بەرهەم دێنێت، دەڵێن پێشڤەچوونێکە[62] خاوەن سێ هەنگاو[63] و ساختارێکی پێشڤەچوونە کە دەبێتە پێشمەرجی پێویست بۆ پەیدابوونی «سەلمێنەی کردەبەند». تۆژینەوەی دیکەی وێکچوو هەن، بە چەمکی جیاوازەوە دەبنە تەواوکەری ئەو دیدە و ئەمانیش دەڵێن پێشمەرجێک بۆ پەژراندنی «سەلمێنەی کردەبەند» بریتییە لە ئاروینکردنی سەلمێنە و ڕەوایەتیی ئەو سەلمێنەیە لە سێ نهۆمی جیاوازدا: تاک، هەڤاڵەتی و کۆیەکی.[64]

ئاروینکردنی سەلمێنە لەو هەنگاو یان نهۆمە جیاوازانەدا پێویستی بە فراژووتنی پیشەوەرانەیە لە هەر نهۆمێکدا. کاتێک Simons و هاوکارانی دێنە سەر باسی ڕووکارە گرینگەکانی هەنگاوی یەکەم، نهۆمی تاک، باس لەو هەلومەرجە بنەڕەتییەش دەکەن کە پێویستە بۆ فراژووتنی سەلمێنەی کردەبەند. لە نهۆمی تاکدا، مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەمبەند خەریکی گردکردنەوەی ئاگاداریی سەربە فێرکارییە. ئاگاداریی وەهای پرسیار داگیرسێنێت، بەرسف بدات، بەرسڤی وەهای ئاروین بکرێت، شرۆڤە بکرێت و ببێتە مایەی تێڕامان. لێرەدا تێگەیشتن و ئاشنابوونی کەسەکی خویا دەبێت.[65] کارمەند توانای هەبێت سەرنج لە ڕووکاری گرینگ گیر بکات و خاوەن پەیبردنی وەها بێت لەگەڵ کاروبارەکەدا هاودەنگ بێت.[66]

پاش یان تەریب لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا، هەنگاوی هەڤاڵەتیش دەبێت گەشە بکات. پەیوەستێکی پیشەوەرانە پەیدا دەبێت، تێیدا هەڤاڵان خەریکی ئاڵوگۆڕی تۆژینەوەن، کێشە و پرسیاری هاوبەش دەبنە مایەی دیاربوونی هەر کەسێک لە جێوڕێی خۆیدا. لەم چێوەی هەڤاڵەتیدا سەلمێنەکان ئاروین دەکرێن، چونکە هەڤاڵان وێکڕا هەڵوێست دەگرن، خەریکی ئاروینکردن دەبن، دەیکەنە گفتوگۆ و تێڕامان. کاروبار لێرەدا سەلمێنە ڕەپێش دەخات، بەڵام سەلمێنەیەک کە بۆی ناچێتە دەستەواژەی زانستییەوە.[67] Marginson و هاوکارانی ڕوونی دەکەنەوە چۆن، لەو کاروبارە جڤاکییانەی ئەمان خەریکی تۆژینەوەی بوون، دەستتێوەردان لە ئاستی وردەکاریدا دەبێتە مایەی فراژووتنی کارامەیی و کەمکردنەوەی کاری ناپێویست - بۆ نموونە لە ڕێی وەڵامدانەوەی زارەکییەوە کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئاشکرابوونی هۆکاری یەکلاکەرەوە.[68] ئەم نهۆمی هەڤاڵەتییە دەبێتە سەکۆیەک بۆ دیاریکردنی چارەسەر بۆ کێشەی هاوکۆ لە بەستێنی هاوکۆدا. کارمەندان لە ڕێی بۆ نموونە گفتوگۆی هاوبەش، هەورەجڤین، تەلەفۆنجڤین و سیستەمی فیدباک، دەکەونە کارلێک.[69]

لە نهۆمی سێهەمدا، شاخاڵەکانی هەردوو هەنگاوی زووتر، فرەوانتر دەکرێن بۆ ئەوەی لە ڕووبەرێکی بەرینتردا بچەرخێن و بگەنە کارمەند و تۆژەری دیکە.[70] لێکدانەوەی ئەنجامەکان لە نهۆمێکی گردەواردا دەکرێت[71] و سەلمێنە وەک تێکبەستەیەکی سەرنجڕاکێش، نەک وەک ئاگاداریی پارەپارەی دابڕاو، دێتە پێش. ئەوسا دەبینین کە سەلمێنەکە لە پەیوەستێکی بەرینتردا دێتە پەژراندن. ئەوەی لە نهۆمێکی گشتیدا دەبێتە مایەی پەیدۆزی و فراژووتن، برەو لە شەبەنگ و مەودایەکی بەرینتردا پەیدا دەکات. ئەوجا دەبینە خاوەن ئاگایی لەوەی دەشێت ئەم سەلمێنەیە گەییشتبێتە ئاستی گشتاندن بۆ بواری فرەوانتر.[72]

**پێشاندەری سەلمێنە**

ئەو هەلومەرجانەی تۆژینەوە لە سەلمێنەی کردەبەند باسی لێ دەکەن، هاوکۆ نین، چونکە باسیان لە کاروباری جڤاکیی تایبەتە، نەک گشتی، بەڵام دژوەستاوی یەکدیش نین. ئێمە لێرەدا تێکبەستەیەکی ساختاربەند، لە «پێشاندەرانی[73] سەلمێنە» بۆ سەلمێنەی کردەبەند، پێشکەش دەکەین. ساختارێک بشێت وەک ساختارێکی هاوکۆ، بچووکترین «ژێربەشی هاوبەش»[74] تەماشا بکرێت.

- **ساختاری کاروبار**
  - ❖ دەبێت وەڵامدەرەوەی مەرجی جۆرەکیی بڕیاردراو بێت
    - سیستەمێکی سنووردار
    - خولیا و دڵگەرمیی هاوبەش لای ئەندامان
    - ئەندامان لە کاروبارەکەدا مۆڵەتدارن.

- **دەرککردنی کاروبار**
  - ❖ ئەندامان خاوەن دەرکی هاوکۆن لە کاروبارەکە بەوەش توانای خۆگونجاندن و چارەکردنیان لە کاروبارەکەدا هەیە.

- **سەرچاوەی بەرهەمهێن**
  - ❖ ئەندامان بوونەتە خاوەن تۆماری هاوکۆ لە سەرچاوەی بەرهەمهێن بۆ کاروبارەکە، بۆ نموونە ڕاڤەکاری، مۆدێل، ڕوتین، ڕێسا، وێنای هزری و هێما.

- **ڕووکاری دژوار**
  - ❖ ڕووکارە دژوارەکانی کاروبار لای ئەندامان دەبنە مایەی سەرنجدان و چەمکامێزاندن.

- **هەلومەرجی ڕاگەیەن**
  - ❖ کارلێکی سەرنجگیری سیستەمبەند
  - ❖ بێنەوبەرەی پیشەوەرانە دەربارەی ڕووکارە گرینگ و دژوارەکانی ئەو کاروبارە
  - ❖ ڕاگەیاندنی کێشەدۆز و پەیجۆر
  - ❖ ڕاگەیاندنی متمانەبەخش و سینەفرەوان
  - ❖ بەشداریی کۆیەکی و ڕوانگەی هاوبەش

- ❖ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و ستراتیژ.

- **ڕاڤەکردنی ڕەوش**

- ❖ ڕاڤەکردنی ڕەوش دەبێتە بنەما بۆ گفتوگۆکاری و بێنەوبەرەی هەڤاڵانە
- ❖ ڕاڤەکردنی ڕەوش دەبێتە چەمکامێزاندنێکی «بەرزێ» و زەمینە ساز دەکات بۆ ئەندامان توانایان هەبێت کاروبارەکە لە هەلومەرجی دژواریشدا بچەرخێنن.

- **بیردۆزە**

- ❖ بیردۆزە لە کاروبارەکەدا کارایە
- ❖ بیردۆزە دەبێتە بەشێک لە ڕوانگەی ئەندامان و بەوەش ئەندامانی دیکە دەبنە بەشدار لە چەندین ڕوانگەی بیردۆزەکیدا
- ❖ بیردۆزە دەبێتە پشتیوان بۆ داڕشتنی سەلمێنەی کردەبەند و دەشبێتە ئامراز بۆ لەفیلتەردان و بۆ چەمکامێزاندن و ساختاربەندکردنی نەخش لە کاروبارەکەدا. بەوەش دەبێتە یاریدەر بۆ گشتاندنی ئەو نەخشانە.

- **مەرجی شرۆڤەکردن**

- ❖ شرۆڤەکاری خەریکی پەیدۆزییە لە هەڤبەندیی هاونەخش لە کاروبارەکەدا: خەسڵەتی تاکبابەت، هەلومەرجی بەستێنبەند و هەروەها ئەزموون و کردار لە ڕەوشی وەهادا کە جیاوازن لە یەکدی
- ❖ پاشان بەدەم کارەوە چەمکامێزاندنی ئەو هەڤبەندییانەی نەخشباو.

- **ساختاری پێشڤەچوون**

❖ ئاروینکردنی سەلمێنەی کردەبەند پێویستی بە ساختارێکی پێشڤەچوون هەیە بە سێ نهۆم: تاک، هەڤاڵەتی و کۆیەکی

❖ لە نهۆمی تاکدا، مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەمبەند خەریکی گردکردنەوەی ئاگاداریی سەربە فێرکارییە

- لێرەدا تێگەیشتن و ئاشنابوونی کەسەکی خویا دەبێت
- کارمەند توانای هەیە سەرنج لە ڕووکاری گرینگ گیر بکات و خاوەن پەیبردنی وەهایە لەگەڵ کاروبارەکەدا هاودەنگ بێت.

❖ لە نهۆمی هەڤاڵەتیدا پەیوەستێکی پیشەوەرانە پەیدا دەبێت، بارودۆخی هەر کەسێک بە کێشە و پرسیاری هاوکۆوە بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت

- لەم چێوەی هەڤاڵەتیدا سەلمێنەکان ئاروین دەکرێن، چونکە هەڤاڵان وێکرا هەڵوێست دەگرن، خەریکی ئاروینکردن دەبن، دەیکەنە گفتوگۆ و تێڕامان
- دەستتێوەردان لەم ئاستەدا دەبێتە مایەی فراژووتنی کارامەیی و کەمکردنەوەی کاری ناپێویست - بۆ نموونە لە ڕێی وەڵامدانەوەی زارەکییەوە کە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئاشکرابوونی هۆکاری یەکلاکەرەوە
- ئەم نهۆمی هەڤاڵەتییە دەبێتە سەکۆیەک بۆ دیاریکردنی چارەسەر بۆ کێشەی هاکۆ لە بەستێنی هاوکۆدا.

❖ لە نهۆمی کۆیەکیدا شاخاڵەکانی هەردوو نهۆمی پێشتر فرەوانتر دەکرێن بۆ ئەوەی لە ڕووبەرێکی بەرینتردا بێنە چەرخاندن

- لێکدانەوەی ئەنجامەکان لە نهۆمێکی گردەواردا دەکرێت
- سەلمێنەکە لە پەیوەستی بەرینتردا دێنە پەژراندن.

«...»

## پێنج ڕووکار لە کارامەیی پیشەوەرانەی فێرکردن

### کارامەیی دیداکتیکانە - پیشەوەرانەی فێرکردن - بریتییە لە چی؟

مرۆڤ، نێزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر، لە یۆنانستانی دێرین کەوتە سەر هەڵێنجانی زانست لە فێرکاری - ئەوان ئەم زانستەیان بە هونەری فێرکردن ناودێر کرد و جەختیان لەسەر ئەوە بوو کە فێرکاری کاروبارێکە پێویستی بە «زانستێکی کارەکی» هەیە، زانست دەربارەی ئەوەی چی لەم کاروبارەدا باش دەچەرخێت یان ناچەرخێت. لەوەش بترازێت پێویستی بە زانیارە دەربارەی ناواخنی فێرکردنەکە و هەروەها پێویستی بە بەهرەی هزری، هونەری، ڕاگەیەن[75] و ئافرێنەرانە هەیە.

### ناتوانیت دوو جار بچیتە هەمان ڕووبارەوە

وەها باوە ئەمە ڕاگواستەی یەکێک لە فەیلەسووفانی یۆنانی بێت. مەبەست لێی ئەوەیە گشت جیهان هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، هیچ شتێک لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەک وەک خۆی نامێنێت. مامۆستایش دەبێت بزانێت کە ناشێت هەمان کار لە یەک پۆلدا وەک خۆی دووبارە بکاتەوە.

لەبەر ئەوەیە مامۆستا پێویستی بە کارامەیی پیشەوەرانەی فێرکردن هەیە تا بتوانێت دەروەستی گۆڕانکاریی بەردەوام و بەرۆکگیریی نوێ بێت. وەرن وێکڕا لە پێکهاتەکانی ئەم کارامەیی پیشەوەرانەی فێرکردنە ورد ببینەوە.

خەسڵەت هەن پێمان خۆشە لای گشت مرۆڤێک هەبێت، بەتایبەتی مامۆستا:

- توانستی لێبیستن و هاوسۆزی، واتا توانستی پەیبردن بە ڕوانگەی بەرانبەر.
- توانستی چەرخاندنی گوتوبێژی سازەندە و پێشاندانی نیشانەی ئایەتی (پۆزەتیڤ) تەنانەت بە زمانی لەشیش.
- توانستی دەربڕینی ساختاربەند و ڕوون لە ئاستێکدا هەمواری بارودۆخ بێت.
- توانستی نەرمەکاری و ئامادەبوون بۆ گۆڕانکاری.

لەوانەیە وەها بێتە پێش چاو کە ئەمانە مەرجی گرانن لەسەر مامۆستا - ئەرێ، مەرجی گرانن، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە ئەم پیشەیە لەوانەیە گرینگترین پیشە بێت. مامۆستایەتیی باش دەکاتەوە دڵگەرمی، پەرۆشی، ویست، ڕژدبوون و کاری سەخت. ئەوەی دەروەستی مامۆستایەتی نایەت، بەگشتی، هەر خۆی ئەم پیشەیە جێدەهێڵێت.

ئەم لیستی کارامەییەی لێرەدا دێتە ڕیزکردن باسێکی نوێ نییە. لەمێژە هەم تۆژینەوەی بواری پێداگۆگیک و هەم ئەزموونی فێرکاری بە شێوازی هەمەڕەنگ ئاماژەیان پێ داوە - ڕیشاڵیشی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانستانی دێرین. بەڵام دارشتنە هاوچەرخەکان پتر لە بریتانیای ساڵانی شێستەوە هاتنە ئافراندن. زانایان لەوێ کەوتنە ڕیشەدۆزی و ئاشکراکردنی ئەو زانیار و کردارەی مامۆستا کە دەبووە هۆی سەرکەوتنی بەرز لە پێکانی ئارمانجی فێرکاریدا.

**لێرەدا باسمان لە پێنج ڕووکاری کارامەییە:**

1- کارامەیی یەکەم: بابەتزانی - شارەزابوونێکی گونجاو لە ناواخنی بابەت

2- کارامەیی دووهەم: وانەبێژی - بەرجەستەکردن و گەیاندنی ناواخنی بابەت لە فێرکردندا

3- کارامەیی سێهەم: شارەزایی دەربارەی بەرۆکگیرە دەروونی - جڤاکییەکانی فێرکاری

4- کارامەیی چوارەم: شارەزایی دەربارەی هەڵسەنگاندنی زانیار و فراژووتنی زانیار

5- کارامەیی پێنجەم: دەرکی بیردۆزەکی و زانستیی پەیوەست بە کاروباری فێرکاری

**کارامەیی یەکەم: بابەتزانی - شارەزایی گونجاو لە ناواخنی بابەت**

**دەستپێک**

فێربوون چۆن دەچەرخێت، مرۆڤ چۆن فێری بابەتی نوێ دەبێت و ئێمە چی و چۆن دەکەین بۆ فێربوونی ئەو بابەتەی مەبەستە فێری ببین؟ دروستە فێربوون و فێرکردن ڕەهەندی کۆنەساڵیان زۆرە، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمە هەلومەرجی نوێی هەیە بۆ ئاگاداری،[76] زانیار و فێربوون. ئەم سەردەمەی ئێمە داوای بەرسڤی نوێ دەکات بۆ پرسیاری کەڤنار:[77] زانیار چییە؟ کام زانیار گرینگە؟ فێربوون چۆن دەچەرخێت؟ چی بۆ من گرینگە؟ چۆن بتوانم هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەم هەبێت لە گشت ئەم ئاگادارییەی لە دەوروبەردا هەیە؟ ئەم سەردەمە بەرسڤی چۆنی گەرەکە؟

لەم نووسیارەدا خەریکی ئەو جۆرە پرسیارانە دەبین.

- **هەر بەڕاست ئێمە دەزانین فێربوون چۆن دەچەرخێت؟**

ئەرێ، خۆشبەختانە زانینێکی فرەوانمان لەو بوارەدا هەیە لەبەر ئەوەی ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەو زانیارەی لە ڕووی فەرهەنگییەوە گرینگە، لە گشت جڤاکێکدا شاپرس بووە. هەر دەڵێیت جڤاک سۆسەوارانە[78] پەی بردووە بەوەی گەر لە گواستنەوەی زانیاردا بۆ نەوەی نوێ کورتی بهێنێت ئەوا ئەو جڤاکە دەڕووخێت. لەبەر ئەوە مرۆڤایەتی لەم باسەدا خەمسارد نەبووە. ئەوجا لەم سەردەمە نوێیەدا ئەو سۆسەکاریی فێرکردنە کراویشەتە زانست و زانینی گرینگ لە لایەن فەیلەسووفان، دەروونناسان، مامۆستایان و جڤاکناسانەوە هاتوونەتە داڕشتن.

- **باشه مرۆڤ زووتر چۆنی کردووە؟**

مەبەست لە «زووتر» لێرەدا، سەردەمی بەر لە بنگەڕێژکردنی[79] خوێندنە لە ڕێی فێرگەی گەلێرەوە. لەم فێرگە گەلێرەدا جەختی پتر خرایە سەر ڕێسا و ڕێکوپێکی، ڕاهێنان و جڵەوگیری — نەک سەر زانیاری فەرهەنگبەر. لەوانەیشە هەر ئەوە بووبێت جڤاکی پیشەساز بە پێویستی زانیبێت: ڕاهێنان و جڵەوگیری. ئەمەیە مەبەست لە «پلانی پەنهانی فێرکاری».

ئەمجا نەریتێک بووە باو فێرخواز تێیدا دەبا بکەونە ئەزبەرکردنی بابەتی وەهای تێینەدەگەیشتن، لەبری پەیبردن بەو بابەتانەی لە جڤاکدا گرینگن. ئەوەی لە کۆتایساڵی خوێندندا لای فێرخواز دەمایەوە پتر جڵەوگیری بووە نەک ناواخنی زانیار.

گەرچی زووتریش فێرکردن شێوازی فرە نایابی هەبووە، بەڵام جڤاکی پیشەسازی ئەم بنگەڕێژکردنەی فێرگەی بە گۆڕانکارییەکی پێویست زانیوە.

- **گۆڕانکارییەکی پێویست**

لە سەدەی نۆزدەیەمدا فێرکاری لە وەڵاتی سوێددا کەوتە بواری فەرمییەوە و لە ژینگەی خۆرسکی فێرخوازەوە - کە دەکاتەوە خێزان و گوند - گوێزرایەوە بۆ فێرگەی گەلێر. لەم پێڤاژۆی بنگەڕێژکردنەدا بابەتی گرینگ لەنێوچوون بەڵام پیشەسازی ئەم گۆڕانکارییەی کردبووە «مەرج».

زووتر، بەر لە «ڕاهێنانی زانیار»ی نێو فێرگەی گەلێر و هەروەها تەربیبیش لەتەک ئەو پێڤاژۆیەشدا، هەمیشە گواستنەوەیەکی ڕەسەنی زانیار بوونی هەبووە. ئەوەی لەم گواستنەوەی زانیاردا هاوڕەنگە، لە «جڤاکی گردەکار و ڕاوپیشە»[80]-وە هەتا بەستێنە فەرهەنگییە فرەجۆرەکانی ئەم سەردەمە، بریتییە لەوەی زووتر زانیار لای نەوەی نوێ لە بەستێنی واتاداردا، لە گشتەی بەردەرکدا،[81] هاتۆتە بەرهەم - مرۆڤ لە ئاودا فێری مەلە دەبێت نەک لە ژووری پۆلدا. لەم بارەدا زارۆک و فێرخواز لەو فێرکردنەدا باشتر پەی بە واتا و مەبەستی بابەت دەبەن و هەستی پێ دەکەن.

کەواتە ئێمە دەبێت بە شێوازێکی بەردەرک واتا بدەینە ناواخنی فێرکارییەکە، ئارمانجمان چییە، دەمانەوێت بگەینە کوێ، منی فێرخواز کە فێری ئەم بابەتە بووم چی دەزانم و چی دەتوانم. ئەمەیە ئەمڕۆ زۆر بەرباسە و بووەتە شاخاڵی «هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ»[82] و نێوەندی «جڤاکی شێوەڕێژ».

- **زووتر وەها دەچەرخا**

فێرکاری، هەتا نێزیکە سەدوپەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، بە شێوازیکی دیکە هەڵدەسووڕا — زانیار و توانست لە بەستێنی خۆڕسکدا تێهەڵکێشی جیهانبینیی فێرخواز دەکرا و بەو جۆرە جێگیر دەبوون. مرۆڤ لە فەرهەنگدا پەی بەم باسە بردووە و نەوەی نوێ لە بەستێنی ڕەسەندا بەرکەوتیان هەبووە لەتەک کەسانێکی لە بواری خۆیاندا زانا و زانیاربەر.[83] ئەم زانیارە لە داستان، ئەفسانە، ڕێوڕەسم و چیرۆکدا تۆمار کراون. بەرپرسانی ئەم ئەرکەش گشتیان خاوەن پێگەی ڕێزدار بوون، بە میرزا، زانا، فرەزان و مامۆستا… هتد ناودێر کراون.

لەم سەردەمەی تەکنیک و بیردۆزەیەی ئێمەدا نە دایکوباب، نە کەشیش و نە فرەزان فریا ناکەون. لەم ڕۆژگارەدا پیشەیەکی سەرلەبەر پەیدا کراوە بۆ خەریکبوون بە فێرکارییەک کە ئەم دونیا بیردۆزەکییە دەیخوازێت.

## زانیار – بەرۆکگیرییەکی هەمیشەیی

### - زانیار و دابینکردنی بژێو

دابینکردنی گشت جۆرە بژێوێک پێویستی بە زانیارە. لەبەر ئەوەیە گواستنەوەی زانیار بەرۆکگیرییەکی مەزنە. زارۆک دەبێت ئامادە کرابێت ئەرک بگرێتە ئەستۆ گەر دایکوباب توانایان لە کزیی دا. لێرەدا دەکەوینە پەیجۆری لەوەی بۆچی ئەو زانیارەی جڤاکراگرە بەپێی زەمان و زەمین دێتە گۆڕین.





### - خۆراک یان مەرگ

تۆ شارەزای بەشێک لە مێژووی مرۆڤایەتیت و بەگشتیش دەتوانیت خەریکی شۆپهەڵگرتنەوەی[84] فراژووتنی مرۆڤ بیت، لەو سەردەمەوە کە ڕاوچی بووە لە چاخی بەردیندا هەتا ئەم سەردەمە تەکنیکباڵایەی ئەمڕۆ. تۆ دەزانیت کە گرینگترین خاڵ بۆ هەر مرۆڤێک و هەر جڤاکێک پەیداکردنی خۆراکە – دابینکردنی بژێوە. ئەمیان سەرنەگرێت، مرۆڤەکە دەمرێت و چڤاکیش خاپوور دەبێت.

کەواتە جڤاکی مرۆڤایەتی بەدەم کاتەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. مرۆڤیش بەردەوام شێوازی نوێی دۆزێتەوە بۆ دابینکردنی بژێو. لەوەشەوە هەم زانیار و هەم توانستی گرینگ بۆ دابینکردنی بژێو، هاتوونەتە گۆڕان.




**- زانیار گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

گشت جڤاکی مرۆڤایەتی، لە جڤاکی گردەکارەوە هەتا ئەمڕۆ، بەرۆکگیرییەکی دیکەشیان هاوکۆ بووە: چۆن ئەم زانیارەی بۆ بەردەوامیی ژیان گرینگەی بگوێزینەوە بۆ نەوەی نوێ؟ بە کورتی: زارۆک و جەوان چۆن فێر بکەین؟

فەرموو تۆ و ئەم مۆدێلە، باس لە سێ جڤاکی مرۆڤایەتییە:

1. جڤاکی گردەکار و ڕاوپیشە
2. جڤاکی کشتوکاڵ
3. جڤاکی IT

هەر یەک لەم سێ جڤاکە سێوێک دەکاتە بنەما، سێو هێمایەکی دێرینە بۆ زانیار. هەر جڤاکێک بناخەی خۆی هەیە لە زانیار، بەڵام زانیاری فرەجۆر، سێوی فرەجۆر. خاڵی دابڕن بۆ هەرمانی جڤاک بریتییە لە گواستنەوەی ئەو زانیارە بۆ نەوەی نوێ.

بەرانبەر ئەو سێ جڤاکە، سێ جۆر زانیار ڕاگرە:

1. زانیار-ی دەست و لەش
2. زانیار-ی زمانەکی و بێژکار
3. زانیار-ی زانستانەی بیردۆزەکی

لە جڤاکی ڕاوپیشە و کشتوکاڵدا زانیار-ی دەست و لەش دابڕ بووە. مرۆڤ دەست و لەشی بەکارهێناوە بۆ ڕاو، بۆ ئافراندنی کەلوپەلی پێویست و بۆ کشتوکاڵ. لەوێدا مەودای زانیار-ی زانستی و بیردۆزەکی بەرین نەبووە، نە تاک نە جڤاک پێویستی پێ نەبووە. بەڵام جڤاکی ئەم سەردەمە زانیار-ی بیردۆزەکی

دەکاتە پێشمەرج. ئەوجا هەر بۆ ئەوەی جڤاک بەردەوام بێت، پێویستە فێرخواز پەی بە زانیار-ی بیردۆزەکی بەرن، دەنا ناتوانن بەشداری جڤاک بن.

- **زانیار-ی دەست و لەش**

زانیار و توانست هەیە، جاروبار بێ ئەوەی بیریشی لێ بکەینەوە، لە دەست و لەشدا جێگیرن. باوە دەڵێین لە «بیری لەش»[85]دا جێگیرن. مرۆڤ فێر دەبێت لەش بەکار بهێنێت بۆ ئەنجامدانی کارێک. تۆ یەک جار فێری مەلە یان دووچەرخەسواری دەبیت، پاشان «دێتەوە بیرت» بێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە.



*ئاسنگەر لە نێزیکەی گشت جڤاکی مرۆڤایەتیدا پایەدار و گرینگ بووە. ئاسنگەر وەستای کارزان بووە. کەم کەس دەروەستی بەرهەمی ئاسنگەر هاتووە — چەک و ئامێر لە مێتال.*

- **زانیار-ی زمانەکی و بێژکار**

ئەو زانیارەی وشەی کردۆتە پۆشاکی خۆی بووەتە زانیار-ی زمانەکی. ئەوەی گرینگ بووە لە وشەدا، لە بێژاندندا هاتۆتە دارشتن. تەمەندارەکان باسی ژیان، خوداوەند و ڕاویان بۆ جەوانان ڕاڤە کردووە. نێزیکە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەو بێژگەلە بە نووسین تۆمار کران. مرۆڤ کەوتە سەر نووسینی بێژاندن، داستان و ئەفسانە و ئەوجا بەمەبەستی پەیبردن بە وردەکارییەکانی ژیان کەوتنە سەر لێکدانەوەی ئەو گەلەگوتارە نووسراوە.



*مرۆڤ، بەدەم ڕەوتی فراژووتنەوە، هاتە سەر تۆمارکردنی ئەو زانیارەی لە داستاندا هەبوون. ئەمەیان تابلۆیەکە لە نووسینی مێخی لە مێسۆپۆتامیای بەر لە پینج هەزار ساڵ.*

**- زانیار-ی زانستی و بیردۆزەکی**

زانیار-ی بیردۆزەکی ڕێگەیەکی نوێیە بۆ لێکدانەوە و پەیبردن بە جیهان. ئەمیش وەک زۆر دیاردەی دیکە لە یۆنانستانی دێرنەوە سەری هەڵداوە. فەیلەسووفانی وەک سوکرات، پلاتۆن (ئەفلاتوون) و ئەریستۆ شێوازێکی بیردۆزەکیان بۆ لێکدانەوەی دەوروبەر هێنایە کایەوە. ئەمان جیهانیان لە چێوەی سازمانێکی دەستەبەندا دارشت، جیهانیان دابەش کرد بەسەر بابەتی جیاوازدا و چەمکی نوێیان بۆ ئەو بابەتانە ئافراند. لە ئەنجامدا مرۆڤ هاتە سەر شێوازێکی نوێ بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی جیهان.





*Carl von Linné (1707-1778) و Charles Darwin (1809-1882) دوو بیردۆزن لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا یارمەتیی مرۆڤایەتییان دا بۆ پەیبردن بە ژیان. Linné سیستەم و سازمانی بۆ پۆلێکردنی گشت ژینەوەران دامەزراند و Darwin خەریکی پەیدۆزی بوو لە هاندەرە بنەڕەتییەکانی ژیان.*

## ئەم هەموو چەمکەی زانیار

زانیار گەر مایەی خۆشەویستییش نەبێت، لای زۆر کەس مایەی ڕێزە و خاکەڕا لێی دەنۆڕن. بەڵام ئەم گوتەیە گشتگیر نییە، نە هەموو کەس دەگریتەوە و نە هەموو سەردەم. جڤاک هەبوون هەڵوێستی دژەزانیاریان نواندووە، فێرگەیان داخستووە و زانایانیان لە زیندان ئاخنیوە. ئەوانە دەرئەنجامیان هەرگیز باش نەبووە، زۆر جار بە کوشتوبڕ ڕیشەکێش بوون. زانیار گرینگە و فرەبابەتە، لەبەر ئەویشە مرۆڤگەل بە شێوازی جۆراوجۆر باسیان لە زانیار کردووە.

لێرەدا چەند شێوازیکی باسکردنی زانیار دێتە پێش کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ ڕوونکردنەوە مەبەست لە زانیار. چەمکەکان جاروبار نێزیک یان وێکچووی یەک دەبن و ئاماژە دەکەن بە واتا و شەبەنگی واتای هاوجۆر. وەها باوە مرۆڤ لە باسی زانیاردا پەنا بۆ دەستەواژەی جووتوشە بەرێت - بۆ ئەوەی جیاوازییەکان ڕوونتر بن. بەڵام سەرنج بفەرموو کە باس لە دروست و چەوت نییە، بەڵکوو باس لە شێوازی جیاوازە بۆ ئاخافتن دەربارەی زانیار. ئەم هەموو چەمکەی زانیار بۆ سەرلێشێواندن نین، بگرە بۆ قووڵکردن و فرەواندنی تێگەیشتنی مرۆڤە لە زانیار - ئەوانە تەواوکەری یەکدین.

### - فاکت – تێگەیشتن

بە کەمێک چاولێپۆشینەوە دەتوانین بڵێین فاکت بەتەنێ چ تێگەیشتن نابەخشێت، بەڵام بەبێ فاکتیش چ تێگەیشتنێک بوونی نییە. فاکت بۆ تێگەیشتن کەرەستەی خاوە.

فاکت ئاگادارییەکی بنەڕەتییە دەربارەی جیهانی دەوروبەرمان. کەواتە فاکت جودایە لە بۆچوون، باوەڕ، بیرکردنەوە و تێگەیشتن.




*فاکت لە جیهاندا زۆرن. ناوی فاکت، وشەکان، دەبنە یاریدەرمان بۆ ئاخافتن دەربارەی ئەو فاکتانە. ئیمە بەدەم ئاخافتنی نێوان خۆمانەوە تێگەیشتمان فرەوانتر دەکەین. بەشێکی بەرینی تێگەیشتن بریتییە لە گرێدانی فاکت و بیرکردنەوە – گواستنەوەی فاکت و ئاگاداریی ساکار بۆ زانیار. ئەوجا، لەو خانەیەدا تێگەیشتن پەیدا دەبێت.*

مەبەست لە فاکت ئاگاداری و زانیارە دەربارەی بابەتی بەرهەست، ساکار و دیاریکراو. بۆ نموونە ئاگاداری و زانیارە دەربارەی ڕووداو، جێ، شار، سەدە، یان ناوی بابەت و کەس، یان ژمارە، قەوارە، چەندەتی، مەودا و باسی دیکەی لەو جۆرانە.

دەشێت ناو بێت بۆ بیرۆکەیەک، هەستێک یان بەهایەک، بەڵام نەک خودی ئەو بیرۆکە، هەست و بەهایە.

ئەم دەربڕینەی **2+2=4** فاکتە، بەڵام بە تەنها چ تێگەیشتنێک نابەخشێت، مرۆڤ دەبێت بزانێت ڕەنووس چییە، ژمارە چییە، نیشانەکانی کۆکاری (+) و یەکسان (=) واتایان چییە. مرۆڤ گەر تێگەیشت **2+2=4** واتا دوو سێو کۆ دوو سێو یەکسانە بە چوار سێو و هەروەها دوو بەرخ کۆ دوو بەرخ یەکسانە بە چوار بەرخ ئەوجا سەرەتای تێگەیشتنی ماتەماتیکی لە لا پەیدا دەبێت.

نموونەیەکی دیکە، «پاریس = فرانسە» ئەمیش فاکتە، بەڵام گەر مرۆڤ نەزانێت شار چییە، دەوڵەت چییە، پایتەخت چییە، سیاسەت چییە... ئەوا «پاریس = فرانسە» دەبێتە فاکتێکی بێناوەڕۆک و چ تێگەیشتنێکی لێ شین نابێت.

**- زانیار - کردەکی یان بیردۆزەکی، یان هەردووک**

زانیار-ی کردەکی ئەوەیە یارمەتیمان دەدات لە جیهانی ڕاستینەدا کار بکەین و زانیار-ی بیردۆزەکی دەرئەنجامی هزرکارییە، بیرکردنەوەیە و تێگەیشتنێکی بیردۆزەکیمان لە جیهانی ڕاستینە پێ دەبەخشێت. هەیە دەڵێت زانیار یان کردەکییە یان بیردۆزەکی، بەڵام وەها نییە، زانیار هەردووکیانە.



*وەستای کارزان جگە لە زانیاریکی فرەوانی کردەکی، سەرەدەری لە بابەتی دیکەش دەکات.*

ئەو زانیارەی کە کەسانێک دەکاتە شارەزای قوڕکاری زیادتر کردەکییە - بەڵام بەشێکیش بیردۆزەی تێدایە، بۆ نموونە کەرەستەناسی و سەرەدەری لە تۆکمەیی بابەت. نەخشەکێشانی ئامێری ئەلەکترۆنی زیادتر بیردۆزەکییە بەڵام لایەنی کردەکیشی هەیە بۆ نموونە سەرەدەری لە چۆنەتیی کاری ئەو ئامێرانە.

تێگەیەشتن لە ڕێ خوێندنەوە و ئاخافتنەوە باسێکە و لە ڕێی کردنەوە باسێکی دیکەیە. جاروبار گازەندە لە بیردۆزان دەکرێت گۆیا کەنارگیرن، خۆیان لە زانستگەدا زیندانی کردووە و پەیوەندییان لەتەک

ژیانی ڕاستینەدا نەماوە. ئەوانە بیردۆزە پێشکەش دەکەن بەڵام گەر هاتە سەر چەرخاندن و پیادەکردنی بیردۆزەکان، کورتی دەهێنن. دەزانن بیردۆزە داڕێژن بەڵام ناتوانن ناواخنیان بۆ ئاپۆری خەڵکی ڕوون بکەنەوە.

یاریزانی هەرە ناوداری تۆپانێ زانیارێکی کردەکی مەزنی هەیە لە تۆپانێدا و لە پەنا ئەوەشدا کەمێک بیردۆزە. ڕاهێنەری هەرە ناوداری تۆپانێ خاوەن زانیارێکی فرەوانی بیردۆزەکییە لەو بوارەدا، کەمێکیش کردەکی. ئەمانە دوو کەسایەتیی یەک بوارن بەڵام لە ڕووکاری جیاوازەوە.

### - زانیار-ی ڕاستەوخۆ و تیان[86]

مەبەست لە ڕاستەوخۆبوون یان تیانبوونی زانیار شێوازی گەیشتنی ئەو زانیار و ئەزموونەیە بە مرۆڤ. گەر کەمێک ساکار باسی لێ بکەین ئەوا گشت ئەوەی تۆ دەیزانیت و هەموو ئەزموونێکی هەتە لە مێشکی خۆتدا جێنشینە. ئەوجا پرسیاری گەورە دەڵێت: ئەو زانیارە چۆن هاتۆتە نێو سەری تۆ؟ تەنها دوو شێواز هەیە، یان ڕاستەوخۆ لە پێنج هەستەوەرەکانی خۆتەوە، یان تیان لە ڕێی زمانێکی تۆی مرۆڤ



*«بارجکێشانی[87] ڤۆلگا» تابلۆیەکی هەرە ناوداری* Repin *ی هونەرمەندی ڕووسە. هەیە لەم تابلۆیە ڕادەمێنێت بەڵام مەرج نییە ڕەنجی ئەم کەسانەی بارجکێش دەرک بکات، لەوانەیە هەر نەزانێت بارجکێش چی بووە.* Repin *ی هونەرمەند بە تابلۆ و هێماکانی خۆی ئەندێشەیەک ڕاڤە دەکات – دەڵێت لە ڕووسیا سەردەمێکی نوێ بەڕێوەیە. لەم تابلۆیەدا زانیار-ی هێماکار ڕەهەندی دیکەی لێ دەزێت، تابلۆکە بە هێماکانییەوە دەبێتە هەستکردن، هەڵیشدەکشێت ڕووەو پەیبردن.*

دەیزانیت. یان ڕاستەوخۆ بەرکەوتت هەیە لەگەڵ دیاردەکەدا یان تیان، لە ڕێی زمانەوە ئاشنای باسێک دەبیت مەرج نییە لە دەوروبەری خۆت بێت. هەڵبەت دەشکرێت هەردووکیان بێت، بۆ نموونە کە دێتە سەر بواری وێژە و هونەر. مرۆڤ لە ڕێی خوێندنەوەی هەم وشە و هەم تابلۆ هەوڵ دەدات پەی بە پەیامی هونەرمەندەکە بەرێت.

پێنج هەستەوەرەکەی تۆ بەشێکن لە لەشی تۆ و ئەو ئاگادارییەی لە ڕێی ئەوانەی وەریدەگریت ڕاستەخۆ دەچێتە مێشکی تۆوە. ئەمە بە «زانیار-ی ئەزموونەکی»[88] ناودێر کراوە، مرۆڤ لە ڕێی بەرکەوتی لەتەک دەوروبەردا و لە ڕێی پێنج هەستەوەرەکانی خۆیە. لە ڕێی ئەزموونەوە، زانیار پەیدا دەکات.

گەر تۆ بۆ نموونە گەشتی ئاوسترالیا بکەیت، ئەوا ئاوسترالیا ڕاستەوخۆ لە ڕێی هەستەوەرەکانی خۆتەوە «دەهەستێنیت»، تۆ ئاوسترالیا دەبینیت، دەیبیستیت، تامی دەکەیت، دەستی لێ دەدەیت و تەنانەت بۆنیشی دەکەیت. ئەمەیان شێوازە سەرەتاییەکەی پەیدا کردنی زانیار و ئەزموونە. ئێمە و گشت گیانەوەران لەم شێوازەدا هاوبەشین و میلیۆنان ساڵی تەمەنە.

بەڵام ئێمە دەتوانین کتێبیش دەربارەی ئاوسترالیا بخوێنینەوە - ئەمەیان تەنها بۆ ئێمەی مرۆڤە. لەم ڕێگەیەوە کەسانی دیکەش کە ئاوسترالیا-یان نەدیوە زانیار دەربارەی ئەو وەڵاتە پەیدا دەکەن. ئەمیان دەبێتە «زانیار-ی هێماکار»، زانیارێکی وشەزادە. زانیار-ی هێماکار یان تیان لەسەر زانیار و ئەزموونی کەسانی دیکە هەڵدەچنرێت، زانیار و ئەزموونێک کەسانی دیکە بە وشە بۆ ئێمەی باس دەکەن، ئێمەی لەو باسە بێئاگا.

ئەم دوو شێوازەی زانیار خاوەن جۆرایەتیی جیاوازن. دیارە گەشتی ئاوسترالیا هەستاندنی بەهێزتر، قووڵتر و مەزنتر دەبەخشێت. بەڵام ئەوە وشە، وێنە و کتێبن دەربارەی ئاوسترالیا کە دەبنە سەرچاوەی زانیار بۆ هەموو مرۆڤگەل شتێک دەربارەی ئاوسترالیا بزانن.

### - زانیار-ی هۆشەکی[89] و هۆشنەیار[90]

زانیار-ی هۆشەکی بەرهەمی زاناندنە،[91] ئەو زانیارەیە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و تێڕامان، بە شێوازێکی هزری پەیدای کردووە. زانیار دەربارەی هەڵسوکەوت بنەمایەکی هزری، بیرمەندانەی هەیە. لە مێشکی خۆماندا بە ئارامی هاتۆتە هەڵسەنگاندن. جار هەیە ئەم توانستەی هەڵوەست و تێڕامانە دەبێتە پارێزەرمان لە هەڵەی کوشندە. بەڵام دەشزانین کە بیرکردنەوە و تێڕامان هەمیشە کارێکی خۆش نییە.

هەرچی زانیار-ی هۆشنەیارە بەرهەمی دنە و هەستە نەک بیرکردنەوە و تێڕامان، بەرهەمی زاناندن نییە. بەڵام ئێمەی مرۆڤ، زۆر جار، جڵەوی خۆمان دەدەینە دەست هەست، نەک بیرکردنەوەی هۆشەکی. مەرجیش نییە هەموو جارێک هەڵە بین، جار هەیە هەستیش جڵەوکێشێکی باشە.

ئێمە لە ئەنجامی پێڤاژۆیەکی هۆشەکیدا دەزانین گەر ئەم یان ئەو ڕێگەیە بگرینە بەر تووشی کێشە دێین، پۆلیسمان لێ دەڕاسێت، دایکمان تووڕە دەبێت، هاوژینمان دادەبڕێت. وێڕای ئەو زانینە، ئەو ڕێگە هۆشنەیار و ناژیرانەیە دەگرینە بەر و تووشی هەرا دەبین. باشە بۆ وەها دەکەین؟ لەبەر ئەوەی هەست زاڵ دەبێت و جڵەوکێشمان دەکات. زاڵبوونی هەست جاروبار باشە بەڵام نەک هەمیشە.



*ناکۆکی دیاردەیەکی باوە لە فێرگەدا و زۆر جاریش هەست دەبێتە جڵەوکێشیان*

**باشە ژین بەبێ هەست دەبێت؟**

هەستی ترس، خۆشەویستی، تووڕەبوون، شادمانی، شەرم، دزاندن، سەرسامبوون و خەم نەبێت ژیان چۆن دەبێت؟ جار هەیە خراپ دەچەرخێت و گشت دەوروبەر دەبینن کە چەوت دەچەرخێت بەڵام تۆ نا، چونکە ئەوان هۆشەکی لێی دەڕوانن و لای تۆ هەست جڵەوکێشە.



*کاتێک هەست دەبێتە جڵەوکێش گوزەران هێندە هۆشەکی نامێنێت، بەڵام ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین هێزێکی مەزنی هەیە*

زۆر جار تۆ دەبینیت دۆستێک ڕێگەیەکی ناجۆری گرتۆتە بەر و ئەنجامێکی نالەباری لە ڕێیە، بەڵام هەستەکانی ئەو بابایە بەهێزترە لەو بیرکردنەوە هۆشەکییەی تۆ کە بۆی ڕوون دەکەیتەوە.

هەست جڵەوکێشێکی بەهێزترە لە هۆش چونکە هەست پتر بنەڕەتییە، پتر ژینەوەرە و کەڤنارترە لە بیرکردنەوەی هۆشەکیی ژیرانە.

گیانەوەری دیکەش هەستی هەیە و ئەو هەستەیە دەبێتە بناخە بۆ ڕەفتاری ڕەمەکییان. هەست فیزیکییە، تەنانەت لەشیش بەرتەکی دەبێت، مرۆڤ ئارەقە دەکاتەوە، سوورهەڵدەگەڕێت، ترپەی دڵ زیاد دەکات، دەلەرزێت و هتد. دیاردەی وەها لە بیرکردنەوەی هۆشەکیدا پەیدا نابن.

- **زانیار-ی ئاگایانە و نائاگایانە**

کارێکی سەخت نییە تێبگەم کە ئەوەی من دەیزانم و دەرکی دەکەم بۆ من زانیارە، چونکە ئەو زانیارەی مرۆڤ لێی ئاگادارە زۆر جار ڕوون و ساکارە، بەگشتی دەربارەی فاکتی جۆراجۆرە، ئەمیان زانینە. بەڵام ئەمیان نابێتە ئەو زانیارەی ڕێگەی فراژووتنی مرۆڤایەتی هەموار کردووە. جۆرێکی دیکەی زانیار هەیە پتر پەنهانە، نادیارە، ئەمیان زاناندنە.

لەڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت، تێیدەگات و دەیتوانێت نە بیری لێ دەکاتەوە و نە لێی بەئاگایە. مرۆڤ زۆر زیادتر دەزانێت لەوەی کە ئاگادارە دەیزانێت. لێرەدا باسێک لەو زانیارە دەکەین کە بۆ زۆر کەس کەموزۆر پەنهانە.



*زارۆکی ساواش زانینێکی فرەوانی هەیە، بەڵام لێی بێئاگایە*

مرۆڤ، هەر زوو پاش زان، بێ ئەوەی پێویستی بە فێرکردن بێت دەتوانێت هاوار بکات، بزەی بێت، بخوات. تەنانەت دەزانیت بەپەرێز بێت لە هەندێک بابەتی ترسناک، بە شێوەیەکی ڕەمەکی بەرتەکی هەیە لە ژان، سەرما و بابەتی تاڵوزار. ئەم جۆرە زانیارە گرێدراوی بەرتەکی ڕەمەکیی میراتییە و ژینەوەرانە (بایۆلۆژیانە) بە میرات بۆ مرۆڤ دەمێنیتەوە. دایکوباب لە ماوەی هەزاران ساڵدا بەشێک لەو زانیارەی هەیانبووە لە جیندا کۆدنووسیان کردووە و ئەوجا بە تۆیان بەخشیوە.

جگە لەوەش مرۆڤ لە ئەزموونی زووترەوە، بەر لەوەی خۆی لەبیری بێت بەڵام لەش لەبیریەتی، زانیار تۆمار دەکات. زارۆک گەر جارێک ئاگرداخ بێت لە ئاگر بەپەرێز دەبێت. داخانبوون ئەزموونێکە هاتۆتە ڕێی زۆربەمان و لێی فێربووین کە نێزیکبوونەوە لە بابەتی گەرم ژانی بەدەمەوەیە. بێ ئەوەی لێی بەئاگابین، بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە دەزانین هەندێک بابەت گەرمە و دەبێت هەتا مردن لێیان بەپەرێز بین.



*مرۆڤ کە دەزێت DNA ی خۆی هەیە و هەر لەوێدا دونیایەک زانیار هەیە مرۆڤ بێ فێرکاری دەبێتە خاوەنیان*

دیاردەیەکی دیکەی تاراددەیەک پەنهان ئەوەیە کە گشت ئەو زانیارەی تۆ هەتە لە مێشکتدا گرد بووەتەوە و زۆر جار تۆ، بێ ئەوەی بیر بکەیتەوە، بە شێوەیەکی ڕەمەکی بڕیاری دروست دەدەیت. مرۆڤ فریا ناکەوێت ئەو هەموو زانیارە گردەوارە سەربخات بۆ نهۆمێکی ئاگایانە و بکەوێتە هەڵسەنگاندنی بژارەکانی ڕەفتار، ئەمە کارێکی کاتخایەنە. ئەم مرۆڤە بێ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن بڕیار دەدات و دروستیش دەپێکێت.

- **سەرانسەر**

بیهێنە بەرچاوت پەرستارێک ساڵانێکی زۆر خوێندووەتی، زانیارێکی باشی بیردۆزەکی پەیدا کردووە و هەروەها ساڵانێکش خەریکی کار بووە، زانیارێکی کردەکیشی لە هەگبەدایە. ئەم خاتوونە دەزانێت کاری نەخۆشخانە چۆنە و هەروەها ئاشنای بەهاگەلی پێویستە لەم بوارەدا.



Florence Nightingale ئەستێرەی پەرستاران. گشت ئەزموونی خۆی گرد کردەوە و بووە ڕێچکەڕێژی تیماری هاوچەرخ.

لە کاروباری خۆیدا گشت ئەم باسانە لە گشتەیەکی کارزانی و کارامەییدا تێهەڵکێش کراون. ئەم خاتوونە خاوەن زانیارێکی بێدەنگی ئاگابەدەرە، بەڵام گەر کەسێک پاشکات لێ پرسێت ئەو دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە بۆ وەهای کرد یان نەکرد. گوزەرانی Florence Nightingale ڕێک وەهابوو بەڵام ئەم هەنگاوێکی دیکەشی خستەسەر، هات و ئەزموونی خۆی وەها تۆمار کرد ببێتە دەرفەت بۆ فراژووتنی تیماری هاوچەرخ.

**کارامەیی دووهەم: وانەبێژی - بەرجەستەکردن و گەیاندنی ناواخنی بابەت لە فێرکردندا**

بیر لەو هەزاران جارە بکەوە کە تۆ تووشی کەسێک هاتوویت کەمێک لە تۆی زیاتر زانیوە و ئەو کەسە توانیویەتی بەرەوپیرت بێت و بەشێک لە زانینی خۆی بداتە تۆ. فێرکردن بەرکەوتێکە لەو بابەتە. کارامەیی هەرە ناوازەی مامۆستا بریتییە لە چارەکردنی ئەم بەرکەوتە. ئەم بەشە باس لە بەرکەوتی فێرکردن و لە خەسڵەتەکانی فێرکردنی سەرکەوتوو دەکات.

**دەستپێک - ئەم بەرکەوتە فروسماوە**

فێرکردن بەرکەوتە لە نێوان کەسێکی باسێک دەزانێت و کەسێکی دیکەی هێشتا نایزانێت. لێرەدا باسمان لە تایبەتمەندییەکانی بەرکەوتی سەرکەوتووە. فێرکردن بەرکەوتێکە سەرلەبەری ژیان دەگرێتەوە، نەک تەنها ڕۆژگاری فێرگە.

لەوانەیە ئەمەی دەیڵێم کەمێک ناخۆش بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بەشێکی یەکجار کەمی زانیار داهێنان و دۆزینەوەی من و تۆیە. نێزیکە گشت فراژووتنی زانیار لای ئێمە بەرهەمی بەرکەوتە لەتەک کەسانی دیکەدا، بەرکەوتێک یارمەتیمان بدات بۆ فراژووتنی زانیار - بەرکەوتێکی فروسماوە.





*تەونی زانیار*

*گەر – بۆ نموونە ڕۆشنەپێکهاتن، فۆتۆسینتێس Photosynthesis – نێوەندی ئەم تەونە بێت، ئەوا تەونکە هێمایە بۆ گشت ئەو زانیارەی مرۆڤ هەیەتی دەربارەی فۆتۆسینتێس. لە فێرکاریشدا، ئەرکی مامۆستا بریتییە لەوەی زانیار-ی نێو ئەم تەونە – دەربارەی بۆ نموونە فۆتۆسینتێس – بگەیەنێتە فێرخواز.*

پێگرتن و فێربوونی ژماردن هەتا سێ، بەرهەمی ئەو هەموو بەرکەوتانەن کە تۆ هەتبووە لەتەک خوشکوبرا، دایکوباب و کەسانی دیکەی دەوروبەر. مرۆڤ بەرکەوتی نەبێت لەتەک کەسانی دیکە بواری فێربوون و زانینی بەم جۆرە نابێت. گرینگیشە لەیادمان بێت کە ئەم بەرکەوتە فێرکارییە مەرج نییە ڕاستەوخۆ بێت، زۆر چاک دەشێت تیان بێت، لە ڕێی کتێب، فیلم یان سایتێکی ئینتەرنێتەوە بێت. لەوێدا بەرکەوتت دەبێت لەتەک بیروڕا و تەنانەت هەستی کەسانی دیکە. ئێستا تۆ ئەم دێڕانەی من دەخوێنیتەوە و بەرکەوتت دەبێت لەتەک دیدی من دەربارەی زانیار و فێرکردن. منیش سالانیکی زۆر خەریکی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی بەرهەمی کەسانی دیکە بووم.



*زارۆک ڕۆژانە لە ڕێی گەمەوە خەریکی فێربوونە. بەڵام ئەو زارۆکەی لەلایەن دەوروبەرەوە دنە نادرێت، دەست لە گەمان هەڵدەگرێت.*

گەمە شێوازێکی هەرە خۆڕسکی فێرکردنە. زارۆک دەرفەتی گەمەیان زۆرە، گیانەوەری دیکەش وەک ئێمەیە. بەڵام ئەوەی زۆر مایەی سەرنجی ئێمە نییە بەرکەوتە فروسماوەکەی گەمەیە. دەوروبەر دەبێتە ئافرێنەری پێشمەرجی گەمان، چێوەیان بۆ دادەڕێژن و لە ڕاستیشدا دەزانن ئارمانج لێیان چییە. گەمان هەر بۆ ئەوە نین

مرۆڤ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە ئایەندەدا بەرکەوتیان لەتەک فەرهەنگی خۆماندا هەبێت - گەمە بۆ خۆی بەرکەوتە لەتەک فەرهەنگدا.

گەورەساڵ - هەم لای مرۆڤ و هەم لای گیانەوەری دیکە - هەلومەرجی گەمە بۆ زارۆک و بەچکە دادەڕێژن، ئەم گەمە فێرکارە ئامادەکارییە بۆ ژیان. زارۆک پەی نابات بەوەی گەمە، جگە لە شادی، بۆ فراژووتنی توانستی جۆراوجۆرە، بۆ نموونە خەیاڵبازی، ئافراندن و کارلێکی جڤاکی. گەمە لە ڕوانگەی مامۆستایەتییەوە سەرچاوەیەکە بۆ فێرکردن. بەڵام گەر فێرخواز لەبەر هەر هۆیەک بێت لە گەمان دابڕێت - بۆی نەبێت یان نەتوانێت بەشدار بێت - ئەوا فراژووتنی زانیار لای ئەو فێرخوازە بە جۆرێک خامۆش دەبێت کە پاشان چارەی دژوارە.

## چوار ستوونی فێرکاری

مرۆڤ ڕاڤەی جۆراوجۆری لە بەشە جیاوازەکانی فێرکاری و لە ناوەڕۆکیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین سەرلەبەری فێرکاری لە هێلکارییەکدا گرد بکەینەوە کە زۆربەی کەسانی کارا لە بوای فێرکاری و زانستی فێرکردندا لایان پەسەند بێت. لێرەدا ئەم مۆدێلەی چوارستوونی فێرکارییە دەخەمە بەرباس.



## 1. ناواخنی فێرکردن

فێرکردن ناواخنی هەیە و ئەم ناواخنە لە فێرگەدا دەبێت ڕوون و ئاشکرا ڕاگەیەنراو بێت. تەنانەت فێرخوازیش دەبێت بزانن ئارمانجی ئەم کاروانە کوێیە. جەخت دەبێت لەسەر ناواخنی فێرکارییەکە بێت. وەرن باران وەک نموونە بکەینە سەرشار.

باران دیاردەیەکی ئاسایی ڕۆژانەیە و گەر مەبەست تەنها «هەستکردن» بێت بە باران ئەوا دەکرێت ڕۆژێکی شەستەباران لە فێرگە دەرچین بۆ بەر بارانەکە. بەڵام لە فێرگەدا، مەبەست تێگەیشتنی بارانە و لەبەر ئەوە دەبێت ئەم دیاردەی بارانە پەلکێشی نێو ژووری پۆل بکەین. لە پۆلیشدا ئاستی زانیار لای مامۆستا و لای فێرخواز تەراز نییە. فێرخواز دەرکێکی ساکاری ڕۆژانەی هەیە بۆ باران: «هەور تەڕە بۆیە باران دەبارێت». مامۆستا دەرکێکی پتر زانستانە و بیردۆزەکی هەیە و ڕێک ئەم دەرکەیە کە «مەرجی زانیار» ی نێو پلانی فێرکاری داوای دەکات ئێمەی مامۆستا بەرجەستەی بکەین بۆ فێرخواز.

## 2. ڕوانگەی مامۆستا

پێویست ناکات مامۆستا خۆی بکاتە کەشناس، فیزیاناس یان سروشتناسی جیۆگرافیا - باس لەو ئاستەی زانیار نییە. مامۆستا بەو هەموو زانیارەی هەیەتی دەبێتە خاوەن بڕێکی باش چەمکی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی باران بە شێوەیەکی زانستانەی دروست - بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی ساکار.

| | | |
|---|---|---|
| ژینگە | کەش | سروشت |
| باهۆز | ئاووهەوا | گەرم |
| سەهۆڵ | باران | تەمومژ |
| بەفربارین | بارین | تەزرە |
| شەستەباران | نمەباران | لێزمەباران |
| باران، گەر دەورە نەدرێت بە چەمکی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکە، دەبێتە وشەیەکی ڤاڵا. ئەمانە نموونەن لە چەمکی دیکە. | | |

ئەو تێگەیشتنە زانستییەی مامۆستا هەیەتی دەربارەی ناواخنی فێرکردنەکە و دەهێنێتە پۆلەوە گەورەترە لەو تێگەیشتنە ساکارە ڕۆژانەیەی فێرخواز پێشانی دەدات. گەر باس لە باران بێت، مامۆستا بەگشتی وێنەیەکی ساکار بەڵام زانستانەی «سووڕی ئاو» یش دەخاتە بەرباس.




### 3. ڕوانگەی فێرخواز

دید و تێگەیشتنی فێرخواز لە ناواخنی فێرکردن بەگشتی تێگەیشتنێکی ساکاری ڕۆژانەیە. بنەمای ئەو تێگەیشتنە بەرکەوت و ئەزموونی ڕۆژانەیە لەتەک دیاردەکەدا: هەورەکان تەڕن بۆیە باران دەبارێت، فریشتەکان خەمبارن، دەگریەن بۆیە باران دەبارێت... ئاسانە زارۆک ڕوونکردنەوەی لەم بابەتانە بسەلمێنێت. ئەوەی باوەڕی بە بوونی بابەنۆئێل هەبێت باوەڕیش دەکات بە گریەی فریشتە.



*گەر تەنها بەرداشتی هەستەوەرەکان و ڕوونکردنەوەی هاوپۆلێک سەرچاوە بن، دیاردەی باران چۆن تێدەگەین؟*

## 4. فێرکردن

ئەوجا دەگەینە خودی بەرۆکگیرییەکەی فێرکردن: مامۆستا دەبێت بەرکەوتێک ساز بکات تێیدا دەرکی خۆی بۆ باران ڕووبەڕووی دیدی فێرخوازەکان بێتەوە. بەڵام لەم بەرکەوتەدا باس لە ڕاست و چەوت نییە. فێرخواز تێگەیشتنی خۆیان هەیە و ئێمە دەبێت بە دیدێکی سازەندەوە لێیان بنۆڕین. لە گشت پێڤاژۆیەکی هەڵچنینی زانیاردا دەبێت تێگەیشتن دنە بدرێت دەنا ئەو پێڤاژۆیە تێگەیشتنی نوێی لێ بەرهەم نایەت.

جگە لەوەش فێرخواز مەودایەکی بڕیوە - مەودایەکی نێزیک لەوەی ئێمە لە تەمەنی ئەودا بڕیومانە. ئێمە ڕێک لەوێدا، لەو تێگەیشتنەدا کە فێرخواز هەیەتی لە باران، دەبێت یەکتر بگرینەوە. لەوێوە دەستی فێرخواز دەگرین بۆ گەشتێکی زانیار. یەکەم هەنگاویش بریتییە لەوەی مامۆستا پەنا بۆ زمانێک بەرێت گوتوبێژ فەراهەم بکات دەربارەی باران فێرخواز تێی بگات.

بەکارهێنانی زمانێک فێرخواز تێی بگات ناکاتەوە ساکاراندنی ناواخنی فێرکردنەکە، نا، دەکاتەوە خۆشکردنی دەرفەت بۆ ئەوەی فێرخواز لە ناواخنی فێرکردنەکە تێبگات. مامۆستا دەبێت بە زمانێک و لە ئاستێکدا بئاخفێت گونجاوی زمان و ئاستی فێرخواز بێت. گەر زمانی مامۆستا فرە دەرهەست (ئابستراکت) بێت ئەوا مەودای نێوان زمانی هەردوو لا دادەکشێت.

**فێرخواز سەد زمانی هەیە**

سەد دەست
سەد بیرۆکە
سەد شێوازی بیرکردنەوە
گەمەیان پێ بکەین و پێیان بدوێین
سەد هەمیشە سەد
شێوازی گوێڕادێران
تێڕامان و پەسەندکردن
سەد ئارەزوو
سترانچڕین و تێگەیشتن
سەد جیهانی پەی پێبردن
سەد جیهانی خەونزادە

هەڵبەت زمان گەورەترین دەرامەده[92] بۆ فێرکردن، بەڵام دەرامەدی دیکەش هەن. دەرامەدی فێرکردن گشت ئەو کەلوپەلەیە مامۆستا بەکاری دەهێنێت و ئەو کارەیە دەیکات بۆ ساناکردنی ئەو بەرکەوتە، بۆ بەرجەستاندنی ناواخنی فێرکارییەکە و گەیاندنی بە فێرخواز، بۆ نموونە: وێنە، چیرۆک، ڕۆڵوازی، گەشتی فێرکاری، پرسیار، مۆدێل، فیلم، گوتوبێژ، ڕاهێنان... هتد.

ئەوجا ئەم جیهانەی دیژیتال هەلومەرجی تەواو گۆڕیوە. فێرخوازی ئەم سەردەمە زمانێکی نوێ بەکار دەهێنێت: زمانی «دیژیتالی فرەمێدیا». ئێمەی گەورەساڵیش ناچارین ئەم زمانە فێربین چونکە پێگەیەکی بڕیادەری هەیە لە فێرکاریدا. زمانی دیژیتالی فرەمێدیا، زمانێکی دیژیتالە لە ڕێی مێدیای جۆراوجۆرە و بە شێوازی جۆراوجۆر گشت هەستەوەرەکان دەدوێنێت.

**زمانە دەستاوێژی هەرە گرینگ**

مامۆستا دەبێت بە زمانێک فێرخواز بدوێنێت ڕاگەیەن بێت. ئەوجا بە یارمەتیی زمان و دەرامەدی دیکەش ناواخنی فێرکردنەکە لە پۆلدا بەرجەستە بکات.



*مامۆستا دەبێت زمانێکی هاوکۆ بدۆزێتەوە. گەر ئێمە زمانی فێرخواز نەزانین دەبێت خۆمان فێری ئەو زمانە بکەین.*

ئەم هۆنراوەیەی Reggio Emilia ی هەرە کاریگەر لە نێوان پێداگۆگناسانی سەدەی بیستەمدا بۆتە ئەستێرەی بەیان. شابیرۆکەی لێرەدا دەڵێت ئێمەی بەرپرسایەتیی فێرکردنمان گرتۆتە ئەستۆ دەبێت خۆمان فێری ئەو سەد زمانە بکەین فێرخواز پێی دەدوێن و بەو زمانگەلە گفتوگۆیان لەتەک بکەین.

**مەرجەکانی پێڤاژۆی فێرکردن**

پلانی فێرکاری سێ مەرجی کردۆتە بناخە بۆ پێڤاژۆی فێرکردن:

1. فێرکردن دەبێت لەسەر بنەمای زانستی هەڵچنرێت

مەبەست لێرەدا ئەوە نییە فێرگە خەریکی بەرهەمهێنانی زانستی نوێ بێت. مەبەست ئەوەیە زانست دەبێتە سەرچاوەی ئارمانج، ناواخن و دەرامەدی فێرکاری. ناواخنی فێرکردنەکە - گەرچی ساکار و هەمواری تەمەنی فێرخوازە - دەبێت لە ڕووی زانستییەوە دروست بێت.

2. فێرکردن دەبێت لەسەر بنەمای ئەزموونی ئاروینکراو هەڵچنرێت

فێرکاری بوارێکی کارەکییە، کردارێکە هەموو ڕۆژێک و لە گشت وانەیەکدا دێتە چەرخاندن. بە تەنها زانینی بیردۆزە دەربارەی ئەو کردارە فێرکارییانە بەس نییە - دەبێت بەکردەوەش لە ژووری پۆلدا هەڵسوورێت. کرداری فێرکاری دەبێت لە بەستێنێکی «سەپێنراو»دا، لە پۆلدا، ئاروین بکرێت.
بەگشتیش کۆڕی مامۆسایەتی دەرکێکی ڕوونیان هەیە دەربارەی کامە گونجاوی کاری نێو پۆلە و کامە ناچەرخێت.

3. فێرکردن دەبێت وەڵامدەرەوەی مەرجەکانی ڕێنامەکانی فێرکاری بێت

ئێمەی مامۆستا، جگە لەوەی مامۆستاین و دەبێت بە شێوازێکی ئافرێنەرانە، پەرۆشانە و ئازادانە هونەری مامۆستایەتی بنوێنین، هاوکات کارمەندیشین. ڕێنامەی فێرکاری هەن، بۆ نموونە پلانی فێرکاری و ڕێساگەلی دیکە، بوونەتە یاسا و ئێمە دەبێت پەیڕەویان بین. بەڵام ئەو ڕێساگەلە دەرفەتی لێکدانەوەی تێدا فرەوانە. ئەم واری لێکدانەوەیە هەم بۆ دیاریکردنی ناواخنی فێرکاری فرەوانە، هەم بۆ هەڵبژاردنی شێواز و ڕێباز.

**سەرەنجام**

فێرکاری لە فێرگەدا نابێت خەسڵەتی دینی و ئایدیۆلۆژی بگرێتە خۆ مەگەر ئەو ڕووکارانەی دەکەونە بەر بەهاگەلی هاوکۆی جڤاک، بۆ نموونە دێمۆکراسی و یەکسانی. هەرچی ناواخنی فێرکردنەکەیە دەبێت بە پێوەری زانستانەی بابەتەکە دروست بێت. شێوازی فێرکردنیش دەبێت ڕێک بێت لەتەک پێداگۆگیی هاوچەرخدا.
بەکورتی: مامۆستا بۆی نییە لە فێرگەدا فێرخواز دارکاری بکات بۆ ئەوەی پێ بسەلمێنێت کە زەوی تەختە، گۆ نییە.

**کارامەیی سێهەم: شارەزایی دەربارەی بەرۆکگیرە دەروونی - جڤاکییەکانی فێرکاری**

بەکورتی و بێ ئەوەی بچینە وردەکاریی ئەم ڕووکارەوە، مامۆستا پێویستی بە توانستە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی پیشەوەرانە بەرپرسایەتیی پۆل بگریتە ئەستۆ، هەڵوێستی پیشەوەرانە بنوێنێت بۆ چارەکردنی ئەو هەموو بەرەنگارییە دەروونی - جڤاکییە[93] هەمەجۆرەی دێنە پێش. کەواتە ئامانج بریتییە لە:

- خویاکردنی ڕەهەندە دەروونی - جڤاکییەکانی فێرکاری
- ئاشکراکردنی ڕووکاری جۆراجۆرە لە هەڵوێستی کارەکیدا - نەک تەنها لە مۆدێلدا
- پێشاندانی دەرفەتی گەشەدانە بە توانستی خۆمان بۆ چارەکردنی ئەم ڕووکارانە - بەکردەوە نەک تەنها لە بیردۆزەدا

**هەڵوێستی پیشەوەرانی لە پۆلدا**

ئەم چەند دێڕە هەوڵێکە بۆ ڕیزکردنی ئەو خاڵانە دەبنە نیشانە بۆ ڕەفتاری پیشەوەرانەی مامۆستا:

1- مامۆستا دەبێت ڕاگەیەن بێت - بە قووڵترین واتای ئەم خەسڵەتە. مەبەست ئەوەیە مامۆستا لە گوتوبێژی خۆیدا لەتەک فێرخواز دەبێت هەڵوێستی هاوبەشی، لێبیستن و هاوسۆزیی بنوێنێت. گرینگە مامۆستا تێبکۆشێت بۆ پەیبردن بە زمانی دەربڕینەکانی فێرخواز. لێرەدا داوا لە مامۆستا دەکرێت تەنانەت زمانی لەشی فێرخوازیش دەرک بکات.

تۆی مامۆستا بەرپرسیت لە ڕاگەیاندن، گوتوبێژ و گفتوگۆی نێو پۆل. دەبێت فێرخواز ئەم گوێڕادێران و لێبیستنەی تۆ ببینێت و تێبگات کە تۆ بەهەندی دەگریت. گوتەی فێرخواز لە کەرەستەی فێرکاریی خۆتدا بەکار بهێنە. فێرخواز بەم کارەی تۆ هەست دەکات بەرهەمی خۆی گرینگە و جێ دەگرێت. ئەم هەستەش سەنگی بۆ خۆشکردنی کەشی پۆل زۆرە.



*زمانی جەستە ڕاگەیەنە. چی لەم تابلۆیەدا دەبینیت؟*

کاتی وانەبێژی، بە زمانێک وانەکە ڕاڤە بکە فێرخواز تێی بگات. ئاخافتنی تۆ لەتەک فێرخواز دەبێت لە ئاستێکدا بێت ئەو دەرەوستی بێت. مەبەست ئەوە نییە نێوەڕۆکی وانەکە شل بکەیتەوە، نا، تەنها زمانەکە هەموار بکە.

تۆ دەزانیت کە زۆر جار شێوازی ئاخافتنەکەت گرینگترە لە ناوەڕۆکی گوتارەکەت. «چۆنەتی»ی ئاخافتنەکەتە یادەوەری لای بەرانبەر دروست دەکات و دەبێتە ئەزموونێکی جێکەوتوو. ڕەنگدانەوەی شادی، خەمباری، تووڕەیی، بێزاری، دزاندن... لە شێوەی گوتارەکتدا تاوی مەزنی هەیە. فێرخواز نائاگایانە هەست بەوەش دەکات کە تۆ زارەکی نایدرکێنیت و ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە.

2- هەڤبەندیی کەسەکی لەتەک فێرخواز - گرینگ دیتنی تاکی فێرخوازە. مامۆستا هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی هەڤبەندییەکی کەسەکی لەتەک فێرخواز، وەک کەس تەماشای بکات، لایەنی ناوازەی تێدا بدۆزێتەوە و ئەو دۆزینەوەیەی بە فێرخواز ڕاگەیەنێت - خاڵی گەشەکردنی تێدا بدۆزێتەوە. بیر لەو ساتانە بکە کە مامۆستایەکی خۆت بە دوو گوتە تۆی لە واتایەکی گەشدا نەخشاندووە.

مەبەست ئەوە نییە مامۆستا ببێتە برادەری فێرخواز و دۆستایەتی لەتەک پەیدا بکات، نا، مەبەست ئەوەیە فێرخواز هەست بکات بەوەی مامۆستا دەیبینێت، دەیناسێت، دەیپەژرێنێت و خاڵی هاوکۆیان هەیە. ئەمیش بە دووسێ ڕستە، لە نیو خولەکدا، بەدەم ڕۆشتنەوەی فێرخواز بۆ ماڵەوە، ساز دەبێت.

3- مامۆستا دەبێت خاکەڕا و خۆناس بێت، پەی بەرێت بەوەی مەرج نییە هەمیشە خۆی کەسی هەمەزانی پۆل بێت. مامۆستا ئەزموونی زیادترە و زیادتر دەزانێت، بەڵام مەرج نییە کەسی هەرە بەهرەدار بێت. مامۆستایش هەڵە دەکات. مامۆستا دیاردەیەک نییە لە دەرەوەی پۆل، بەڵکوو بەشێکە لە پۆل.

جیاوازی زۆرە لە نێوان مرۆڤی تاکڕەو *authoritarian* ی خۆسەپێن و مرۆڤی سالار *authority*. کەسی تاکڕەو پاراستنی جیاوازیی دەسەڵاتی بەلاوە مەبەستە. کەسی سالار پێگە و توانای خۆی دەخاتە کار بۆ کەمکردنەوەی مەودا دەسەڵات لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا.

مامۆستا بەردەوام دڵگەرمی، نەرمەکاری و فرەڕەنگی پێشان دەدات. ئەمانە خەسڵەتگەلێکن فێرخواز هەستیان پێ دەکەن. فێرخواز پەی دەبەن بەوەی مامۆستا لە پۆلدا بەشێک لە خۆی، لە ڕەوانی خۆی پێشکەش دەکات.

4- بەرەنگابوونەوەی چەپاندن و بەدکاری - مامۆستا دەبێت بە شێوازێکی ڕوون و دابڕ بەرەنگاری دۆخی وەها بێتەوە کە کێشە و چەوساندنەوەی بەدەمەوەیە. ئەوە ئەرکی ئێمەی مامۆستایە کە ناکۆکی بەهەند بگرین و چاو لە چەپاندن و چەوساندنەوە نەپۆشین. چارەسەری ناکۆکیش هەم سازەندەی هەی و هەم ڕووخێنەر.

5- مامۆستا ناشێت خۆی بکاتە دادوەر، دەبێت بەگشتی مێهر و لێبوردەیی پێش بخات نەک سزا. مامۆستا دەبێت ڕووخسارێکی مرۆڤکارانە پێشکەش بکات. دەتوانێت تەماشای فێرخواز بکات و پێی بڵێت: «چاوم لێیە چی دەکەیت، ئەمە کارێکی باش نییە و ناشمەوێت جارێکی دیکە دووبارەی

بکەیتەوە. گەر دەیسەلمێنیت ئەوا ئەمجارە لێت دەبورم». مامۆستا لێبوردەیی پێشان دەدات بەڵام لێبوردەیی مەرجدار.

6- سەنگی زانیارگەلی بیردۆزەکی - ڕاستە ئێمە بیردۆز نین، کاروبار هەڵدەسووڕێنین بەڵام زۆرینەی کاروباریش بیردۆزەی لەپشتە. مامۆستا بیردۆزە وەک یاریدەر لەگەڵ خۆی دەباتە ژووری پۆلەوە. چەمکی وەک: جڤاکاندن،[94] بەهاڕێژی،[95] دەسەڵات، کۆنترۆڵ، جڵەوگیری، ناسنامە و ڕەهاکردن پێویستن بۆ ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی ڕووکارە دەروونی - جڤاکییەکانی کاری نێو پۆل. مامۆستا دەبێت هەم شارەزای ئەم چەمکانە بێت و هەم توانستیشی هەبێت بۆ دیتن و ناسینەوەی دیاردەکان لە پۆلدا.

7- خۆگونجاندن لەتەک داکەوتدا — ئەو خاڵانەی سەرەوە گشتیان بەرشیانن، مرۆڤ دەروەستیان دێت و دەتوانێت پەیدا و پیادەیان کات. بەڵام سنووریش بکێشە بۆ ئەم دڵگەرمییەی خۆت، دەبێت کاتیشت هەبێت بۆ پشوودان.

لەتەک فێرخوازیش داکەوت ڕەچاو بکە. چی بە گونجاو دەزانیت؟ هەوڵ بدە فێرکارییەکەی خۆت لە چێوەیەکی داکەوتبینی گونجاودا ڕابگریت. کارێک بکە فێرخواز هەست بکات دەروەستی دێت و بەرشیانە.

**هاوسەمای نێوان مرۆڤگەل - «دەروونناسی بۆ مامۆستا»**

نێزیکە بیست چەمکێک هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر هاوسەمای نێوان مرۆڤگەل. ئەم چەمکانە دەبنە یاریدەر بۆ خویاکردنی ئەو دیاردانەی خۆیان لە پشت چەمکەکانەوە مەڵاس داوە. ئەو دیاردەیەی ئێمە چەمکمان بۆی هەیە، دەروەستی دێین، دەتوانین بیری لێ بکەینەوە و باسی لێ بکەین. چەمکەکان لە بواری دیکەدا گشتین بەڵام لێرەدا جەخت دەخرێتە سەر هاوسەمای نێوان کەسانی گەورەساڵ و هەروەها گوتوبێژی نێوان منداڵ و کەسانی گەورەساڵ.

- ناسنامە / تاکەکەس / جڤاک
- جڤاکاندنی سەرەکی (خێزان) و لاوەکی (ماسمێدیا)
- چێوەکانی جڤاکاندن - دین، دەوڵەت، فێرگە، خێزان، ماسمێدیا، بازاڕ
- دەسەڵات - کۆنترۆڵ
- جڵەوگیری / سەرفەرازی
- چاوەنۆڕیی ئاگایانە / نائاگایانە
- دیدی هۆشەکی / هۆشنەیار
- بیرکردنەوە / هەست

- مرۆڤ بوونەوەرێکی فەرهەنگییە/ سروشتییە
- پەرگالی فەرهەنگی / دیسکۆرس
- سەرمایە / سەرمایەی هێماکار / توندوتیژیی هێماکار
- زاناندن / زمان / زانیار
- نۆرم / بەهاڕێژی
- کایەی زانیار
- ئەزموونی ڕاستەوخۆ / تیان

❖ ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە ڕێی هەستەرەکانی خۆمانە پەیدا دەکرێن، ئەمیان بنەڕەتییە، هەرە گرینگە، لە خێزاندا پەیدا دەبێت.

❖ ئەزموونی تیان لە ڕێی بەرهەمی هێماکاری کەسانی دیکەوە پێمان دەگەن، وشە، وێنە، ژمارە... ئەمیان سەرخانە، لە فێرگەدا پەیدا دەبێت)

ئێمەی مامۆستا گەر تواناماں هەبێت بیردۆزە ببەینە ژووری پۆلەوە، دەرکمان هەبێت بۆ ناسنامە، جڤاکاندن، هاوسەمای تاک - جڤاک، ناکۆکی و چەمکی دیکەی پەیوەست بە کاروباری فێرکارییەوە، ئەوسا زمانمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەوەی لە پۆلدا دەچەرخێت، دەتوانین ڕووداوەکانی پۆل ڕاڤە بکەین و بەوەش پتر سازەندە بین بەرانبەریان. کەواتە مامۆستا دەبێت سەرەدەری لە زانستی وەک ژینەوەرناسی، جڤاکناسی و دەروونناسی بکات.

ئێمەی مامۆستا بەگشتی نۆرەیەکی گرینگمان هەیە لە گوتوبێژی ئاڵۆزی نێو فێرگەدا و دەبێت باشتر ئاگاییمان لەو نۆرەیە هەبێت. جار هەیە دەبێت بڕیاری بدەین، یان توانستی خۆمان سەربخەین یان هەڵوێستمان بگۆڕین.

**جڤاکاندن - دەستپێکی فێرگە - نێزیکبوونەوە و لێکترازان**

دەستپێکی فێرگە دوودڵی لای فێرخواز پەیدا دەکات. خواستی گەورەبوون و سەرفەرازبوون لە لایەک و ترسیش لەو باسە لە لایەک. فێرگە دەشبێتە جێگرەوەی خێزان - بە هەردوو ڕووکاری هەم ئاسوودەیی و هەم ساختار. فراژووتنی کەسایەتی لێرەدا گرینگە بۆ ئەوە مرۆڤ بتوانێت بە شێوەیەکی دروست هەنگاو بنێت ڕووەو

سەرفەرازی. ئەم گەشتەی مرۆڤ لە منداڵییەوە بۆ کەسێکی هەڵکشیوی ئەندام جڤاک، لە زارۆکەوە بۆ فێرخواز و بەشدار لە کاروباری دەوروبەردا پێی دەگوترێت «جڤاکاندن».

جڤاک و تاوی جڤاک بەدەم ڕۆژگارەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەراوردی سەنگی، دوێنێ و ئەمڕۆی ئەم چەمکانە بکە: خێزان، دەوڵەت، دین، فێرگە و ماسمێدیا. لە سەردەمی کشتوکاڵدا چۆن بوون و ئێستا چۆنن.

**چوار چەمکی دەروونی - جڤاکی**

**پێڤاژۆی جڤاکاندن**

کەس
(سروشت،زارۆک، فێرخواز)

دەسەڵات / ناسنامە /
کۆنترۆل / سەرفرازی / جڵەوگرتن
بیرکردنەوە /زمان

جڤاک
(فەرهەنگ، دایکوباب، فێرگە)

تێگەیشتن، ڕاڤەکردن، گوتوبێژ و ڕوونکردنەوەی ناکۆکی پێویستی بەم چوار چەمکە دەروونی - جڤاکیە هەیە:

- **چاوەنۆڕی** - ئاگایانە، ئاگابەدەر، داکەوتبین (ڕیالیست)، هۆشنەیار، ئایەتی و نایەتی. بەشێکی ناکۆکی پەیوەستە بە چاوەنۆڕی ئێمە لە کەسی بەرانبەر، گەر بەرانبەر بەو جۆرە ڕەفتاری نەکرد کە ئێمە چاوەڕێی دەکەین ئەوا دەبێتە مایەی پەیدابوونی ناکۆکی.

- **وەبەردان** - ئێمە خەسڵەتی خۆمان لە کەسی دیکە دەسووین - جرپنییەکی نائاگایانە، بۆچوونێک یان هەستێکی نەخوازراو لە خۆماندا دەدەین بەسەر کەسێکی دیکەدا. دربیەکی ناخی خۆمان بۆ نموونە دەکەینە خەسڵەت بۆ کەسی بەرانبەر. بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هەستی لاوازیی، کەسی بەرانبەر بە لاواز

دادەنێین. چەپاندن و دڵپیسیی دژوار نموونەن لە دیاردەی وەها کە وەبەردانی تێدا کارایە. ترس، بێدەسەڵاتی، گومڕابوون و ڕاڕایی زایەندەکی نموونەن لەو هەستانەی مرۆڤ هەوڵ دەدات بە وەربەردان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

- **گواستنەوە** - مەیلێکە لای مرۆڤ بۆ گواستنەوەی خەسڵەتی نەخوازراوی کەسانێکی نێزیکی خۆی (بۆ نموونە دایکوباب) بۆ کەسانی دیکەی کەمێک دوورتر و ئەوجا کەوتنە بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەسڵەتە لای ئەم کەسە بێ ئەوەی زیانی بۆ هەڤبەندییەکەی خۆی هەبێت لەگەڵ کەسانی یەکەم (دایکوباب). بە وردبوونەوە خویا دەبێت کە ئەم گواستنەوەیە دیاردەیەکی باوە لە دەوروبەردا.
- **دیاردەی هەراسانکەر** - دیاردەی کۆنی چارەسەرنەکراو لە پاشخاندا هەن و دەبنە مایەی هەراسانی، بۆ نموونە یادەوەری لە نەخۆشی، چەپاندن، بەدمەستی، ئازاردان و مەرگ.

**دەربارەی ناکۆکی**

- ناکۆکی چییە؟ بەرهەمی نەگونجانی بۆچوون، بەرژەوەند یان جیهانبینییە.
- جوداوازی و ناکۆکی پێشمەرجن بۆ گۆڕانکاری و فراژووتن.
- ناکۆکی چارەی هەیە، چارەی هەم سازەندە و هەم ڕووخێنەر.
- ئەزموونی زووتری مرۆڤ لە چارەسەری ناکۆکی کاریگەریی هەیە لەسەر دید و توانستی مرۆڤ لەم بوارەدا.
- چارەسەری سازەندەی ناکۆکی دەکاتەوە گۆڕانکاری لای هەردوو لا.
- ئەم ڕوانگەیە دەڵێت ناکۆکی بۆ خۆی دیاردەیەکی ئایەتییە - بەڵام چارەسەری ناکۆکیی دەشێت نایەتی و جاروباریش وێرانکەر بێت.

**جۆرەکانی ناکۆکی**

ئێمە، لە هەڤبەندیی خۆماندا، لە خێزان و بواری کاردا، بەرانبەر سەرەتای دزەکردن و چەکەرەکردنی ناکۆکی هەستەدەرین. ئەزموونی زووتریشمان لە چارەی ناکۆکی کاریگەریی هەیە لەسەر دید و شێوازمان بۆ چارەسەری ناکۆکی. لێرەدا باس لە سێ چەمک یان پۆلی هەرە باوی ناکۆکی دەکەین کە بۆ خویاکردن، دیاریکردن و چارەسەری ناکۆکی خۆشدەستن:

- ناکۆکیی نێو-مرۆڤگەل:[96] دیدی جیاواز لە فاکت، بەهارێژی، ناواخنی بابەت، نەگونجانی دوو کەس. نەزانین و دەردی وەک دڵڕەشی دەکرێت ببنە هۆکار بۆ ئەم جۆرە ناکۆکییە. بەڵام ستراتیژی وەک وەبەردان و گواستنەوەش لێرەدا کاریگەرن، لەم بارەدا ناکۆکییەکە دەبێتە زڕە-ناکۆکی،[97] دەبێتە پەردەپۆشی ناکۆکییەکی دیکەی پەنهان.
- ناکۆکیی ناخەکی:[98] ناکۆکییە لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی تاک، لە نێوان دیوی ئاگا و نائاگای کەسێک. لێرەدا زۆر جار بۆ پەیبردن و ڕاڤەکردنی ناکۆکیی ناخەکی پەنا دەبرێتە بەر چەمکی «نیهاد،[99] ئەز و بەرزەئەز»[100] ی سەربە دەروونشیکاری:



بەڕێوەبەر بەدڕەفتاریم بەرانبەر دەکات و خواستمە تێیسرەوێنم. بەڵام ناشێت وەها بکەم چونکە ڕەفتاری وەها لەم جڤاکەدا ڕێپێدراو نییە. لەگەڵ فەرمانی خێزان، جڤاک و دیندا ناگونجێت. لەگەڵ ئەزی فەرهەنگیدا ڕێک نایەت. لەتەک بەها هەناوچێنەکانی خۆمدا ناسازە.

- «نیهاد» ئاستی دنە دایکزا و بەراییەکانی مرۆڤ دەکاتە سەرشار - نیهاد داوای دابینکردنی دەستبەجێ دەکات. دڕی و مەیلی زایەند نموونەن لە نیهاد و پەیوەستن بە پەلەی ژیانەوە - مان و نەمان - بە دنەی خۆپارێزییەوە.
- «ئەز» ئەو کەسایەتییە فەرهەنگییەیە کە ئێمە پێشانی دەدەین، ئەم ئەزە خەریکی سەمای سەرلەبەری کەسایەتییەکەیە لەتەک فەرهەنگ، نیهاد و بەرزەئەزدا. ئەم ئەزە پەیوەستە بە خۆپارێزیی فەرهەنگییەوە.
- «بەرزەئەز» وردەوردە هەڵدەکشێت و هەلومەرجی ژیان ئادگارەکانی دەنەخشێنێت. بەرزەئەز بەگشتی لە نائاگادا دەچەرخێت بەڵام ئەوە بە «ئەز» دەڵێت چی ڕێپێدراوە و چی نا. بەرزەئەز بە هەستی تاوانباری و پەژارە سزای ئەز دەدات. بەرزەئەز لە ژیاندا ڕێنوێنە. مرۆڤێک بەرزەئەزی نەبێت، سنووربەستی نییە. بەرزەئەز وێنەیەکە لە هەناوچێنکردنی[101] ڕێساوپاسا، بۆچوون و مەرجەکانی دایکوباب.

- ناکۆکیی دیاردە: ناکۆکییە لە نێوان مرۆڤ و دیاردەکانی دەوروبەر، سیستەم، سازمان و جڤاک. تاک و گرووپ تووشی ناکۆکی دەبن لەتەک دیاردەی خویا و شاراوەی دەوروبەر، بۆ نموونە: ئامانجی سەپێنراو، نۆرەیەکی بۆمان دیاریکراوە، ساختار و دەرامەدی دوور لە دەسەڵاتی خۆمان.

**خۆدزینەوە لە ناکۆکی**

شاخەمی زارۆک و هەرزەکار بریتییە لە هەڵبەستنی هەستێکی کەسەکیی خۆناس کە لای دەوروبەر مایەی سەلماندن بێت. ئەم فەرهەنگەی ئێمە [مەبەست ڕۆژاوایە] - بە بەراورد بە فەرهەنگی دیکە - ئەم دەرفەتە ناداتە زارۆک و هەرزەکار. ئێمەی خێزان، ئێمەی دایکوبابی ئەم سەردەمە کاتمان بۆ زارۆک و هەرزەکاری خۆمان نییە، ئەنجامەکەشی لە دەوروبەردا ڕوونە - بەشێکی فرەوانی زارۆک و جەوانی ئێمە بەدوای ناسنامەی دامەزراودا وێڵن.

مرۆڤی وێڵ لەبری خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی سازەندەی دەوروبەر، پەنا دەباتە بەر میکانیزمی خۆدزینەوە، بۆ نموونە:

**میکانیزمی هەڵاتن**

- هەڵوێستی خۆسەپێنانە - بەستەری نوێی لابەلا جێی بەستەرە بنەڕەتییەکان دەگرنەوە، زاڵبوون یان ملکەچی. هەڤبەندییەکە پێویستیی قووڵی دەروونی پڕ دەکاتەوە، تەنانەت لە نێوان زارۆک و دایکوبابیش بوونی هەیە - زارۆک ناچار دەبێت ژانی دایکوباب کەم بکاتەوە.
- ملکەچبوون بۆ سالارییەکانی ناخی خۆ - بۆ نموونە: ئەرک، ویژدان، «بەرزەئەز».
- ملکەچبوون بۆ سالاریی نامۆ – بۆ نموونە: بیروڕای گەلێر، مەیلی باو، مۆدە، ماسمێدیا.



- هەڵوێستی ڕووخێنەر – هەڵاتن لە هەستی بێدەسەڵاتی لە ئاست دەوروبەردا بەوەی گشت یان بەشێکی ئەو هەستە بڕووخێنیت، خامۆش بکەیت ئەوجا پێت وا بێت چ مەترسییەک نەماوە.
- هەڵوێستی ڕووخێنەر لە ئاست خۆدا – خۆنەخۆشخستن، خۆکوشتن، گیرۆدەبوون، خۆبریندارکردن. ئەمیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونە.
- وێکچوواندنی خۆڕەوتانە (ئۆتۆماتیکانە) — ئەو کەسایەتییە دەنوێنین کە دەوروبەر داوای دەکات. جوداوازیی نێوان «ئەز» و دەوروبەردا لەنێو دەچێت - بەڵام کەسەکە خۆی بە سەرفەراز دەزانێت.

**میکانیزمی بەرگری**

هۆکاری پەیدابوونی ئەم جۆرە میکانیزمانە بریتییە لە سەرهەڵدانی نیگەرانیی ڕاستینە، نیگەرانیی ویژدان (بەرزەئەز)، نیگەرانیی دەمارەکی (دنەدەرەکان). میکانیزمەکانی بەرگری یارمەتیی «ئەز» دەدەن بۆ بەرگری و خاوکردنەوەی ئەو مەرجانەی خەریکە لەڕادەبەدەر مەزن دەبن.

- لەبیرخۆبردنەوە - یادەوەری، هەست و خواستەکان وەها دەرکەنار دەکرێن ئاگایی پێیان ڕانەگات. ئەوەی لەبیرخۆ دەبرێتەوە بەردەوام هەر وزەکێش و گەرم لە پەنادا دەمێنێت و لە مەستی، تادارای و خەوندا سەرهەڵدەدات.
- ئافراندنی بەرتەک - هەستێک نائاگایە بە دژەهەستێکی دیکە دێتە گۆڕین، بۆ نموونە کینە بە خۆشەویستی. بەڵام کینەکە لە نێو خۆشەویستییەکەدا خۆی مەڵاس دەدات. جار هەیە ئەم خۆشەویستییە دژەهەستە، زێدەڕۆ و تاڕادەیەک ناچارەکی سەردەکات.
- وەبەردان - ئەو هەستە ناجۆرەی خۆم، بۆ نموونە ڕک یان لاوازیی، دەخەمە سەر کەسێکی دیکە: «تۆ ڕکت لە منە». ئەوەی ناخەکییە دەکرێتە دەرەکی. زارۆک هەستەکانی خۆیان لە گیانەوەری دەوروبەر دەپێچن.
- گیرخواردن - مرۆڤ لە ئاستێکی ناڕسکاودا گیر دەخوات کە ناکۆکیی چارەسەرنەکراوی تێدایە. لێرەدا هەمان نەخشی کۆن بە جۆری شێوێنراو دووبارە دەکاتەوە.
- پاشەکشە - گەڕانەوە بۆ شێوازی وەهای خۆ دابینکردن کە ئاسوودەیی تێدا بێت. لەوانەیشە گرینگ بێت بۆ پشوودان.
- نکووڵیکردن لە بەسەرهاتی ژانبەخش. بەرگریی سایکۆس Psychosis (دەروونپەشێو، ڕەوانئاڵۆز).
- بەرزکردنەوە - وزەی زایەندەکی (زۆر جاریش شێوەی ناپەسەند) بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی فەرهەنگی، هونەر، وەرزش، دین ... هتد.
- هەڵاتن بۆ نێو نەخۆشی، دەروونپەشێوی و ترس.
- ئیماگۆ Imago- وێنەیەکی نائاگایەنە لە کەسانی بەرانبەر کە دەبێتە ڕێبەری پەیدۆزییەکانمان.

**چەوساندنەوە لە گرووپی زارۆک و جەواندا**

مامۆستا، کە چەوسانەوە، چەپاندن و بەدڕەفتاری لە نێو پۆل و فێرگەدا دەبینێت، چی دەکات؟ ئێمەی گەورەساڵ هەڵوێسمان چۆنە؟

- چاوی لێ دەپۆشم.
- دەیبینم بەڵام خۆمی لێ وێڵ دەکەم.
- لەگەڵ کەسی چەوسێنەردا پەیمانێکی لابەلا دەبەستم، پێک دێین لەسەر ئەوەی لە پۆلەکەی مندا ئارام بێت و لە دەرەوە بەدڵی خۆی بکات.
- دەبینم بەڵام ناوێرم خۆم تێکەڵ بکەم.
- جاروبار خۆڕسکانە بە وشەی ساکاری باو ئاگاداری دەکەمەوە: مەکە، دانیشە، هەراهەرا، بەسە...
- نەڕاندن بەسەر گشت گرووپەکەدا.
- پەنابردنە بەر شێوازی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەکە لە نێو ئەو گرووپەدا، بۆ نموونە: ڕۆڵوازی، ڕاهێنانی بەهارێژی، گوتوبێژ... هتد.
- یارمەتیدانی هێزە سازەندەکانی نێو گرووپەکە.
- دەرهاویشتنی کەسانی چەوسێنەر.
- ناکۆکییەکی سازەندە لەتەک چەوسێنەردا دادەمەزرێنم.
- داوای یارمەتیی دەکەم.

کام لەو خاڵانە لە فێرگەدا زیادتر باوە؟ تۆ چی دەکەیت؟

**مرۆڤی گەورەساڵ لە گۆشەنیگای زارۆکەوە**

- سەرچاوەیە بۆ زانیار و ژیری - خاوەن بەرسڤ و ساختارە.
- سەرچاوەیە بۆ بەخشین و مێهر - گشت پێویستی و خواستێک دابین دەکات.
- بابەتێکە بۆ سەرسامبوون - لەوەش دەترازێت بۆ پەرستن یان نائومێدی.
- دەسەڵاتدار - مامۆستا دژوارە بەڵام دادپەروەرە. فێرخواز جار هەیە داوای سزا دەکات بۆ ڕزگاربوون لە هەستی تاوانباری.

## کەسایەتیی مرۆڤی گەورەساڵ

کەسایەتی گرینگترین دەستاوێژی مرۆڤە. گەر مەبەستمان فراژووتنە ئەوا دەبێت ئامادەبین سەرنج لە کەسایەتیی خۆمان بگرین و بزانین چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر کارەکەمان. کەسایەتی دەستاوێژێکە ئێمە هەردەم دەتوانین دەمەزەردی بکەین.

- چارەکردنی درِی - درِی بۆ خۆی ڕووخێنەر نییە. هێزێکی پێویستە و گەر بە دروستی چارە بکرێت، سازەندەیە. درِی خەسڵەتێکی بنەڕەتییە و دەبێت ڕێچکەڕێژ بکرێت - دەرفەتی دەربازبوونی هەبێت. گەمان لای زارۆک گرینگترین شێوازە.
- پێویستیی زێدەڕۆی جڵەوگرتن - ترسە لە ئاژاوڵە و لەدەستدانی کۆنترۆڵ. مرۆڤ وەها خۆڕسکبوونی خۆی دەدۆڕێنێت.
- ترس لە ڕەخنە - سەلماندنی ڕەخنە ڕێزداری دەبەخشێت.
- پێویستیی زێدەڕۆی خەمخۆریی - لەوانەیەی پەیوەست بێت بە پێویستیی دەروونی خۆمانەوە.
- کێشەی سالارەتی *authority problem* - کێشەی هەڵسوکەوت لەتەک کەسانی پایەداردا، کێشە داکۆکی لە سالاریی خۆ.
- کێشەی چارەکردنی دەربرِینی زایەندبار - مرۆڤی ڕسکاو بەرپرسایەتی لە ئەستۆیە دروست ڕەفتار لەتەک زارۆک بکات.
- کێشەی چارەکردنی خەسڵەتی پاشەکشە - ئەمیان پەیوەستی ئاستی فراژووتنە نەک ئادگاری کەسایەتی.
- پێویستیی زێدەڕۆی پەژراندن.

## دەیسا چ بکەین باشە؟

ئێمەی مامۆستا لە نێو خۆماندا مرۆڤی جیاوازین، فێرخواز لە نێو خۆیاندا جیاوازن، ناکۆکیش هەمەجۆرە لەبەر ئەوە یەک ڕێباز و یەک مۆدێلی گشتی نییە بۆ چارەسەری ناکۆکی. بەڵام بیرۆکە و ستراتیژی وەها هەیە لە زۆر باردا کاران، بۆ نموونە:

1- تۆ دەبێت گشت خۆت پێشان بدەیت، نەک تەنها بە گوتە. تۆنی دەنگ، دەربرِینی ڕوخسار، شێوازی ڕاوەستان، پێشاندانی هەستی خۆت... گشتی دەبێت ئامادە بێت بۆ ئەوەی فێرخواز تێبگات کە ئیدی کاتە، کاتە ئاگاداری ڕەفتاری خۆی بێت.

2- پێشانی بدە کە تۆ ئامادەیت بەرگری لە هەڵوێستی خۆت بکەیت. نموونە لە ژیان و سالانی خوێندنی خۆت بهێنەوە. ئاماژە بدە بە ڕوانگەی خۆت و جڤاکیش دەربارەی ڕەفتاری لەو بابەتە.

3- هەرگیز سووکایەتی بە فێرخواز نەکەیت. سووکایەتی پردێک دەڕمێنێت سارِێژبوونی ئەستەمە. تۆ بۆت هەیە ڕوون بیت، تووڕە بیت، هاوار بکەیت، هەستی خۆت پێشان بدەیت. بەڵام هەرگیز وشەی سووک بەکار ناهێنێت، بێڕێزی ناکەیت.

4- فێرخواز ئاگادار بکەوە لەوەی دەیبینیت، لە تێگەیشتنی خۆت بۆ ئەوەی لە پۆلدا دەگوزەرێت، لە هەستی خۆت بەرانبەر ئەوەی دەیبینیت. ئەم هونەرە بە «ئاوێنەدانە دەست فێرخواز» ناودێر دەکرێت.

5- ڕوونی بکە دنەدەری چەپێنەر و چەوسێنەرەکان چییە.

6- بە پیشاندانی هەستی خۆت ڕوونی دەکەیتەوە کە تۆ پەرۆشی ئەو پۆلەیت. فێرخواز تێدەگات کە ئەمە مامۆستایەکە ئامادەی کۆشانە بۆ ئەوەی پۆل خۆشرەوت بێت.

7- تۆ بۆت نییە لە ناکۆکیدا بکەویتە دەسەڵاتبازی. تۆ دەسەڵاتت هەیە و دەبێت بە شێوازێکی دروست بەکاری بهێنیت.

8- کەسی بەرانبەر دەرک بکە، خاڵی گەشەکردنی تێدا دەرک بکە. فێرخواز دەبێت هەست بکات بەوەی تۆ دەرکی دەکەیت و خاڵی گرینگ، خاڵی گەورەبوونی تێدا دەبینیت.

9- لە خۆت وردبەوە. کێیە ئەوەی لە پۆلەدا هەرا دەنێتەوە و تۆ لێی بەپەرێزیت - ناتەوێت لەتەکیدا ناکۆک بیت؟ ڕێک ئەو کەسەیە تۆ ناچاریت، زوو یان درەنگ - هەتا زووتر بێت باشترە - ڕووبەڕووی ببیتەوە، بۆ ئەوەی پۆلەکە ڕزگاری بێت لە ڕەفتاری ڕووخێنەر.

**ڕاهێنان - نموونە لە کێشە و بەرگری لە فێرکاریدا**

1. ئەمە یەکەم دیدارتە لەتەک پۆلی 9A. پێشکاتیش زانیوتە کە ئەم پۆلە «کەمێک تایبەتە» و زۆر لە فێرخوازەکانی نمرەیان نزمە. بڕیارە تۆ بابەتی جڤاکناسییان پێ بڵێیتەوە. دەچیتە پۆلەوە و دەبینیت نیوەی فێرخوازان پەنام (غائب) ـن، ئەوانەی ئامادەن پێیان لەسەر مێزە، خەریکی تەلەفۆنن. کەس سەرنجی لای تۆ نییە.

- لێکدانەوەت لەم دۆخە چۆنە؟
- چی دەکەیت؟
- چۆن سەرنجی فێرخوازان ڕادەکێشیت و پەیوەندییان لەتەک دەگریت؟

2. چەند هەفتەیەکە دەرس بە پۆلی 7A دەڵێتەوە و پێت وایە کار باش ناچەرخێت. پۆلەکە فرە بەپەرێزن - فێرخوازەکان تەواو کەمدوون. هەست دەکەیت دوو فێرخوازی بەهێز، کوڕێک و کچێک، لە پۆلەکەدا زاڵن و کاریگەریی نایەتییان لەسەر کەشی پۆل هەیە. فێرخوازانی دیکە ناوێرن خۆیان بن. تۆ دەبینیت کە فەرهەنگێکی چەوسێنەر لە پۆلەکەدا دامەزراوە.

- تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟
- دەرفەتەکانی بەردەست چین؟

3. سێ وەرزی خوێندن (تەرمین)ـە تۆ مامۆستای نەسرین-یت. تۆ نمرەی کۆتای ساڵت داناوە و پێشکاتیش فێرخوازانت لەم باسە ئاگادار کردووە. نەسرین چ گازەندەیەکی لە نمرەی خۆی نەبووە. باوکی نەسرین لە پشووی سەریساڵدا تەلەفۆنت بۆ دەکات و دەڵێت نەسرین لە وانەکانی تۆدا هەست بە کزیی خۆی دەکات، لەخۆی ڕانابینێت بێتە پێش و توانستی خۆی پێشان بدات. باوکی پێشنیاز دەکات تۆ بچیتە سەردانی باوکەکە لە کاری خۆی و گوتوبێژ دەربارەی ئام باسە بکەن.

- ئەمە چۆن چارە دەکەیت؟
- نەسرین چۆن چارە دەکەیت؟

4. تازە لە ڕاستدۆزیی بەرهەمی پۆلی یەک تەواو بوویت کە چەند هەفتەیەکە پێوەی خەریکن و ئەنجامەکانت داوەتەوە دەستیان. ئێوارە باوکێک تەلەفۆن دەکات. ئەمیان پارێزەرە و فرە ڕەوانبێژە. ئەم باوکە زۆر تووڕەیە لەوەی منداڵەکەی نمرەی هەرە نزمی وەرگرتووە. ئەم پێی وایە بەرهەمی منداڵەکەی خۆی دەبا لانی کەم سێ لە پێنجی وەرگرتبا. پێشت دەڵێت کە تۆ بەگشتی کارامە نیت و بەتایبەتیش لەتەک کوڕەکەیدا.

- تۆ دەڵێت چی؟
- ئەم باسە چۆن چارە دەکەیت؟

5. تۆ، لە ئاستدۆزی (ئیمتیحان)یەکی جڤاکناسیدا، بڕیار دەدەیت یارمەتی فێرخوازێک بدەیت کە دەروەستی پرسیارەکان نایەت چونکە زمانی بڕ ناکات. فێرخوازانی پۆل زۆر تووڕە دەبن و پێیان وایە ئەم کارەی تۆ ئەوپەڕی بێدادییە. ئەمان بەنیازن سکاڵا بەرنە لای بەڕێوەبەر، ڕابەری پۆل و هەروەها دایکوبابی خۆیان.

- تۆ دەتوانیت چی بە پۆل، بەڕێوەبەر و دایکوباب بڵێیت؟
- پێویست دەکات لەتەک ئەو فێرخوازە بئاخفیت کە یارمەتیت داوە؟

**پرسیاری یاریدەر دەربارەی چارەی ناکۆکی**

لە گرووپەکەی خۆتاندا، ناکۆکییەک دیاری بکەن کە لە فێرگەدا پەیدا دەبێت. ئەوجا، بە یارمەتیی چەمکی سەربە ناکۆکی و دەروونناسی، بکەونە گفتوگۆ، ڕاڤەکردن، شرۆڤەکردنی ئەو ناکۆکییە. فەرموون ئەمەش چەند خاڵێکی یاریدەر:

1. ڕاڤەی گشتی لە کێشەکە داڕێژن.
2. ناکۆکییەکی بەرهەست باس بکەن کە ئەو کێشەیەی تێدا بەرجەستە بێت. لێرەدا پرسیاری سەربە پێڤاژۆ بەکاربهێنن، بۆ نموونە: لە کوێ؟ کەی؟ چۆن؟ زووتر چی ڕوویدا؟ پاشان چی ڕوویدا؟ کێی تێدا بەشدار بوو؟
3. ئەم دۆخە چ کێشەیەک بۆ ئێوە دروست دەکات؟
4. بە بۆچوونی ئێوە، لایەنی بەرانبەر چۆن لەم دۆخە دەڕوانێت؟
5. لایەنی بەرانبەر چییان مەبەستە ئێوە لەم ناکۆکییەدا ئەنجامی بدەن؟
6. ئەگەر ئێوە ئەو خواستەی بەرانبەر ئەنجام بدەن چی ڕوو دەدات، ئەنجامی چی دەبێت؟
7. چ ئەنجامی دیکەی ئایەتی/نایەتیی لێ دەکەوێتەوە؟
8. ئێوە چیتان دەوێت، دۆخەکە چۆن بێت باشە بەلای ئێوەوە؟
9. زووتر، بۆ چارەکردنی کێشەی لەم بابەتە، چیتان کردووە؟
10. ئەودەم چی ڕوویدا؟
11. بۆچی سەری نەگرت؟
12. لایەنی بەرانبەر چی کرد بۆ چارەکردنی کێشەکە؟
13. چارەی دیکە چی هەیە؟ بیر لە ڕێچکەی دیکە بکەنەوە.
14. ئامانج لەم چارەسەرە تازانە چین؟
15. چی دەکەن بۆ پێکانی ئەو ئامانجانە؟

16. کۆسپ و ڕێبەستی ئەم چارەسەرە تازانە چین؟
17. لادانی ئەو کۆسپ و ڕێبەستانە چۆنە؟
18. کەی دەکەونە کار بۆ پیادەکردنی ئەو چارەسەرە؟ چۆن؟ لە کوێ؟
19. کاتی چەند گەرەکە؟
20. کێ، کام لایەن، دەتوانێت لەم باسەدا یاریدەر بێت؟
21. کەی، لە کوێ و چۆن ئەنجامی کارەکەتان هەڵدەسەنگێنن؟
22. چۆن دەزانن گەیشتوونەتە ئامانج؟

**کارامەیی چوارەم: شارەزایی دەربارەی هەڵسەنگاندنی زانیار و فراژووتنی زانیار**

**هەڵسەنگاندن، نمرە و نرخاندن**



فەیلەسووف و دەروونناس زۆرن دەڵێن هەڵسەنگاندن لە هەستەوە سەر دەکات - بەڵام لە پیشەوەریدا ئەم دیدە دروست نییە. ناشێت ئێمەی مامۆستا لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی فێرخوازدا بڵێین «هەست دەکەم باش نییە». لە فێرکاریدا باس لە هەڵسەنگاندنی پیشەوەرانەی یاسافەرمانە[102] و ئەوجا چۆن ئەو هەڵسەنگاندنە لە نمرە و نرخاندندا بێتە دەربڕین. هەڵبەت تۆیش دەزانیت کە هەڵسەنگاندن و نمرەدانان بوارێکی مینرێژە. هەزاران پسپۆری هەیە لە ئاستی هەمەجۆردا و بە دیدی جیاواز. مەبەست لەم تێکستە دۆزینەوەی خاڵی هاوکۆیە کە زۆرینە لەسەری کۆکن.

**هەر بەڕاست هەڵسەنگاندن چییە؟**

لەڕاستیدا هەڵسەنگاندن باسێکی سەیروسەمەرە نییە، ئێمە بەردەوام و لە بەستێنی هەمەجۆردا خەریکی نرخاندن و هەڵسەنگاندنین. هەڵسەنگاندن پڤاژۆیەکی بیرکردنەوەیە ئێمە یادەوەری و ئەزموونی تێدا دەنرخێنین. ئەم توانستەمان چەند میلیۆن ساڵ تەمەنی هەیە و لای خزمە گیانەوەرەکانی دیکەشمان هەیە، ئەوانیش لە ڕوانگەی پێوەری وەک خۆراک، مەترسی و ئاسوودەییەوە خەریکی هەڵسەنگاندنی دەوروبەرن. لای مرۆڤ پڤاژۆی هەڵسەنگاندن بەگشتی لە ئاستێکی ئاگایانە و ئاوەزمەندانەدایە بەڵام لە گوزەرانی ڕۆژانەدا مەرجی ئەوتۆ لەسەر ئەم پڤاژۆیە نییە.

بەڵام لە پیشەی مامۆستایەتیدا، پڤاژۆی هەڵسەنگاندن، دەبێت بنەمای بەڵگەداری هەبێت و پێوەری بابەتەکیی وەها بکاتە سەرشار کە بە شێوازی زانستانە هاتبێتە بەرهەم و لەلایەن فەرمانگەی پەیوەستەوە هاتبێتە بڕیاردان. لە ئاست ئەم پێوەرانەدا (کە لە پلانی فێرکاریدا بە «مەرجی زانیار» ناودێر کراون) ئێمەی مامۆستا کەسی ئاسایی نین، بەڵکوو کارمەندین و ناچارین پەیڕەوی ڕێساگەلی هەڵسەنگاندن و نمرەدانان بین.



*هەڵسەنگاندن، لە گوزەرانی ڕۆژانەدا، مەرجی ئەوتۆی لەسەر نییە.*

**بابای فەیلسووف چی دەبێژێت؟**

Edmund Husserl فەیلەسووفی ئەڵمانی بەشێک لە بەرهەمی خۆی بۆ هەڵسەنگاندن تەرخان کردووە و دەڵێت هەڵسەنگاندن هەست دەکاتە سەرشار بەڵام دەگمەن نەبێت نایکاتە دواویستگە. مرۆڤ ئەنجامی هەڵسەنگاندنی خۆی دادەڕێژێت، ئەم داڕشتنە بەرتاوی هەستی کەسەکییە. ئەزموون و یادەوەریی ڕۆژانەمان ئەو هەستانە هەڵدەبەستن و هەستەکانیش زۆر جار دەبنە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەمان. یادەوەری و ئەزموون بە هەست بار کراون و ئەم بارە دەبێتە جۆرێک لە «پێوەری هەڵسەنگاندن». کەواتە ئێمە لە هەڵسەنگاندندا هەست وشەپۆش دەکەین.

- واو، چ فیلمێکی نایابە!
- شار هەبێت بانەیە!
- هەنار، هەناری شارەبانە!

**هەڵسەنگاندنی پیشەوەرانە**

ئێمەی مامۆستا دەزانین کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لە فێرکاریدا دەبێت یاسافەرمان بن، هاوکۆ و داڕێژراو بن. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندن لە کەسێکەوە بۆ کەسێک، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێک جیاوازیی هەیە. ئەم دیاردەیە هەموو ئەو پیشەگەلە دەگرێتەوە کە هەڵسەنگاندنی تێدایە، هەر لە دادوەری تۆپانێوە هەتا پزیشک و دادگە.

ڕاستە کەسانی پیشەوەر خاوەن هەڵسەنگاندنی جیاوازان بەڵام دیسان گرینگە هەڵسەنگاندنەکە دروست بێت. هەڵسەنگاندنی جیاواز پەیوەستە بە لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز ئەویش دەرفەتی پێدراوە لە هەڵسەنگاندنی پیشەوەرانەدا. مەرج ئەوەیە پێڤاژۆی هەڵسەنگاندنەکە یاسافەرمان بێت و پێوەرەکانیش بابەتەکی و داڕێژراو بن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ژێرخانێکی هەیە دەڵێت شتێک نییە پێی بگوترێت دادی ڕەها.

### هەڵسەنگاندن لە فێرگەدا چییە؟

ئێمە مامۆستا دەزانین کە هەڵسەنگاندن بەشێکی گرینگە لە پیشەی مامۆستایەتی. لەبەر ئەوەی دەزانین کە هەڵسەنگاندن هەرگیز ڕەها نییە، پەنامان بردۆتە بەر چەمکی «هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان». تەنها ئەوەی «ڕێنامەی کۆرس» دیاری کردووە دەبێتە پێوەر و هیچ پێوەرێکی دیکەی لابەلا تاوی لەسەر هەڵسەنگاندن نییە.

فێرگە ئەرکێکی لە ئەستۆیە پەیوەست بە زانیار و هەڵسەنگاندن گرێدراوی ئەو زانیارەیە. ئەرکی ئێمەی مامۆستا هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارەیە «پلانی فێرکاری» دیاری کردووە. دەیسا دەراوی هەرە بەرایی پلانی فێرکاری دەڵێت: زانست بناخەی فێرگەیە - هەڵسەنگاندنیش هەروەها.

زانیارنۆڕی لە «ڕێنامەی کۆرس» ـدا پێشانی دەدات زانیار چەند ئاڵۆزە و چەند شێوازی هەیە و لە ئاستە هەرە نزمەکانی نمرەدا داوای: تێکبەستن و هاوسەمای فاکت، تێگەیشتن، شرۆڤەکاری، توانست و زانین دەکات.

### چەند ستراتیژ و ئامۆژگاریەکی گشتی

تۆژینەوە پێشانی داوە کە ئەوەی دەبێتە مایەی هەڵسەنگاندنی بەرز بۆ بەرهەمی فێرخواز بریتییە لە بوونی شێواز و ستراتیژی فرەڕەنگ و دروست لەو بەرهەمەدا. وەک دەشزانین شێوازی هەمەجۆر هەیە بۆ کارکردن لەتەک ناواخنی فێرکاریدا. لەم بوارەشدا ئێوە ئەزموونی بەرینتان هەیە لەبەر ئەوە ئەم تێکستە دەبێتە باسێکی گشتی لە شێواز و ستراتیژ، پاشان پێویستی بە هەموارکردنە تەک بەستێن و هەلومەرجی تایبەت.

- پەیدۆزیی سەرەداو لە تێکستەکەدا

گەڕان بەدوای سەرەداودا ستراتیژێکی باوە لای فێرخوازی سەرکەوتوو، ئەمانە پێیان دەگوترێت داودۆز *cue-seeker*. فێرخواز لەم ستراتیژەدا، سەرەتا چاو دەخشێنێت بەسەر پێشەکی، پوختەی باس، سەرەباس، وێنە و پێڕستدا – ئەمە «تەنکەخوێندنەوە»یە. بەم جۆرە فێرخواز بانوێنەیەک لە نێوەڕۆکی بابەتەکە پەیدا دەکات و بەوە تێگەیشتنی خۆی چەخماخە دەدات و خۆی ئامادە دەکات بۆ خوێندنەوەی قووڵتر و تێگەیشتنی زیادتر.

- پەیدۆزیی نەخش، بەستێن، وێنەی گشتی و ساختار

باوە دەڵێین «گشتە لە کۆی پارچەکانی خۆی گەورەترە». چونکە گشتەیە، بەستێنە، واتا بە پارچەکان دەبەخشێت. پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: «لەبەر زۆریی درەخت دارستانەکە دیار نییە». ئەرێ، مرۆڤ خەریکی ژماردن و ناودێرکردنی یەکبەیەکی درەختەکان بێت، دەرفەتی نامێنێت بۆ پەیبردن بە جوانی و مەزنیی دارستان و بەو بەستێنەی دارستانی لە ئامێزە. لەبەر ئەوە وەها باشە مرۆڤ دەمدەم سەرهەڵبڕێت و نیگایەکی گشتە بکات، دەنا لە وردەکارییدا گیر دەخوات.

- بەرهەستاندن[103] و بەستنەوە بە ئەزموونی خۆ

لە داڕشتنی وەڵامدا وەها باشە نموونەی بەرهەست پێشان بدەین، نموونەی وەها کە پەیوەست بێت بە ئەزموونی خۆمان لەو بوارەی فێرکاریدا. بەو جۆرە پێشانی دەدەین کە ئێمە تێگەیشتووین لەوەی خۆمان

باسی دەکەین و بەرانبەریش ئاسانتر دەتوانێت بەدوا بەڵگەکارییەکانی گوتارەکەمان بکەوێت. خوێنەری تێکستەکەمان ناچار نابێت پرسیار بکات: «ئەم تێکستە دەڵێت چی، مەبەست چییە؟».

- پتەوکردنی بەڵگەکاری

سەرلەبەری زانیار لەڕاستیدا تێکبەستەن. وەڵام و بەڵگەکاریی مرۆڤ لە بۆشاییەوە نابارێن. بۆ تۆکمەکردنی وەڵام و بەڵگەکاری گرینگە مرۆڤ ئەو بەستەرانە پێشان بدات. مەبەست لێرەدا ڕێکخستنی لیستی سەرچاوە نییە بەڵام وەها باشە دەمدەم ئاماژە لە تێکستەکەدا هەبێت. بۆ نموونە: لە گوتاری... نووسراوە...، ئەم دیاردەیە دەمباتەوە بۆ...، بیرم دێت مامۆستایەک گوتی...، ئێمە لە گرووپی گفتوگۆی خۆماندا گەیشتینە ئەوەی...

- سێرەڕاگرتن

گرینگە مرۆڤ سێرەی ڕاگرێت لەسەر ئەوەی مەبەستە سێرەی لەسەر بێت، جەختی لەسەر بێت. لەوانەیە ئەم خاڵە ساکار بێتە پێش چاو بەڵام لەڕاستیدا فرە ئاسانە بیر و گوتار بە ئاڕاستەیەکی دیکە لاڕێ بگرن. ئاگادارکردنەوەی خۆ و هەروەها یەکدی، لە کاری تەنها و گەلدەستدا، کارێکی خاسە.

- ئاڕاستەکردنی پرسیار

پرسیارکردن خەسڵەتێکی فرە نایابە. پرسیارکردن، چ لە خۆ و چ لە بەرانبەر، دەبێتە مایەی تیژکردنەوەی بیرکردنەوە و سەرخستنی توانا،

**بیردۆزەی پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن - مەبەست چییە؟**

هەڵسەنگاندن و نمرەدانان پرسێکی هەستیارە. هەیە دەڵێت فێرگە نابێت خۆی بە کاری وەهاوە خەریک بکات. بەڵام بۆچوون هەرچییەک بێت ئەوا ئێمە ناچارین هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەین و گەر وەها بێت بۆ بەباشی نەیکەین. ڕێگەی خاسیش زۆرن بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕێچکەیەک بدۆزینەوە جێی هاوڕابوون بێت و لەتەک ڕێساگەلی فێرکاریشدا ڕێک بێت.



**پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن لە بیردۆزەدا**

پێڤاژۆ ڕووداونێکی دەوامەدارە کە بە پارچەی جۆراوجۆری هاوسەما دێتە هەڵبەستن. پێڤاژۆ ئەنجامی هەیە، لەم بارەدا ئەنجامەکە بریتییە لە نمرە یان بڕوانامە.

پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن بریتییە لە:




**پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن**

کۆچەرخ (مۆتۆر/ماتۆر) ی ئەم پێڤاژۆیە بریتییە لە ڕێوڕەسمی فێرکاری: دەستووری فێرکاری، پلانی فێرکاری، ڕێنامەی کۆرس، کارنامە و ڕێنامەی گشتی و هەروەها فێرگە و خودی مامۆستای پیشەوەر. تەنانەت فێرخواز، دایکوباب و جڤاکی دەوروبەر بەشدارن لە بزاوتنی ئەم پێڤاژۆیەدا.

- مەرجی زانیار لە پلانی فێرکاریدا دیاری کراون و دەبنە سەرشاری بەرهەست بۆ هەڵسەنگاندن. ئەم مەرجانەی زانیارە چەرخی فێرکردنەکە لە بوارێکی پتر ئاواڵە و بەریندا دەگێڕن و پێڤاژۆی هەڵسەنگاندنەکە لە بوارێکی پتر بەرتەسک و دیاریکراودا ڕادەگرن.
- ئامادەکردنی ئەرک بۆ فێرخواز. ئێمە دەبێت بە ئەرکی گونجاو کە ڕێک بێت لەتەک مەرجەکانی زانیاردا، دەرفەت بدەینە فێرخواز بۆ پێشاندنی توانستی خۆی.
- بەرهەمی فێرخوازە دەبێتە کەرەستەی هەڵسەنگاندن. ئەم بەرهەمەیە کە دەبێت لە سەرشاری مەرجەکانی زانیارەوە بێتە هەڵسەنگاندن.
- دۆکیومێنتبەندی، واتا گردکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو زانیارەی فێرخواز بەدەم کاتەوە پێشانی داوە. مامۆستا، بەدەم کاری فێرخوازەوە، بەرهەم و هەڵسەنگاندنەکان کۆ دەکاتەوە و ڕێک دەخات. بەم جۆرە مامۆستا دەتوانێ لە هەڵسەنگاندن و نمرەداناندا پتر یاسافەرمان و کاردروست بێت.
- هەڵسەنگاندن، نمرەدانان. دۆکیومێنتبەندییەکە بەراورد دەکرێت بە مەرجی زانیار.

**ماتریس (ماتریکس *matrix, rubrics*) ی هەڵسەنگاندن کێشەدارە**

ماتریسی هەڵسەنگاندن لەم سەردەمەدا جۆری زۆرە و ڕاستە لەم بوارەدا دەبنە یاریدەر بەڵام یاریدەرێکی کێشەدار. مەترسییەکی گەورە لەوەدایە ماتریسی هەڵسەنگاندن زۆر جار دەبێتە دەستاوێژێک بۆ نمرەبەندی نەک بۆ یارمەتیدانی فێرخواز. ئەم ڕاگواستەیەی Dyland William دەکەم کۆتای ئەم باسە:

*In general, rubrics seem to me to be about rating people, rather than helping them get better. Why not just give good feedback.*

**مافی زانیار، ئەرکی زانیار، هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان**

- مافی زانیار: هەموو فێرخوازێک مافی هەیە زانیار وەربگرێت، پەیدا بکات.
- ئەرکی زانیار: دەوڵەت ئەرکی لەسەرە زەمینەی «مافی زانیار» - لە ڕێی فێرگەوە - بۆ هەموو فێرخوازێک بڕەخسێنێت.
- هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان: تەنها ئەوەی «ڕێنامەی کۆرس» دیاری کردووە دەبێتە پێوەر و هیچ پێوەرێکی دیکەی لابەلا تاوی لەسەر هەڵسەنگاندن نییە.

کەواتە باس تەنها لەوە نییە فێرخواز ناچارە لە فێرگە بێت و ئەرکی فێرگەش بریتی بێت لەوەی فێرخواز ناچار بکات لە فێرگە بێت. باس لەوەیە فێرگە «مافی زانیار» بۆ گشت فێرخوازان دابین بکات - ئەم ئەرکە بە «ئەرکی زانیار» ناودێر کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەستێنی فێرکاری، «سیستەمێکی ئارمانجبین و ئەنجامبین بۆ هەڵسەنگاندن» دابین دەکات - واتە سیستەمێک ئارمانج و ئەنجام دەکاتە جڵەوکێشی فێربوون و فێرکردن. لەم سیستەمەدا «مەرجی زانیار» بۆ گشت بابەتی خوێندن و گشت ئاستەکان دیاری دەکرێت.



*سیستەمێکی ئارمانجبین و ئەنجامبین بۆ هەڵسەنگاندن*

*ئارمانج دەبێت خویا و بەردەرک بێت بۆ فێرخواز و فێرکردنیش دەبێت بە ئاڕاستەی ئەو ئارمانجە بێت.*

بۆ دابین کردنی «مافی زانیار» گرینگە پێڤاژۆی هەڵسەنگاندنیش پتەو بێت، لێرەدا پێویستمان بە چەمکی «هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان» هەیە کە دەڵێت هەڵسەنگاندن دەبێت مەرجەکانی یاساگەلی فێرکاری بکاتە پێوەر. هەڵسەنگاندن دەبێت بناخەی بابەتەکی و زانستانەی هەبێت، وەڵامدەرەوەی پلانی فێرکاری، ڕێنامەی کۆرس و گەلەمەرجی زانیار بێت.

ئێمە دەزانین کە «هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان» نابێتە دەستەبەر بۆ ئەوەی گشت هەڵسەنگاندنێک دروست دەرچێت، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر دیاردەیەکە لە پیشەی دیکەشدا بوونی هەیە، تێکستی یاسا یەکە بەڵام مەرج نییە بڕیاری دوو دادوەر لە دۆزدا وێکچوو بن. زانست یەکە بەڵام مەرج نییە دوو دوکتور یەک بۆچوونیان لە چارەی نەخۆشییەکدا هەبێت. مەرج نییە هەموو مامۆستایان هەمیشە وەک یەک بڕیار بدەن بەڵام گرینگە پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ سەرلەبەری بوارەکە دیار و ڕاگەین بێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکە یاسافەرمان دەرچێت.

## هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ[104] و گردەکار[105]

نێوەرۆکی هەڵسەنگاندن و گوتوبێژی شێوەڕێژ کەڤنارە. لەمێژە دەزانین ئەوەی کرۆکە لە هەڵسەنگاندن و گوتوبێژی شێوەڕێژدا کارێکە مامۆستای سەرکەوتوو هەمیشە خەریکی بووە. تۆژەران لە شێستەکانی سەدەی ڕابوردوودا کەوتنە خولیای زاناندنی ئەم دیاردەیە - داڕشتنی هونەرە لە چێوەی زانستدا. نێزیکە بیست ساڵێکیش دەبێت لە سوێد کارایە.

هەڵسەنگاندنی گردەکار هەڵسەنگاندنێکە لە مامۆستاوە، هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ لە مامۆستاوە نییە، بۆ مامۆستایە. گوتوبێژ و هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ پێش فێربوون دەکەوێت، گردەکار پاش فێربوون دێت. بەڵام باس لەوە نییە کامیان ئەنجام بدەین، هەردووکیان دەبێت ئەنجام بدرێن. نمرەدانان - بۆ ئەوەی یاسافەرمان بێت - پێویستی بە هەڵسەنگاندنی گردەکارە.

## هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ چییە؟

مەبەست لە چەمکی هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ ساختاربەندکردنی ئەو هونەرەیە کە مامۆستای باش هەمیشە ئەنجامی داوە. لە ئینگلاندی ساڵانی شەستەکاندا نەریتێک پەیدا بوو بۆ تۆژینەوە لە فەریکەمامۆستا و مامۆستای پسپۆر، لەوێدا خەسڵەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو خویا بوون، مەبەستیش لە سەرکەوتوو پێکانی گەلەمەرجی دژواری زانیارە. هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ زادەی ئەم نەریتەیە.

تۆژینەوەکانی ئەو نەریتە پێشانیان دا کە مامۆستای سەرکەوتوو کەسێکە لە بابەتەکەی خۆیدا توانایە و کارێکی وەها دەکات مەبەستی خوێندنەکە لای فێرخواز ڕوون بێت. فێرخواز دەیانزانی مامۆستا چاوەنۆڕیی چییە لێیان و ئەمان دەبێت لە توانادۆزیدا چی پێشکەش بکەن. ئەوجا خاڵی هەرە گرینگیش ڕاگەیاندنی بەردەوامی مامۆستایە لەتەک فێرخواز دەربارەی ئەوەی دەیزانن و ئەوەی پێویستە زیادتر خەریکی بن و بیری لێ بکەنەوە.

## ساختارێک بۆ هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ

1- گەلەمەرجی زانیار بە شێوەیەک ڕوون دەکرێتەوە هەمواری تەمەن بێت.
2- فێرخواز پێشکات تێگەیشتوون شێوازی پرسیارەکانی هەڵسەنگاندن چۆن دەبێت.
3- فێرخواز دەزانن ئەو مەرجانە چین کە بەرهەمی فێرخواز دەبێت دەروەستی بێت.
4- فێرخواز هەر لە دەستپێکی کارەوە لەم مەرجانە ئاگادار کراون.
5- پرسیارەکانی مامۆستا دەبێت وەڵامدەرەوەی گەلەمەرجی زانیار بن.
6- ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەی مامۆستا بە شێوەیەکی ڕوون پێشکەش فێرخواز دەکرێت:
   - ئەوەی فێرخواز دەیزانێت و مەرجی زانیار داوای دەکات
   - ئەوەی پێویستە فێرخواز هەوڵ بدات فێری بێت
   - فێرخواز چی بکات باشە بۆ ئەو فێربوون و زانینە

7- مامۆستا تەواو شارەزای چەمکەکانی بابەتەکی خوێندن، چەمکەکانی سەربە فراژووتن و هەروەها هەڵسەنگاندنە.

8- لە نێو مامۆستایاندا ساختارێکی هەم ئاسۆبار و هەم ستوونبار بۆ هەڵسەنگاندن هەیە.

9- بەرپرسان (بەڕێوەبەرانی فێرگە) هەم فراژووتن دەکەنە ئارمانج، هەم چێوەش بۆ ئەو فراژووتنە دابین دەکەن.

10- لای هەردوو لا کارا بێت، هەم دەرهەست و هەم بەرهەست: مامۆستا - فێرخواز، زانست - گوزەران.

11- مامۆستای پسپۆر لەم بوارەدا یاریدەرە بۆ ڕاهێزانی ساختار.

12- مامۆستا ئاگاداری «نێزیکترین زۆنی فێربوون ***ZPD***»ی فێرخوازە و ئەم ئاگاداربوونە لە هەڵسەنگاندنەکەدا ڕەچاو دەگرێت: تۆ ...ئەمە... دەزانیت و گەر ...ئەم کارە بکەیت... فێری ...ئەم... باسانەش دەبیت.

13- مامۆستای پسپۆر ژینگەیەکی سازەندە لە پۆلدا ڕادەگرێت - توانستی دەروونناسانە

14- جەختی هەمووان، هەم بەڕێوەبەرایەتیی فێرگە هەم مامۆستایان لەسەر ئەوەیە کە دەبێتە مایەی سەرخستنی ئاستی فێرخواز، دەبێتە مایەی ڕاهێزانی زانیار لای فێرخواز.

**هەڵسەنگاندنی گردەکار**

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وابەستەی نمرەدانانە و لەبەر ئەوە کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، بۆ نموونە کۆتای خول، وەرزی خوێندن (تەرمین) یان ساڵ. ئەمە بەرپرسایەتییەکی پیشەوەرانەی مامۆستایە و لێرەدا چ گوتوبێژێک دەربارەی بڕیارەکان جێی نییە، بەڵام مامۆستا دەتوانێت ئاگاداریی دیکە دەربارەی توانای فێرخواز لە لایەنی دیکەوە ڕەچاو بگرێت.

لە هەڵسەنگاندنی گردەکاردا، دۆکیومێنتبەندیی مامۆستا دەربارەی کار و بەرهەمی فێرخواز دەبێتە سەرشار. کار و توانای فێرخواز بەدەم کاتەوە لە دۆکیومێنتی خۆیدا تۆمار دەکرێت و ئەمجا مامۆستا بڕیار دەدات توانای فێرخواز لە بەرانبەر مەرجی زانیاردا، لەم ساتەی نمرەداناندا، لە کام ئاستە.

**پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن بە کردەوە - نموونەی کردەکی**

بۆ تێگەیشتن لە پاشخانی بیردۆزەکیی هەڵسەنگاندن بڕوانە سەردێڕی «*بیردۆزەی پێڤاژۆی هەڵسەنگاندن - مەبەست چییە؟* ». لێرەدا چەند نموونەیەک دەربارەی کاری ڕۆژانەی هەڵسەنگاندن و بەستەریان بە ڕێنامەی کۆرس و زانستی بابەتەکە، دێنە بەرباس.

نموونەکانی لێرەدا ڕێز کراون نموونەی ڕەسەنن، هەم فێرخوازەکان فێرخوازی ڕاستین و هەم بۆچوونەکانی مامۆستا کە دەبنە بنەما بۆ هەڵسەنگاندن، بۆچوونی ڕاستین. سەرچاوەی ئەم کەرەستەیە بەرهەمی تۆژینەوەیەکی چەند ساڵەیە کە وەڵامی نێزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد فێرخواز و هەڵسەنگاندنی نێزیکە سی مامۆستای گرتە

ئامێز. بەشێکی زۆری نموونەکان لە بابەتی جڤاکناسیدان چونکە ئەو بابەتە بواری یەکەمی کاری من بوو، بەڵام بەشێکی زۆری بەڵگەکارییەکان گشتاندن هەڵدەگرن، لە بابەتی دیکەشدا خۆشدەست و کاران.

**مەبەست**

مەبەست لەم کارە بە پلەی یەکەم ڕاهێزانی توانای هەڵسەنگاندنە، بەڵام لە پەنا ئەوەشدا خویاکردنی هەڤبەندییە لە نێوان فێرکردن - فێربوون - پرسیار - مەرجی زانیار - بەستێنە زانستییەکان - بەرسڤی فێرخواز - هەڵسەنگاندن - نمرەدانان.

**ساختاری ئەم تێکبەستەیە**

یەک یان دوو نموونە لە هەر بابەتێکی خوێندن.

- بابەتی خوێندن وەک بوارێکی زانستی - بە کورتی
- مەبەست لەو بابەتە
- پرسیار - پرسیارە بەرهەستەکانی دراونەتە فێرخواز
- بەستەر بۆ ڕێساگەلی فێرکاری - پرسیارەکە چ خزمایەتییەکی هەیە لەتەک بۆ نموونە گەلەمەرجی زانیار.
- بناری بەرهەم - ئاستی هەرە نزمی پەسەند لەو بابەت و ئاستەدا کە فێرخواز دەبێت لە بەرهەمی خۆیدا پێشانی بدات.

**شاپرسیار**

پرسیارێکی گرینگ هەیە دەڵێت: «ئایا فێرخواز ئەم بەرسڤەی خۆی تێدەگات؟». هەر بەڕاست فێرخواز تێدەگات چی وەڵام داوەتەوە یان وەڵامەکەی زادەی ئەزبەرکردن و لەبەرنووسینەوە و کۆپیکردنە. ئەم شاپرسیارە بەئاسانی لە «ماتریسی هەڵسەنگاندن»ـدا دەکەوێتە سێبەر و پەراوێزەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە تەنها لای مامۆستای پۆلە کە ئاشانی فێرخوازەکەیە و دەشبێت دۆکیومێنتبەند بکرێت. لەم بەشەدا نموونە هەن ئەم باسە ڕوون دەکەنەوە. لە زانستدا بەم دیاردەیە دەگوترێت «تێگەیشتنەکە قووڵییەکی چەمکامێزی هەیە».

**جیۆگرافیا - کورتەباسی جیۆگرافیا وەک بابەتی زانست**

- بابەت: سروشت و فەرهەنگ و هاوسەمای نێوانیان

- شاچەمکی بابەت، بۆ نموونە: شوێن، کەش، سروشت، فەرهەنگ، دەرامەد، ژینگە، نەخشە، ڕاگەیاندن، سوورەک (بازنەی سووڕدان)، خشتە، کۆچ، هەرێم...
- شامۆدێلەکانی بابەت: سوورەکی ئاو، سوورەکی جیۆلۆژی، هێزی ناوەکی و دەرەکی، نەخشە.



*جیۆگرافیا بریتییە لە هاوسەمای نێوان سروشت و فەرهەنگ*

**مەبەست لە بابەتی جیۆگرافیا لە «ڕێنامەی کۆرس»دا**

مەبەست لە خوێندنی جیۆگرافیا ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ فراژووتنی ئەم توانستانە:

- شرۆڤەکردنی تاوی هەم پێڤاژۆگەلی خودی سروشت و هەم کاروباری مرۆڤ لەسەر ژینگە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهان.
- پەیدۆزی و شرۆڤەکاریی هاوسەمای نێوان مرۆڤ، جڤاک و سروشت لە دەڤەری جیاوازی جیهان.
- شرۆڤەکاریی جیۆگرافیانەی دەوروبەر و هەڵسەنگاندنی ئەنجام بە یارمەتیی نەخشە و سەرچاوەی دیکەی جیۆگرافی، بیردۆزە، ڕێباز و تەکنیکی جۆراوجۆر.
- هەڵسەنگاندنی پرسەکانی سەربە ژینگە و فراژووتن لە ڕوانگەی ئاکار و فراژووتنی خۆڕاگر.

بە کورتی مەبەست ئەوەیە فێرخواز توانا بێت بەستێنی سروشت و فەرهەنگ بە دەستاوێژی جیۆگرافی شرۆڤە بکات.

**بەستەری ڕێنامەی کۆرس**

- مەرجی زانیار بۆ پۆلی سێ: فێرخواز تاوانی هەبێت دەوروبەری نێزیک بکاتە سەرشار بۆ ڕاڤەکردنی تاوی سروشت و ژینگە لەسەر جۆری گوزەرانی مرۆڤ.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی شەش: فێرخواز لە بەڵگەکاریدا بەستەری نێوان سروشت، فەرهەنگ، سەرچاوەی سروشتی و دابەشینی مرۆڤگەل بە شێوەیەکی ساکار پێشان دەدات.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی نۆ: فێرخواز زانیارێکی بنەڕەتیی هەبێت دەربارەی هاوسەمای مرۆڤ، جڤاک و سروشت و توانای هەبێت ئەو زانیارە لە بەڵگەکاریدا دەربارەی دیاردەی جۆراوجۆر پێشان بدات، بۆ نموونە دیاردەی هەڤبەندیی هۆکار-ئەنجام لە دابەشینی مرۆڤگەل، کۆچ، کەشوهەوا، ڕوەکستان...

**بناری بەرهەم:** بەرسڤی فێرخواز دەبێت تێگەیشتنێکی سەرەتایی لە بەستێنی جیۆگرافیدا پێشان بدات. نموونەکانی کە فێرخواز لە بەرهەمەکەیدا پێشانیان دەدات مەرج نییە پلە نایاب بن، بەڵام مەرجە لە ڕووی جیۆگرافییەوە دروست بن.

**نموونە لە پرسیار و بەرسڤ**

1- ڕوونی بکەوە بۆ پرتەقاڵ لە سوێد ناچێنرێت؟

- بەرسڤی پەسەند: کەشی نالەبار، گەرم نییە، زیاد ساردە، هاوینی سوێد کورتە، کەشی خراپە، بارانی زۆرە.
- بەرسڤی ناپەسەند: تیشکی بانوەنەوشە[106] UV خراپە، هەوای ناخۆشە، زەوییەکەی خراپە، ئێمە نامانەوێت، خۆش نییە، من پرتەقاڵم پێ خۆش نییە.

2- بۆچی زۆربەی شارەکان نێزیک ڕووبار، گۆمی گەورە، دەریا و زەریا هەڵکەوتوون؟

- بەرسڤی پەسەند: کەشتی بۆ هێنانی کەلوپەل، ئاسانتر دەگاتە جێ، بازرگانی، گواستنەوە، ناردنی کەلوپەل، ڕاگەیاندن، پەیوەندی لەتەک وەڵاتانی دیکە، هاوردن و هەناردن.
- بەرسڤی ناپەسەند: بۆ گەیشتنە جێیە، ئەوسا گەڕۆک (ئۆتۆمۆبیل) نەبوو، زەریا هەڵکشا بوو، مرۆڤ دەیویست مەلە بکات، دیمەنی بۆ ئەوانەی لەوێ دەژیان جوانترە، مرۆڤ لە سەردەمی زوودا شاری لە کەنار ئاو ساز دەکرد، خۆڵەمێشی گڕکان دەڕژایە ئاوەکەوە و شاری دروست دەکرد، شار حەزیان لە ئاوە.

**پرسیاری جیۆگرافیا بۆ ئاستی باڵاتر**

لێرەدا باس لە نەخشە، ئاڕاستە جیۆگرافییەکان،[107] دووری و سنوورە. دەتوانیت سوود لەم نەخشەیە بگریت.



*ئەمە دوو نەخشەی باکووری ئەوروپایە. سەر و ژێر لێرەدا چییە؟ سەر لە هەردوو نەخشەکەدا لای سەرەوەی نەخشەکانن بەڵام باکوور لە نەخشەی دەستە چەپدا سەر دەگرێت و لە نەخشەی دەستە ڕاستدا ژێر. تێگەیشتنی ئەم چەمکانە پێشمەرجن بۆ دەرککردنی «ئاڕاستە جیۆگرافییەکان».*

**بەستەری ڕێنامەی کۆرس**

- مەرجی زانیار بۆ پۆلی سێ: فێرخواز تۆژینەوەی ساکاری هەیە لە دەوروبەر، دەتوانێ نەخشە، گۆی زەوی، ئاڕاستە جیۆگرافییەکان و چەمکی سەربە جێوڕێ بەکار بهێنێت بۆ ناودێرکردن و ڕاڤەکردنی مەبەست.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی شەش: فێرخواز دەتوانێت چەمکی جیۆگرافی بەکاربهێنێت. فێرخواز زانیارێکی بنەڕەتیی هەیە دەربارەی وەڵات و دەوروبەر.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی نۆ: فێرخواز تاڕادەیەکی باش بتوانێت بابەتی جیۆگرافیی بەراورد بکات و هەڤبەندییان پێشان بدات.

**بناری بەرهەم:** بەرسڤی فێرخواز دەبێت تێگەیشتنێکی سەرەتایی لە نەخشە و کارکردەکانی نەخشە پێشان بدات. فێرخواز بۆ پێشاندانی بەرسڤی جیۆگرافیانەی دروست نەخشە و سێ شاچەمکی: ئاڕاستە جیۆگرافییەکان، دووری و سنوور بەکار دەهێنێت و بەم شێوەیە تێگەیشتنی خۆی ئاشکرا دەکات.

**نموونە لە پرسیار و بەرسڤ**

3- فینلاند دەکەویتە کویێ سویدەوە؟

- بەرسڤی پەسەند: ڕۆژهەڵات، باکووری ڕۆژهەڵات.
- بەرسڤی ناپەسەند: دەستەڕاست، باشووری ڕۆژهەڵات، ڕووسیا 65 پلە.

**جڤاکناسی - کورتەباسی جڤاکناسی وەک بابەتی زانست**

- بابەت: خەباتی مرۆڤ بۆ چارەکردنی بەرۆکگیری و کێشەی سەربە بواری تاکەکەس - جڤاک. کۆشانی مرۆڤ بۆ هەڵبەستنی سیستەمی سیاسی، جڤاکی، ئابووری، یاسایی و ئەرتەشی.
- شاچەمکی بابەت، تاک - جڤاک، دەسەڵات، ناکۆکی، سیاسەت، دەرامەد، ئابووری، بەرهەمهێنان، سەرفکاری، جڤاکاندن، ناسنامە، سەرمایە، کار ئایدیۆلۆژی، ڕاگەیاندن، ساختار، تاوان - سزا...
- شامۆدێلەکانی بابەت: ساختاری سیاسی، سووڕەکی ئابووری، سیستەمی یاسایی، تاک - جڤاک.

**مەبەست لە بابەتی جڤاکناسی لە «ڕێنامەی کۆرس»دا**

مەبەست لە خوێندنی جڤاکناسی ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ فراژووتنی ئەم توانستگەلە:

- بیردانەوە لەوەی تاک و جڤاک چۆن شێوەڕێژ دەکرێن، دێنە گۆڕین و دەکەونە هاوسەما.
- شرۆڤەکاری و پەیجۆریی ڕەخنەگرانە لە دۆزە جڤاکییە هەرێمی و جیهانییەکان لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە.
- بەکارهێنانی چەمکی سەربە زانستی جڤاکناس بۆ شرۆڤەکردنی ساختاری جڤاکی.
- بەڵگەکاری و ڕاڤەکردنی بۆ نموونە دۆزی جڤاکیی سەرنجڕاکێش، لە سەرشاری فاکت، بەهارێژی و ڕوانگەی هەمەجۆرەوە.
- پەیدۆزیی ئاگاداریی دەربارەی جڤاک لە مێدیا، ئینتەرنێت و بواری دیکەدا و ئەوجا پەیجۆری لە دروستایەتی و لەباربوونیان.
- بیردانەوە لە مافی مرۆڤکار و هەروەها بەهای دێمۆکراسیانە، شێوازی کار و پێڤاژۆی بڕیاردان.

بە کورتی مەبەست ئەوەیە فێرخواز لە هەڤبەندیی تاک و جڤاک تێبگات و توانای ڕامانی لێ هەبێت. فێرخواز دەبێت توانای هەبێت لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە دیاردە و دۆزی هەمەجۆری جڤاکی، کە زادەی سازمانگەریی مرۆڤن لە جڤاکدا، شرۆڤە بکات.

**بەستەری ڕێنامەی کۆرس**

- مەرجی زانیار بۆ پۆلی سێ: فێرخواز ئاشنای مافی مرۆڤکار و مافی زارۆک بێت و بتوانێت، بە هێنانەوەی نموونە لە گوزەرانی خێزان و فێرگە، ئەو زانیارەی خۆی پێشان بدات. فێرخواز توانای گوتوبێژی هەبێت دەربارەی نۆرم و ڕێسای گوزەرانی ڕۆژانە و بتوانێت نموونە بهێنێتەوە لە پێویستبوونیان.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی شەش: فێرخواز دەتوانێت بەڵگەکاریی ساکار بەڵام پتەو پێشکەش بکات دەربارەی دۆزی جڤاکی نێزیک ژینگەی فێرکاری. لەم کارەیدا بەهارێژی و دیدی خۆی پێشان بدات. توانای پەیجۆریی هەبێت لە ساختاری یاسایی و جڤاکی.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی نۆ: فێرخواز توانای هەبێت لە ساختاری یاسایی و جڤاکی وردبێتەوە، جۆری پێکهاتن و چەرخاندنیان دەرک بکات و بتوانێت باس لە بەستەری نێوانیان بکات. فێرخواز بتوانێت بەڵگەکاریی ساکار دەربارەی ماف و ئەرکی دیمۆکراتانە پێشکەش بکات.

**بناری بەرهەم:** بەرهەمی فێرخواز دەبێت پێشانی بدات کە فێرخواز توانستی تێگەیشتن و دەربڕینی هەیە لە ساختارگەلی سیاسی و جڤاکی. فێرخواز بۆ پێشاندنی ئەم تێگەیشتنەی خۆی، بە شێوەیەکی زانستانەی دروست - با هەمەپۆشیش نەبێت - هۆکاری سنووربەندکردنی بواری ڕەفتای تاک ڕاڤە دەکات، بەڵگەکاری پێشکەش دەکات دەربارەی بەرپرسایەتیی تاک لە دۆخی تایبەتدا. هەروەها نموونەش دەدات لەو ڕێساگەلەی لە فێرگەدا هەیە بۆ ڕێکخستنی هاوسەمای هەمووان.

**نموونە لە پرسیار و بەرسڤ - جڤاکناسی - تاوان و سزا**

4- بۆچی هەموو کەسێک بەدڵی خۆی نەکات؟

- بەرسڤی پەسەند: گەر وەها بێت دەبێتە هەرا، مرۆڤ دەبێت پەیڕەوی یاسا بێت، دەبێتە ئاژاوڵە، خەڵکی دەکەونە یەکتر کوشتن، ژیان ناچەرخێت، لەبەر ئەوەی یاسا هەیە، تاوان زۆر دەبێت.
- بەرسڤی ناپەسەند: لەبەر ئەوەی ناچارین، دەنا باوکم تووڕە دەبێت.

5- مرۆڤ چی بکات باشە گەر بزانێت کەسێک لە لایەن دایکوباب، هاوپۆل یان کەسانی دیکەوە بەدکاری لەتەک دەکرێت، دەچەوسێنرێتەوە؟

- بەرسڤی پەسەند: من بم تەلەفۆنی پۆلیس دەکەم، هەڵوێستم دەبێت، مامۆستا و بەڕێوەبەری لێ ئاگادار دەکەمەوە، یارمەتیی ئەو کەسە دەکەم، ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبمە کە بەدکارییەکە دەکات…
- بەرسڤی ناپەسەند: هەڵدێم، هیچ ناکەم.

6- چەند ڕێسایەک ڕیز بکە کە هەن بۆ ئەوەی ئێوە لە فێرگەدا لەتەک یەکدی هەڵبکەن؟

- بەرسڤی پەسەند: شەڕ نەکردن، مرۆڤ دەبێت شەر ڕاگرێت، تف نەکات، ڕێز لە کات بگرێت، خۆی لە فێرگە نەدزێتەوە، گوێڕادێرێت، خەریکی چەپاندن نەبێت، ڕێز لە بەرانبەر بگرێت، سووکایەتی بە کەسانی بەرانبەر نەکات.
- بەرسڤی ناپەسەند: چەپاندن، خواردن، ڕاکەڕاکە نەکردن لە گۆڕەپانی فێرگەدا.

**ناوی بابەت: فیزیا - وزە**

وەها باوە وزە و ماددە بە چەمکی پیکهێنەر، بە دەستووری فیزیا ناودێر بکرێن. ئەم دوو چەمکەن دەروازەی تێگەیشتی بناخەیی لە فیزیا دەکەنەوە - هەموو ناواخنێکی دیکە بریتییە لە کارکردی وزە یان ماددە. دەیسا ئەم باسە چۆن ببەینە پۆلەکانی فێرگەوە؟

فیزیا و ماتەماتیک بە دوو بابەتی هەرە سەخت و هەرە دەرهەستی[108] خوێندن دادەنرێن. ڕاستییەکەشی وەهایە، ئەم دوو بابەتە بۆ ئێمە کە فیزیاناس نین سەختن، جار هەیە لای زۆربەمان بووەتە ئەزبەرکردن و فێربوونی میکانیکی. بەڵام دیسان تێگەیشتنی فێرخواز لە بەرسڤی خۆی هەر گرینگە. باشترین هەڵسەنگاندنی ئەم خاڵەش لای مامۆستای بابەتەکەیە.

**فیزیا - کورتەباسی فیزیا وەک بابەتی زانست**

- بابەت: چواردە میلیارد ساڵ لەمەوبەر، لە هەژانێکی نێو بۆشاییدا، وزە و ماددە و لەوانیشەوە کات، جێ و تیشک هاتە ئافراندن. فیزیا خەریکی ڕیشەدۆزیی ئەم بابەتەیە لە هەردوو کۆسمۆسدا،[109] هەم میکرۆکۆسمۆس و هەم مایکرۆ - لە هەردوو ئاستی هەم ئاتۆمدا و هەم جیهان.
- شاچەمکی بابەت: هێز، ئاتۆم، وزە، سەنگ، کێش، بارست، کار، کارەبا، ماگنێت، بزاوتن، تیشک، دەنگ.
- شامۆدێلەکانی بابەت: مۆدێلی فیزیاکار، مۆدێلی ئاتۆمکار، یاسای هەرمانی وزە،[110] ڕێساگەلی بزاوتن و مۆدێلەکانی کایە.

سەرنج: چەمکی فیزیاکار لە بواری دیکەی ڕۆژانەشدا دێنە بەکارهێنان، بۆ نموونە هێز، دەبێتە بێهێزم، ئەو کەسێکی بەهێزە... گرینگە بزانین کە زۆر جار ناواخنی چەمک لای فێرخواز باسێکە و لای ئێمە باسێکی دیکەیە.

**مەبەست لە بابەتی فیزیا لە «ڕێنامەی کۆرس»دا**

مەبەست لە خوێندنی فیزیا ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ فراژووتنی ئەم توانستگەلە:

- بەکارهێنانی زانستی فیزیا بۆ پەیجۆریی ئاگاداری، هەڵوێست وەرگرتن و ڕاگەیاندن دەربارەی دۆزی سەربە وزە، تەکنیک، ژینگە و جڤاک.
- پیادەکردنی تۆژینەوەی سیستەمبەند لە فیزیادا.
- بەکارهێنانی چەمک، مۆدیڵ و بیردۆزەی سەربە فیزیا بۆ ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی بەستەر و دیاردەی فیزیاکار لە سروشت و جڤاکدا.

به کورتی مەبەست ئەوەیە فێرخواز توانا بێت فیزیازانیی خۆی بخاتە کار، ڕێچکەش ڕووەو ئەو ئارمانجە بریتییە لە: وردبوونەوە لە بزاوتنی زەوی، خۆر و مانگ. پەیداکردنی ئاشنایەتی لە هێزی کێش، لێکخشاندن، تەرازکردن... لە ڕێی گەمەی وەک جۆلانێ و خلیسکێنە.

**پرسیاری فیزیا – وزە چییە؟**

«وزە نە دێتە ئافراندن و نە لەنێو دەبرێت، تەنها دێتە گۆڕین لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە». ئەمەیە بە «یاسای هەرمانی وزە» ناودێر کراوە. ئەرکی تۆ بریتییە لە تۆژینەوە دەربارەی ئەم وزە لەتێکدان-نەهاتووە. چ تاوێکی هەیە لەسەر دەوروبەر.

سەرلەبەری وزە و مادده لە تەقینەوە مەزنەکە لە *Big Bang* -دا پەیدا بوون. لەو دەمەوە هەتا ئەمڕۆش گۆڕانکاریی هەمەجۆر لە زەوی و گشت گەردووندا هەیە لە نێوان وزە و ماددەدا. ئەوجا گەر زانست بەشێک، بەشێکی فرە بچووکی ئەو گۆڕانکارییە تێبگات ئەوا دەتوانین وزە بەکار بهێنین بۆ چەرخانی کاری میکانیکیی وەها کە ئێمە مەبەستمانە.

**هەشت سەرچاوەی وزە**

1. نەوت
2. گازی سروشتی
3. خەڵووز
4. پاشماوەی سروشت *Biomass*
5. با
6. ئاو
7. خۆر
8. یورانیوم *Uranium*

### ئەرک

ئەم ڕوانگە، چەمک و پرسیارانەی خوارەوە بەکاربهێنە بۆ شرۆڤەکردنی هەر یەک لە هەشت سەرچاوەکەی وزە. لەبیرت بێت پلانی فێرکاری داوات لێ دەکات بەڵگەکاریی پتەو پێشکەش بکەیت، بەستەر پێشان بدەیت و چەمکی زانستانەی سەربەم بابەتە بەکار بهێنیت.

### بەستەری ڕێنامەی کۆرس

- مەرجی زانیار بۆ پۆلی سێ: لە بزاوتنی زەوی، خۆر و مانگ ورد بەوە. ئاشنایەتی پەیدا بکە لەتەک هێزی کێش، لێکخشاندن، تەرازکردن… لە ڕێی گەمەی وەک جۆلانێ و خلیسکێنە.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی شەش: فێرخواز توانای هەیە بۆ گوتوبێژی ساکار دەربارەی وزە. دەتوانێت باس لە سەرچاوەی وزە بکات. باس لە یاسای هەرمانی وزە بکات.
- مەرجی زانیار بۆ پۆلی نۆ: فێرخواز توانای هەیە بۆ گوتوبێژ دەربارەی وزە، زانیار-ی بنەڕەتیی هەیە دەربارەی وزە و دیاردەی دیکە سەربە فیزیا. فێرخواز ئەم زانیارەی خۆی لە ڕێی بەکارهێنانی چەمک، مۆدێل و بیردۆزەوە پێشان دەدات.

### نموونە لە پرسیار و بەرسف

7- سوود و زیانی ئەم سەرچاوەی وزەیە چین؟ بەکورتی چەند ڕووکارێک ناودێر بکە.

**بناری بەرهەم:** فێرخواز وەڵامێکی دروست بەڵام ساکاری هەیە بۆ گشت سەرچاوەکان. لەوانەیە سەرچاوەی «پاشماوەی سروشت» زۆر باو نەبێت.

- بەرسڤی پەسەند: نەوت دونیا دەچەرخێنێت و پیس دەکات. هێزی ئاتۆمی وزەیەکی زۆر و پاکیش دەدات، ئەگەر نەشێوێت. هێزی با هەر وەک با پاکە، بەڵام بیستوومە دەڵێن هاژەهاژی زۆرە.
- بەرسڤی ناپەسەند: وزەی فرە زیاد هەیە. دەتوانین بەدڵی خۆمان بکەین. ترسناکە. شادیهێنە.

8- ڕوانگەی: ئابووری، کەش، ژینگە (جڤاکی بەرزیان) و ئاسایش (مەترسییەکان چین؟) هەڵبژێرە بۆ گفتوگۆ دەربارەی چوار سەرچاوەی وزە.

**بناری بەرهەم:** فێرخواز تێدەگات ڕوانگەی جیاواز چییە، دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ وردبوونەوە لە دیاردەی مەبەست و بەوەش خاڵی جیاواز دەبینێت.

- بەرسڤی پەسەند: نەوت تاڕادەیەک هەرزانە گەر زیانی بۆ کەش زۆر نەبێت. ژینگە، هەم دەریا و هەم هەوا، بە نەوت هەستیارە. نەوت هەر وشک دەبێت چونکە میلیۆنان ساڵی دەوێت هەتا دروست دەبێت.
- بەرسڤی ناپەسەند: هێزی ئاتۆم هەژێنە و نەوت بێزارکەرە. پێم وەها نییە هیچی خراپ لە هێزی ئاتۆم ڕوو بدات.

9- باسێک لە مێژووی چوار سەرچاوەی وزە ڕاڤە بکە.

**بناری بەرهەم:** فێرخواز توانای هەبێت لایەنی گرینگ لە مێژووی سەرچاوەی وزە دروست ڕاڤە بکات.

- بەرسڤی پەسەند: نەوت میلیۆنان ساڵە هەیە. پێم وایە لە سەدەی نۆزدەیەم، لە ئامەریکا و ڕووسیادا نەوت دۆزرایەوە و پاشان زیادتریان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دۆزییەوە. ئەوجا مرۆڤ پێی وەها بوو کێشەی وزە بۆ گشت جۆرە مەکینەیەک چارە کرا. نێزیکە پەنجا ساڵێک لەمەوبەر مرۆڤ تێگەیشت کە نەوت هەم خەتەرناکە و هەم وشکیش دەبێت.
- بەرسڤی ناپەسەند: وەڵامی هەڵە و بێسەروبەر.

## کارامەیی پێنجەم: دەرکی بیردۆزەکی و زانستانەی پەیوەست بە کاروباری فێرکاری

مامۆستا دەتوانێت بێ ئەم توانستەش فێرکارییەکەی خۆی بچەرخێنێت، ئەم توانستە مەرجی ناچارەکی نییە. لەبەر ئەمەیە بەشێکی مامۆستایان، پاش کۆتابوونی خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی، لایەنی بیردۆزە وێڵ دەکەن. مامۆستا هەیە پێی وەهایە بیردۆزەکانی سەردەمی خوێندن چ ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە کاری ڕۆژانەی پۆلدا نییە - بیردۆزەکان دوورن لە کاروبارەوە. کاتی وانەگوتنەوە نابینێت ناوی وەک Vygotsky, Piaget, Habermas, Bruner ببنە یاریدەری بەرهەست.

بەڵام دەزانین کە ئەو 10-15% ی مامۆستا، ئەوانەی بە مامۆستای پسپۆر و مامۆستای پیشەوەر ناودێر دەکرێن، دەرکی بیردۆزەکیان لە بەستێنی فێرکاریی خۆیان هەیە، ئەم دەرکە هەم ڕادەگرن نەپووکێتەوە و هەم بەردەوام پەرۆشی فرەواندنین.

بیردۆزە بە دۆستێک، یان هەر نەبێت کەسێکی بشێت ببێتە دۆست، ڕانوێنە. ئاخر بیردۆزە دەتوانێت یارمەتیمان بدات ڕووکاری جۆراوجۆری فێرکاری تێبگەین و ڕاڤە بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش ناچارین چەمکی بیردۆزەکی لەگەڵ خۆمان بەرینە ژووری پۆلەوە. ئەم چەمکانە لە پۆلدا دەبنە چرای ڕۆشنکەرەوە و دۆزەر.

مامۆستا دەبێت، بۆ نموونە، بزانێت چەمکی «وەبەردان»[111] پێناسەیەکی بیردۆزکی هەیە دەڵێت دیاردەیەکە مرۆڤ تێیدا خەسڵەتی کەسەکیی خۆی، کە خۆی پێی وایە نارێکن، کەس و بابەتی دیکەی لێ تاوانبار دەکات.

باشە ئەوا تێگەیشتین وەبەردان چییە، بەڵام مامۆستا چۆن لە پۆلدا سوود لەم چەمکە بگرێت. مامۆستا دەبێت توانای هەبێت لە دۆخی، بۆ نموونە «چەپاندن»ـدا، ئەم دیاردەی وەبەردانە ببینێت و بناسێتەوە، دەنا چەمکی وەها ڕووت و ڕەها لە بەستێنی فێرکاریدا بێواتا دەمێنن.

وەرن تەماشای نموونەیەکی بەرهەست بکەین. جار هەیە فێرخواز کورتهێنانی خۆیان بەسەر مامۆستادا دەهێنن. نێوەڕۆکی گوتەی فێرخوازەکان لێرەدا ناکەینە نموونە چونکە گشتمان شارەزای ئەزموونی لەو بابەتەین. مامۆستا، بە یارمەتیی چەمکی بیردۆزەکیی وەک وەبەردان و ڕاگواستن، تێدەگات کە ئەمە هێرشێکی تایبەت نییە دژ بە کەسی خۆی، بەڵکوو ئەمە وەبەردان و ڕاگواستنە و مامۆستا لەم دۆخەدا تەنها تابلۆیەکی ئارمانجە بۆ ئەم وەبەردان و ڕاگواستنە.

ئەم جۆرە زانیارە یارمەتیمان دەدات کێشەی لەم بابەتە بە شێوازێکی پیشەوەرانە چارەسەر بکەین. هەم دژواریی کێشەکە کەم دەکاتەوە و هەم ناشبێتە ژانێکی بەسۆ. مرۆڤ پەی دەبات بەوەی کێشەکە بە پلەی یەکەم پەیوەستی کورتهێنانی فێرخوازەکەیە نەک مامۆستاکەی.

### شەش بیردۆزەی بنەڕەتی

ئەمانەی خوارەوە نموونەن لەو بیردۆزە بنەڕەتییانەی گشت مامۆستایەک دەبێت لە ڕشتەی مامۆستایەتیدا ئاشنایان بێت، گەرچی لەوانەیە سوودی بەشێکیان لە گوزەرانی ڕۆژانەی فێرکاریدا کەمتر بەرچاو بێت:

- بابەتزانی - زانستی بابەتی خوێندن
- دەروونناسیی فراژکار
- بیردۆزەی پلانی فێرکاری
- پێداگۆگی
- دیداکتیک
- جڤاکناسی

مامۆستای پیشەوەر دەزانێت کە گرینگە بیردۆزە و کاری فێرکاری لە هەڤبەندیدا بن و بیردۆزە سوودی بۆ لایەنی کارەکی هەبێت، دەنا دەبێتە وشەی ڤالا، دەبێتە «لالەگوڵەباخ»، دەبێتە خۆشگوتنی هیچ نەکردە. بیردۆزە گەر بچێتە تاوەری عاجی *Ivory tower* یەوە و خۆی لە ئاپۆرە، لە کاروباری فێرگە و پۆل دابڕێت، بۆ مامۆستا نابێتە دەستاوێژی خۆشکار.


پێناسەکردن
وەبەردان
هاویشتنی رووکاری نەخوازراوی خۆ بەسەر بەرانبەردا
پۆل


گفتوگۆی بیردۆزەکی
Piaget
Vygotsky
پۆل


میکانیکی
جڤاک
رێنامەی کۆرس
یان
فێرکاری
تێگەیشتن

مامۆستا لە کاروباری ڕۆژانەدا بەردەوام خەریکی بیرکردنەوەیە لە:

- چی لەگەڵ خۆمان دەبەینە پۆلەوە - بیردۆزە دەربارەی کاروبار
- چی لە پۆلدا کارایە - بیردۆزە بۆ کاروبار
- چی لە پۆلدا بە کردەوە ئاروین دەکرێت و دێتە سەلماندن - «سەلمێنەی کردەبەند»

پێناسەی چەمکی، بۆ نموونە، «وەبەردان» گەر لە پۆلدا ڕەنگدانەوەی نەبێت، لای مامۆستا بێواتایە. گوتوبێژیش دەربارەی بۆچوونەکانی پیاژێ و ڤیگۆتسکی گەر لە پۆلدا ڕەنگدانەوەی کارەکییان نەبێت، بێسوودە.

تەنانەت ساناترین بیردۆزەش بەبێ فێرکاری پەیدا نابێت، فەرمووی پێم بڵێ «ئێمە بۆ دەتوانین هەتا سێ بژمێرین؟». ژمارە سێ چەمکێکی بیردۆزەکییە و کەسێک، بۆ نموونە دایکوباب، ئێمەی فێرکردووە سێ چییە.

ئەم دوو نیگارەی خوارەوە، دوو وێنەی جیاوازن لە هەمان دیاردە: مۆدێلی ماکرۆئابووری *Macroeconomic model* و ڕوونی دەکەنەوە کە ئێمەی مرۆڤ - بەتایبەتی فێرخواز - پێویستی بە ساناکردنی چەمک و مۆدێلی بیردۆزەکییە، چونکە وردەکاریی ئاڵۆز هەن دەرککردنیان ئاسان نییە. یەکەمیان ئاڵۆزە و دووهەمیان سانا.




خێزان
سەرفكاری
هێزی كار
كاڵا
مووچە
پارەدان
كۆمپانیا
بەرهەمهێنان

لە تۆژینەوەیەکی کلاسیکی Vygotsky –دا، داوا لە دەیان هەزار جەوانی ئەو دەمەی سۆڤیەت دەکرێت لە نێوان کۆمەڵێک چەمکدا، سێ چەمکی هەڤبەند دیاری بکەن. لای زۆربەی ئەوانەی سەربە ژینگەی کشوکاڵ و کرێکاری بوون – واتە ئەوانە سەربە ژینگەیەک بوون زمان تێیدا فراژی نییە: «تەور - بڕەک (منشار) - ئێزینگ (ئاوردوو)» دەبێتە وەڵام، هەرچی ئەوانەی سەربە چینی نێوەند و باڵتر بوون، چینی خاوەن زمانی هەڵکشاوتر، «تەور - بڕەک (منشار) — خاکڕن (شانە)» دەبێتە وەڵام چونکە لە بیردۆزەدا ئەم چەمکانە دەستاوێژن. کەواتە ئەمان خاوەن بیرکردنەوەیەکن ڕەهەندێکی بیردۆزەکی هەیە، ئەمان بیرکردنەوەیەکی چەمکامێزیان هەیە، وەک ئەوانەی دیکە گیرۆدەی «بیرکردنەوەی بەستێنبەند» نین.



جووتە بیرمەند Hayakawa و Vygotsky خەریکی تۆژینەوە بوون لە مۆدێل بۆ بیرکردنەوەی پلەمەندانە (هیرارشی). دەشێت بڵێین ئەم مۆدێلە ناودارانە «بیرکردنەوە چەمکامێز» ڕاڤە دەکەن. Hayakawa دەڵێت مرۆڤ، بەتایبەتی مامۆستا، دەبێت، وەک مەیموون چۆن هەڵدەگژێت بەسەر لکەداری جیاوازدا، توانای جێگۆڕکێی هەبێت لە نێوان نهۆمی جۆراوجۆری چەمکامێزدا، نهۆمی خاوەن ئاستی جۆراوجۆری دەرهەست و بەرهەست. مرۆڤ گەر تەنها چەمکەکانی دوو دێڕی ژێرەوەی ئەم خشتەی «هۆکاری بەرهەمهێنان»ـە بزانێت، بیرکردنەوە، تێگەیشتن و گوتوبێژی چی لێ شین دەبێت؟ - دیارە کورتی دەهێنێت.

| هۆکاری بەرهەمهێنان | | |
|---|---|---|
| هێزی کار | سەرمایەی جێگیر | سامانی سروشتی |
| پیشەگەر | دەستاوێژ | دارستان |
| دارتاش | بڕەک | دار |
| دارتاشی مۆبێلیا | داربڕەک | درەختی سنەوبەر |
| مام پیرۆت | داربڕەکی شین | تەختەی کورسی |

تۆژەری ناودار Ola Halldén مۆدێلێکی بۆ بەستێنگەلی چەمکامێز دارشتووە لە جیهاندا برەوی هەیە. پاش ڕێپێدان لە خۆیەوە، بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت لای مامۆستا و فێرخواز، پەرەم بەم مۆدێلە داوە.



| | | |
|---|---|---|
| | **جیهانی هێماکاری مرۆڤ** | |
| ڕاستینە، داکەوت | چەمک، جیهانی هێماکار، دەستاوێژی نێوانساز | مرۆڤ |
|  | وشە<br>وێنە<br>مۆدێل<br>ڕەنووس<br>بیردۆزە<br>هونەر<br>نەخشە<br>بەها<br>دین |  |

**سەرەنجام**

بناخەیەکی پیشەوەرانەی فرەوان و دامەزراو یارمەتیمان دەدات ئەرکی دیکەی مامۆستایەتیش بە جۆرایەتییەکی بەرز پیادە بکەین، بۆ نموونە:

- هەڵسەنگاندن.
- گەشەدان بە دەرامەدی خۆ لە فێرکاریدا.
- بەرکارهێنانی دەستاوێژی دیژیتال لە فێرکاریدا.
- بەڕێوەبردنی دیداری گەشە و دیداری شێوەڕێژ.
- داڕشتنی پلانی فراژووتن.
- بەشداربوون لە فراژکاریی ناوچەکەدا.
- ئەرکی خوێندنەوە، بۆ نموونە، بخرێتە بەستێنێکی ڕوونی فێرکارییەوە.
- چارەکردنی سازەندە بۆ بەرۆکگیریی دەروونی - جڤاکی.

«...»

**هەفت توانستی فێرکاری**

توانست ئەوەیە مرۆڤ دەرفەتی هەبێت کارێک بکات - چ بە لەش بێت چ بە مێشک. پلانی فێرکاری ئاماژە بە چەندین توانست دەدات کە فێرگە دەبێت زەمینەی فراژووتنیان بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات. هەڵبەت توانست گشتەیەکی سەرلەبەرە، بەڵام گشتەیەکی خاوەن پارچەی جیاواز و سنووری نێوان پارچەکانیش زۆر ڕوون نین. لەم تێکستەدا هەموو توانستەکانی بواری فێرکاری لە هەفت دەستەدا گرد کراونەتەوە:

1- توانستی بەکارهێنانی چەمک، مۆدێل و بیردۆزە

2- توانستی پەیبردن بە بەستەر، نەخش و ساختار

3- توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

4- توانستی ڕوانگەگۆڕی

5- توانستی بەڵگەکاری دەربارەی بیر و کرداری خۆ

6- توانستی بەرهەمهێنانی کارەکی - هونەری

7- توانستی تێگەیشتن لە بەرهەمی کارەکی - هونەری

هەر دەستەیەک ئەو توانستگەلە لە ئامێز دەگرن کە نێزیکی یەکدین. سەرشاری ئەم پۆلێنکارییەش بریتییە لە زانست و پلانی فێرکاریی فێرگە. جەختیش لەسەر فراژووتنی فێرخوازە بۆیە لەم تێکستەدا بواری دەروونناسیی فراژکار[112] ڕەچاو دەگرین.

**یەکەم: توانستی بەکارهێنانی چەمک، مۆدێل و بیردۆزە**

توانستی بەکارهێنانی چەمک لای مرۆڤ و لای گیانەوەری دیکەش هەیە. مرۆڤ هەر چەند ڕۆژێک پاش زان خەریکی ئافراندنی چەمک دەبێت. چەمک بریتییە لەو بیر و بۆچوونەی ئێمە هەڵیان دەچنین بەمەبەستی دەرککردنی دەوروبەر. ساڵ دەباتونابات مرۆڤ دەکەوێتە ناودێرکردنی چەمک - وشە پەیدا دەبێت. لە ڕێی وشەوە ڕاگەیاندنمان لەتەک خێزاندا گەرمتر دەبێت. بەکارهێنانی وشە و چەمک ئەو شاتوانستەیە کە ئێمە گشتمان پێوەی پابەندین.

مرۆڤی دەوروبەرمان یارمەتیمان دەدەن چەمک ناودێر بکەین، ئەویش لە ڕێی وشەی وەهاوە کە ئەوان زووتر هەیان بووە. ئێمە لەم کارەدا بانگهێشت دەکرێین بۆ بواری ئەزموونگەلی فەرهەنگیی مرۆڤ و بەوەش دەکەوینە گەشەدان بە داڕشتنی هەڵوێستێکی پتر ئاگایانە لە دەوروبەر.

چەمک - چ زادەی تاکەکەس بێت و چ بەرهەمی فەرهەنگی، واتە بەرهەمی کەسانی پێش ئێمە - واتایەکی بەرینتر و ناواخنێکی مەزنتریان هەیە لەوەی ئێمە زۆر جار پێی ڕاهاتووین. چەمک لە سنووری وشەی ئاسایی دەرباز دەبێت، بۆ نموونە چەمکی ماتەماتیکانە کە ڕەنووسی هەیە و موزیک کە نۆتی هەیە. ئەوجا گەر چەمکی جیاواز لە ساختارێکی تایبەتدا گرد بکەینەوە، شێوازی ئاڵۆزتری چەمک پەیدا دەبن، بۆ نموونە مۆدێل، نەخش و بیردۆزە.




*Einstein دیدی خۆی دەربارەی گەردوون لە یەک چەمکدا دارشت. چەمکێک (هاوکێشەیەک، بیردۆزەیەک) ی هەرە ناوداری جیهان.*

## چەمک چییە؟

تۆ، لە مێشکی خۆتدا، بیرۆکە یان خەیاڵێکی بێوشەت هەیە دەربارەی دیاردەی درەخت. هەر زوو کەسێک نێزیکی خۆت دێت و ئەم بیرۆکە بێوشەیە ناودێر دەکات - درەخت. ئەوجا درەخت دەبێتە ناوی ئەو «بیرۆکەی درەخت»ـەی تۆ، دەبێتە ئەو وشەیەی تۆ بەکاری دەهێنیت بۆ باسکردنی درەخت. بەڵام گەر وردتر بیری لێ بکەیتەوە لێت ئاشکرا دەبێت کە «بیرۆکەی درەخت»ی تۆ جودایە لەوەی کەسانی دیکە هەیانە. ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ژینەوەرناسان ڕێک بکەون لەسەر یەک «بیرۆکەی درەخت»، لەسەر دیاریکردن یان ڕوونکردنەوەیەکی بیردۆزەکی دەربارەی ماکی درەخت. درەخت بووە «بابەتەچەمک» - چەمکی سەربە بابەت. فێرخواز لە فێرگەدا دەبێت پێشانی بدات کە دەتوانێت ئەم جۆرە بابەتەچەمکانە لە چێوەی بابەتەکانی خوێندندا بەکار بهێنێت.




*ئەزموونی جیاواز دەبنە سەرچاوە بۆ «بیرۆکەچەمک»ی جیاواز. ئێمەی مرۆڤ بەم جۆرە فێری بابەتی نوێ دەبین - لە ڕێی وشەوە گوتوبێژمان لەتەک کەسانی دیکەدا دەبێت دەربارەی ئەزموونی جۆراوجۆری یەکدی. لەوێدا ئاشنا دەبین بە زانیار و ئەزموونی کەسانی دیکە.*

**تەونی چەمک**

زمان چەمکی جۆراوجۆر لە تەوندا تێهەڵکێش دەکات. تەونی هەم تاکەکەسی هەیە و هەم هاوکۆ. ئەم تەونەیە پانایی و قووڵی دەداتە تاکە چەمک و بەوەش ئەو چەمکە دەبێتە خاوەن واتا. گەر ئەم بەستێنە واتابەرە (واتاهەڵگرە) نەبێت، چەمکەکە دەبێتە دەستاویژێکی ڤالای بێکەڵک، نە وەکوو دەستاویژێکی هزریی هەڵکشیو دەست دەدات، نە وەک ئامرازێکی ڕاگەیەن.

**بابەتەچەمک و پێڤاژۆچەمک**

ئێمە پێویستمان بە جۆری جیاوازە لە چەمک. پێویستمان بە چەمکە بۆ بابەتی بەرهەست، بۆ فاکت - بابەتەچەمک، فاکتاچەمک. «فاکت» بەگشتی دەبنە «کەرەستەی خاو» بۆ پێڤاژۆی وەک بەستەردۆزی، بەراوردکاری، شرۆڤەکاری و بەڵگەکاری. بابەتەچەمکیش جۆری هەیە، بەشێک بنەڕەتین و بەشێک چەمکی سەردەست. ئەوجا پێویستمان بە «پێڤاژۆچەمک»ـە، چەمکی هاوکۆ لە زۆربەی ڕشتەکانی زانیاردا.

*یەکەم - وانەی مێژوو مەبەستی ئەوە نییە چیرۆکی ڕووداوی ئەو سەردەمە بگێڕێتەوە کە بەرباسە. مەبەستی وانەی مێژوو ئەوەیە ئێمە چۆن، بە یارمەتیی سەرچاوەی مێژووکرد و ڕێبازی زانستی، ئەو سەردەمە تێدەگەین و چۆنی ڕاڤە دەکەین.*

*دووهەم - نموونە لە چەمکی سەربە ناواخن (بابەت، ناوەڕۆکی وانە)*

- *شۆڕشی فرانسی*
- *شۆڕشی پیشەسازی*
- *دەوڵەت-نەتەوە*
- *ڕۆشنگەری (ڕێنیسانس)*



*سێهەم - نموونە لە چەمکی سەربە شرۆڤەکاری*

- *بەردەوامی - گۆڕانکاری*
- *هۆکار – ئەنجام*
- *لایەنی کارا (بەشدار) - ساختار*

*خشتەچەمک دەکرێت شێوەیەکی لەم بابەتەی هەبێت، هەم جوانترە و هەم ڕوونتر. بابەتی ئەم خشتەیە بە سێ خاڵ شرۆڤە دەکرێت، یەکەم خاڵ فێرخواز ئاگادار دەکاتەوە لە مەبەست وانەکە، لە دووهەمدا بابەتەچەمک ڕێز دەکرێن و لە سێهەمدا نموونەی پێڤاژۆچەمک دەخرێنە ڕوو.*

**نموونەیەکی دیکە...**




*بابەتەچەمک یان ڕوانگەی بابەتبین دەکرێنە دەستاوێژی شرۆڤەکاری. مۆدێلێکی نیگارکێشانە لێرەدا دەبێتە خشتەی چەمک و «هۆکار - ئەنجام» دەبێتە پێڤاژۆچەمک.*

**سەخت نییە**

نا، سەخت نییە. مەبەست ئەوەیە فێرخواز دەرفەتی هەبێت، لە گوێرەی تەمەن، ئەو چەمک، مۆدێل و بیردۆزانە بەکار بهێنێت کە پەیوەستی بابەتن. لە وانەی ژینەوەرناسیدا بۆ نموونە، فێرخواز «بیرۆکەدرەخت»ی خۆی بۆ ماوەیەک بخاتە لاوە و خەریکی پێناسە زانستییەکان بێت کە وانەکە باسیان لێ دەکات، بۆ نموونە: «درەخت ڕووەکە، لانی کەم پێنج مەتر بەرزە، قەدی تەختەدارە، لقی هەیە پەل و بەر دەگرن».

**بەکارهێنانی چەمک لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە زانست و لە جڤاکدا**

مرۆڤ لەوەتەی زمانی پژاوە خەریکی داهێنانی چەمکی نوێیە بۆ پەیبردن بە دەوروبەر. ئەو بیرۆکانە ناو - وشە - یان پەیدا کرد. ئەو وشە و زمانەیە دەبێتە هەڵگری زانیار و بیری ئێمە. ئەمانەن زەمینەی گوتوبێژمان بۆ فەراهەم دەکەن دەربارەی زانیار و ئەزموونی هەم خۆمان و هەم کەسانی دیکە.

### دووهەم: توانستی پەیبردن بە بەستەر، نەخش و ساختار

مرۆڤ دەزێت و دێتە دونیایەکەوە لەلای ئەو هەرایە، ئاژاوڵەیە - چ ڕێکوپێکی، چ یاساوڕێسا، چ پەرگالی تێدا نییە. بەڵام ئێمە توانستێکی دایکزامان هەیە بۆ پەیدۆزیی نەخش و بەستەر، لەبەر ئەوە دەکەوینە ساختاربەندیی دەوروبەر بۆ ئەوەی کەمێک ڕێکوپێک بێت.

### ڕێکخستنی ئەم هەموو ئاگادارییە



*یەکەم گەشتم بوو بۆ هیندوستان، تەک هەڤاڵەکەم بڕیارمان دا بەیانی زوو لە هۆتێل بچینە دەر بۆ پیادەڕۆیی نێو شاری* New Dehli*. سەرتاپای شارەکە بۆ من ئاژاوڵە بوو. چ خاڵێکی دامەزراوم لە دەوروبەردا نەدەبینی. فیل، مانگا، گا و گالیسکە، دووچەرخەی سەیروسەمەرە، بۆنوبەرامە و دەنگی نامۆ، ئەلفبێی سەیر و ئاپۆری نەناس. هەڤاڵەکەم لەوێدا تاکە دیاردەی ڕوون و چەمکدار بوو لای من. ناچار ئەوم کردە سەرشار. پاش چەند ڕۆژێک، ئەوجا کەوتینە سەرەدەری لە جیهانی دەوروبەر. دەستمان دایە دارشتنی ساختارێک ناوەکی، نەخشەیەکی ناوەکی بۆ* New Dehli.

دونیا بۆ کەسی نەوزاد ئاژاوڵە دێت بەرچاو، دەمودەست میلیۆنان بەرداشتی لێ دەبارن. هیچیان گرێدراوی یەکدی نین، نە بەستەریان لە نێوانە و نە نەخشێک دەیانگرێتە خۆ. بەڵام هەر زوو پاش زان، مرۆڤ سۆسەگرانە و نائاگایانە دەکەوێتە سەر ڕێکخستنی بەشێک لەو بەرداشتگەلە و ئەوجا بەرتەکی لێیان دەبێت. هەر زوو پەی دەبات بەوەی دایە و براگەورە دوو دیاردەی جیاوازن، *دایە دەکاتەوە گەرمی و خۆراک، براگەورە دەکاتەوە ئازاردان.*

لە فێرگەدا ئاگاداری لە شێوەی فاکتدا بەسەر فێرخوازدا دەبارێنرێن. پرسیاری گرینگ دەڵێت ئەو هەموو ئاگاداری و فاکتگەلە چۆن ڕێک بخەین و چۆن لە بەستێنێکی بەردەرکدا جێگیریان بکەین. گشتمان یادەوەریمان هەیە لە ڕۆژگاری فێرگە کە تێیدا دونیا بە گەشتێکی بێکۆتا و بێواتا هاتۆتە پێش چاو.

## بەستەر، نەخش و ساختار چین؟

## گرینگیی تەون و ڕیشەڵانی زانیار

No man is an island entire of itself,
Every man is a piece of the continent,
A part of the main.

If a clod be washed away by the sea,
Europe is the less,
As well as if a promontory were,
As well as any manor of thy friend's,
Or of thine own were.

Any man's death diminishes me,
Because I am involved in mankind.
And therefore never send to know for whom the bell tolls;
It tolls for thee.

هیچ مرۆڤێک دورگەیەکی سەرلەبەر و دابڕاو نییە بۆ خۆی،
هەموو مرۆڤێک بەشێکە لە وشکایی کیشوەر،
لە گشتەی سەرلەبەر.

گەر زەریا پارچە زەوییەک بە لایەکدا پەلکێش بکات،
ئەورووپا بەهەمان ڕادە بچووک دەبێتەوە،
هەروەها نووکە زەوییەکی نێو زەریاش،
هەروەها سامانی خۆت یان دۆستەکانت،

مەرگی هەر کەسێک لە من کەم دەکاتەوە،
چونکە من بەشێکم لە مرۆڤایەتی.
بۆیە هەرگیز پەیام نەنێردراوە: زەنگی زەنگۆڵە بۆ کێیە،
ئەو زەنگە بۆ تۆیە.

*John Donne (1623)*




John Donne ی هەڵبەستڤان نێزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر بە هۆنراوە ناودارەکەی No man is an island پەیامێکی گرینگی پێشکەش کرد: گەرچی جار هەیە مرۆڤ هەست بە تەنهایی دەکات، بەڵام ئێمە، لە ڕێی زمانەوە و لە ڕێی ئەو جیهانبینییە هاوبەشە، ئەو بۆچوون و زانیارەی زمان ڕایدەگرێت، یەکانگیرین.

ئەو هەڵبەستڤانە ئینگلیزەی سەدەی هەڤدەیەم بەو جۆرە بەستێنەکانی لە چێوەی هەڵبەستە ناودارەکەی خۆیدا داڕشتوە. مرۆڤ گەر بەرهەمی Ernest Hemingway بخوێنێتەوە دەزانێت کە ئەویش ئەو دێڕانەی خوێندۆتەوە. ئەو دوو بیرمەندە تێمان دەگەیێنن کە ئەزموونگەلی گشتمان تێهەڵکێشی یەکدین.

ڕێک ئەمەیشە، ئەم ڕاگەیشتنەیە بە تەون و ڕیشەڵانی فەرهەنگیی هاوبەش، دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی واتا و بەستێن لای ئێمە. مرۆڤ دەبێتە بەشێک لە گشتەیەکی مەزنتر لە خۆی. نەبوونی ئەم بەستێن و ساختارە هاوکۆیانە دەبنە هۆکار بۆ ڕمانی هەم تاک و هەم فەرهەنگ. ئەرکی فێرگە کردنەوەی دەروازەیە ڕووەو ئەم تەونە هاوکۆیەی زانیار.

**تەونی زانیار**

ئەوە زمانە مرۆڤگەل لە ئاگاییەکی هاوکۆدا کۆ دەکاتەوە و بەگشتی دەسترەسیمان دەداتێ بۆ زانیار و ئەزموونی گشت ئەوانەی دیکە.



*سەرلەبەری زانیارە کۆکراوەکەی مرۆڤگەل لە تەونێکی پەنامی زمانەکیدا تێکبەستەن. وشەی تەنهای کەنارگیر چ واتایەک نادات، تێگەیشتن لە گشتەیەکی مەزنتردا دێتە هەڵبەستن.*

**دونیای دیژیتال و ئاگاداریی بێکۆتا**

لە فێرگەی ئەم سەردەمەدا فێرخواز لە نێو دونیای ئاگاداریدا دەخنکێن. لەبەر چڕیی درەخت ناتوانن، فریا ناکەون نیگا هەڵبرن و تەماشای گشت دارستانەکە بکەن. ئەم دیاردەیە مەرجی نوێ دەسەپێنیت بەسەر ئەوانەی لە دونیای دیژیتالدا خەریکی فێرکردنن. بۆ نەوەی نوێ ئەمە جیهانێکی نوێ نییە، جیهانی خۆیانە و تێیدا زاون. بەڵام تەمەنداران ناچارن لەتەک خاس و بەدی ئەم بارەدا هەڵ بکەن.

تۆژەرانی جیهانی دیژیتال دەڵێن بڕی ئەو ئاگادارییەی هەیە لەم جیهانە دیژیتالەدا، هەر دەساڵێک دووهێند دەبێت. کەواتە گەر سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەرفەت هەبووبێت نێزیکە گشت بابەتێک بزانین ئەوا ئێستا تەواو شیانبەدەرە. لەم سەردەمەدا هونەر جوداکردنەوەی گرینگە لە ناگرینگ، مشتوماڵدانی ڕەخنەگرانەیە و پێدۆزییە لە بەستەر، نەخش و ساختار.

لە ئینتەرنێتدا زۆر هەڵەوپەڵە بڵاو دەکرێنەوە. کەسێک گوتەیەک هەڵدەبەستێت و ئەوجا بڵاو دەبێتەوە و پاش ماوەیەک لای خەڵکی دەبێتە ڕاستی چونکە کەسانێکی زۆر باسی دەکەن.



*نیگای ڕەخنەگر لەم سەردەمەدا، کە پەیبردن بە بەستێن هەتا دێت دژوارتر دەبێت، فرە گرینگە.*

**سێهەم: توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**

نیگای ڕەخنەگرانە لە DNA ی ئێمەدا تێچێنە. شیردەرەکان بەگشتی هەمان توانستیان هەیە و دەتوانن - بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەچارە - ڕەخنەگرانە دەوروبەر هەڵسەنگێنن. ئەمە ستراتیژێکی پەلەی ژیانە بەدەم پێڤاژۆی ڕسکانەوە[113] پەیدا بووە. مرۆڤ ڕەهەندێکی فەرهەنگی و زمانەکی خستۆتە پاڵ ئەم توانستە بۆیە دەتوانێت پەیجۆریی لە نووسیاری دوو هەزار ساڵە بکات.

بەر لە دووسەد ساڵ، لە سەردەمی کشتوکاڵدا، سەرچاوەی نێزیکەی گشت زانیار بریتی بوو لە کەسانی دەوروبەر. گشت ئەو ئاگادارییەی مرۆڤی ئەو دەم لە سەرلەبەری ژیانیادا پەیدای دەکرد، مرۆڤی ئەم سەردەمە لە یەک ڕۆژدا وەردەگرێت. ئەوجا بۆ ئەوەی دەروەستی ئەم زەریای ئاگادارییە بین، پێویستمان بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەی

تیژتر هەیە. ڕەخنەگرتن دەکاتەوە، دادوەری، هونەری نرخاندن. مەبەست لەم دێڕانە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ شارەزابوونی زیادتر لەم بابەتە.

### بۆچی گرینگە؟

فەیلەسووفەکانی یۆنانستانی دێرین، نێزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر دەستیان دایە مشتوماڵدان، نرخاندن، ئاروینکاری (تاقیکردنەوە)، شرۆڤەکاری و ڕەخنەکاریی زۆربەی دەوروبەر - بەڵام ئەمانە دەستەیەکی بچووکی ناوازە بوون. مرۆڤ لە بەشێکی بەرینی مێژووی خۆیدا خەریکی ئەم باسانە نەبوون و نەشیان زانیوە دەشێن بیکەن. ئەوەی لە دەروازەی کلێسە دەنەخشێنرا، ئەوەی کەشیش، مامۆستا، بەگزادە یان باوک دەیگوت، دەبووە ڕاستی و هەرگیز مایەی ڕەخنەگرتن نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ بار جیاوازە و بەردەوام باس لەم توانستە دەکرێت - بۆچی؟ هەوڵ دەدەم بەم پێنج خاڵە بەرسڤی بەشێک لە پرسیارەکە بدەمەوە.

- بڕی ئاگاداری - لەم سەردەمەدا بڕی ئاگاداری هێند فرەوانە مەترسیی خنکان زێدەترە نەک کەمیی ئاگاداری.
- مرۆڤ بەگشتی ڕەخنەگر نین - زووتر دایکوباب، فێرگە، کلێسە و فەرمانگە ئەرکی نرخاندنی سەرچاوەیان لە ئەستۆ بوو. ئەوە دیاردەیەک نییە مرۆڤی ئەمڕۆ خوازیاری بێت. بەڵام دەبینین کە کۆنترۆڵی ئاگاداری بەرتەسک بووەتەوە و بەشێکی لە فیلتەرکان لادراون. ئەم بارە مەرجی نوێی بەدەمەوەیە بەڵام هێشتا مرۆڤی نارەخنەگر زۆرن و هەیشە تەنانەت فاکتنەگەزن (فاکت نایان گەزێت، نایان بڕیت، نەسەلمێنن).
- سەرچاوەی بەرگومان - سەرچاوەی بەرگومانی خاوەن ئاگاداریی چەوت و هەڵە هەمیشە بوونی هەبووە. بەڵام لەم سەردەمەدا خەریکە بڵێم هەر کەس دەتوانێت هەموو گوتەیەک بڵاوە بکاتەوە.
- ئینتەرنێت و دیژیتالاندن — فراژووتنی دیژیتالکاری دونیای گۆڕیوە. دەسەڵاتێک نییە سایت، بلۆگ، ڕووپەل، سەکۆ، چات و هتد بخاتە بەر پەیجۆری، باشیشە کە نییە و ناکرێت. کەواتە ئەو ئەرکی پەیجۆریی ئاگادارییە لە ئەستۆ خۆمانە و دەبێت ئەو توانستە پەیدا بکەین.
- ئێمە دەبێت ببینە مرۆڤی سەرفەراز - مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی سەرفەراز دەبێت توانستی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت.

### سەرچاوە - چاوگی زانیار

«چۆن دەزانیت وەهایە؟» - چەند جار پرسیاری وەهامان کردووە، بەتایبەتی کاتێک زارۆک بووین. ئەو پرسیارە لای گەورەساڵانیش هەر هەیە بەڵام پتر پەنامە. لە ڕاستیشدا پرسیارەکە دەڵێت: کوا سەرچاوە؟ لە کوێت دیوە، بیستوە، یان خوێندوەتەوە؟ ئەو جێگەیەی ئێمە ئاگادارییان لێ دەهێنن دەبنە سەرچاوە، بنەچەی ئاگاداری.

### بیردۆزەیەک دەربارەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

نێزیکەی سەد ساڵێک لەمەوبەر تۆژەران، بەتایبەتی لە سوێد، کەوتنە پەیدۆزیی شێوازی سیستەمبەند بۆ پەیجۆریی سەرچاوە. ئەوان گەیشتنە داڕشتنی گریمانە و چەمکی گرینگ و پاشان لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا

ئەم مۆدێل یان بیردۆزەیەی سەرچاوەدۆزی،[114] بەدەم نرخاندن و ئاروینکارییەوە، مشتوماڵ دراوە و ئێستا بووەتە مۆدێلێک بۆ ئاروینکاری و شرۆڤەکاری سەرچاوە لە سەرانسەری جیهاندا.

**سەرچاوەدۆزی چوار شاچەمکی هەیە:**

1. پێوەری ڕەسەنایەتی – کاتێک لە گوزەرانی ڕۆژانەدا، لە کار و لە فێرگەدا، ڕووبەڕووی سەرچاوە دەبینەوە دەبێت پرسیار لە ڕەسەنایەتیی ئەو سەرچاوەیە بکەین، بنەچەی کوێیەوە و کێی لەپشتە.
2. پێوەری کات و جێ – گرینگە مرۆڤ لە سەرچاوەدۆزیدا وریای پێوەری کات و جێ بێت. ئاگادارییەک لەوانەیە سەرچاوەکەی دروست بێت بەڵام بۆ زەمان و زەمینێکی دیکە بووە نەک بۆ ئێستا و ئێرە.
3. پێوەری وابەستەبوون – گرینگە ئاگاداربین لە وابەستەبوونی سەرچاوەکە بە لایەنی دیکەوە. چ دوور نییە سەرچاوەکە بەرتاوی لایەنێکی تایبەت بێت.
4. پێوەری مەیل – لێرەدا مەیل بۆ ئاماژەیە لە بوونی مەبەستێکی پەنهان لە بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە، بۆ نموونە ئاڕاستەکردن. سەرچاوەکە ئاگاداری دەربارەی دەنگوباس، کەشوهەوا، وەرزش و هونەر پەخش دەکات، بەڵام هاوکات بە شێوەیەکی پەنام ئاماژە دەدات بە ڕێبازێکی دینی، ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی، بە کەسێک یان بە پارتییەکی سیاسی.

**توانست، ویست و ئازایەتی بۆ پەیجۆراندنی دەوروبەر**

زووتر گوتمان توانستی ڕەخنەگرانە دایکزایە. ئەم دیاردەیە لە تەونە جڤاکییەکاندا ئاشکرایە، لەوێدا پەیامی ڕەخنەگر زۆر جار زادەی هەستن، تێڕامانی ئاگایانەیان لە پشت نییە. واتە ئەو کەسەی پەیامەکەی نووسیوە، هەستێک دنەی داوە نەک بیرکردنەوە.

ئەم ڕەخنە سۆزەکی و جرپنانە زووتریش هەبوون بەڵام زووتر تەنها خێزان و بازنەی دۆستان ئەو هەڵچوونەیان دەبیست. ئێستا پەیامێک لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەیتەوە و گشت جیهان دەزانێت تۆ لە چرکەساتێکی هەڵچووندا چیت لە تەونی جڤاکیدا نووسیوە. لەوانەیشە خراپ نەبێت بەڵام لە هەندێک کاروباردا وەها باشە مرۆڤ هەڵوێستەیەک بکات و بیرێک لەو نووسینەی خۆی بکاتەوە. دروستە ئێمە مافمان هەیە هەست و بۆچوونی خۆمان هەبێت دەربارەی هەر بابەتێک بەڵام بەستێن هەیە مەرجی باڵاتری بۆ ئەم توانستە داناوە. باس تەنها ئەوە نییە مرۆڤ ڕەخنەگر بێت، بەڵکوو دەشبێت ڕەخنەکە خاوەن بناخە و بەڵگەوبەند بێت.



*جڤاک هەن چارەی ڕەخنەگری بیرتیژیان ناوێت. ئەتێن فەرمانی مەرگی بۆ سوکرات دەرکرد. لەم تابلۆیەدا سوکرات جامە ژەهرەکە دەنۆشێت.*

## ڕەخنە لە جیهانێکی دیژیتالدا

مرۆڤ سێسەد هەزار ساڵێک لەمەوبەر نێزیکەی سی دەنگی هەبوو بۆ دەربڕین. ئەو سی دەنگەی خۆی کردە وشە. ئەم زمانی ئاخافتنە دەوروبەری سەد هەزار ساڵێک لەمەوبەر کرایە زمانی وێنە و ئەمیش بەر لە دە هەزار ساڵێک کرایە زمانی نووسین. ئێستاش بیست ساڵێک دەبێت جیهان بووەتە دیژیتال، زمانێکی دیژیتال بووەتە هەڵگری نێزیکەی گشت ئاگاداری و ڕاگەیاندن.

ئەم گەشتە لە دەنگەوە کەوتە ڕێ بۆ وشە، بۆ وێنە و پیت و ئەوجا بۆ دەستاوێژی دیژیتال. لەم گەشتەدا هەلومەرجی گوزەرانمان هاتۆتە گۆڕان. ئەم دیژیتالاندنە، لە دوای سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و پەیدابوونی سەواد (فێربوونی خوێندنەوە و نووسین)، گەورەترین گۆڕانکارییە لە هەلومەرجی مرۆڤایەتیدا. ئەمڕۆ ئێمە لامان سەختە تێبگەین کە ئێمە لە شۆڕشێکی مەزندا دەژین کە لەوانەیە گەورەترین گۆڕانکاریی جیهان بێت.

## تاریکستانی دیژیتالاندن

کامە دروستە؟ کێ ڕاست دەکات؟ کێ جێی متمانەیە؟ یان، ڕاستیی کێ پتر دروستە؟ مەبەست لەم پرسیارانە ئەوە نییە ڕۆژوشەو هەر خەریکی سەرچاوەدۆزیی ئاگاداری بین. مەبەست ئەوەیە، گەر پێویستی هاتە پێش، ئێمە بتوانین سەرچاوەدۆزی بە جۆرێکی دروست ئەنجام بدەین.



*بەدکاری، فێڵ و دزی هەمیشە هەبووە و لەم سەردەمەدا گەیشتوونەتە تاریکستانی ئینتەرنێت. مرۆڤ دەبێت لێیان بەپەرێز بێت.*

لەوەش بترازێت ئێمە دەزانین کە ئینتەرنێتیش تاریکستانی خۆی هەیە. ئێمە دەبێت توانامان هەبێت بۆ چارەکردنی ئەم تاریکستانەی «ماسیگر»،[115] زڕەنووچە،[116] ساختەی کووڕ،[117] پۆرگی فیلتەر،[118] هاککردن،[119] کلیکبەیت،[120] دزەخۆر[121] و... هتد.

**چوارەم: توانستی ڕوانگەگۆڕی**

ئەو سێ توانستەی یەکەم بنەمایەکی ژینەوەرانەی ئاشکرایان هەیە، بەڵام ئەمیان نییەتی. ئەم گیانەوەرەی ناوی مرۆڤە گەیشتە ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی خاوەن ئاگایی، بووە Homo Sapiens، کە بە یارمەتیی زمان زاڵ بووە بەسەر کرداری ئاڵۆزی هۆشەکی، دەروونی و زمانەکیدا. مەبەست لە ڕوانگەگۆڕی ئەوە نییە ڕوانگە بە شێوەیەکی فیزیکی بگۆڕین، باس لە گۆڕینی ڕوانگەیە لە مێشکدا، بە شێوەیەکی هزری.

توانستی گۆڕینی ڕوانگە و بیردانەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، توانستێکی باڵای مرۆڤکارە. مەبەست لەوە نییە جێگە و پێگە بگۆڕین بۆ وەدەستهێنانی ڕوانگەی جۆراوجۆر لەو بابەتەی گەرەکمانە. نا، مەبەست بەکارهێنانی ڕوانگەی جۆراوجۆرە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی بابەتەکە. لەوەش بترازێت مەبەست ئەوەیە «بچیتە مێشک»ی کەسی بەرانبەرەوە بۆ ئەوەی باشتر تێبگەیت لە ڕوانگەی ئەو بۆ دەوروبەر.



*چەپێنەر و چەپێنراو دوو ڕوانگەی جیاوازیان لە چەپاندن هەیە. هەڵبەت ڕوانگەی کەسی چەپێنراوە دەبێت پێشەمی هەبێت، بەڵام بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشەی چەپاندن ئەوا دەبێت ڕوانگەی چەپێنەریش دەرک بکەین.*



*«گفتوگۆی منیش لەتەک دایکوبابمدا وەها فراژی و هاوبەش نەبوو. وەنەبێ هەڵەی گەورەیان هەبووبێت بەڵام... پوورم باسێکی دیکە بوو. منێکی یازدەساڵ باسم لە هەرچییەک کردبا، پوورم گوێڕادیرم بوو، بۆیە هەر زوو بووە یەکەم دەنگی گوتوبێژ لای من. پوورم بۆ من تەنها سەرچاوەیەک نەبوو بۆ زانیار، ئەزموون و پەیبردنی نوێ، جگە لەوانە ئەو ڕێزێکی پێشان دەدام لای من پاشان وەک باب، وەک مامۆستا و ئەندامی جڤاک بووە شاهونەر. بەشێکی زۆری «ئەز» بەرهەمی ئەوە».* Sten Arevik

ئەم توانستەی گۆڕینی ڕوانگە هەم بۆ فراژووتن بەگشتی گرینگە، هەم بۆ فراژووتنی زانیار و فەرهەنگ. ئەوە بەرکەوتنە لەتەک ئەزموون، زانیار، هەست و بەهارێژی کەسانی دیکە کە دەبێتە مایەی فراژووتنی کەس و جڤاک - نەک داخستنی ڕوانگەی بەرانبەر، جا بەهەر بیانوویەک بێت.

بەڵام لەم سەردەمەدا جەخت لەسەر ئەم توانستە هێندە بەرچاو نییە. سەختە بزانین ئایا جەوانی سەردەم توانستی ڕوانگەگۆڕییان کزە یان لەبەر هەر هۆیەک بێت ڕوانگەگۆڕییان لا مەبەست نییە، نایانەوێت گوێ لە بەرانبەر ڕاگرن. لەوانەیشە هان نەدرێن بۆ بیستنی کەسانی خاوەن ڕوانگەی دیکە. ئەنجامێکی ناجۆریش لەم دیاردەیە پەیدابوونی مەیلە ڕووەو پاشەکشەی فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژی... ئەوەی لە جڤاکناسی و مێژوودا بە *«کتێب سووتاندن»* ناودێر دەکرێت.



*سووتاندنی کتێب سەرەتایەک بووە بۆ کۆتاهاتنی فەرهەنگ، دەوڵەت، ئایدیۆلۆژی و گرووپ.*

**زمان دەرفەتێکی ناوازەمان دەداتێ**

ڕوانگەی تاکەکەس دەشێت گشت ئەو زانیار، ئەزموون، یادەوەرییە بگرێتە خۆی کە ئەو مرۆڤە پەیدای کردووە. ڕوانگە هەڵوێستی بنەڕەتیی مرۆڤە لەو دەوروبەرەی لێی نیگارگیرە. بەڵام ڕوانگەی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت سەرلەبەری ئەو بابەتەی لێی نیگاگیرە، بگرێتەوە - هیچ کەس ناتوانێت هەموو شتێک دەربارەی بابەتێک بزانێت.

بەڵام گەر چەند کەسێک بتوانن ڕوانگەی کەسانی دیکەش ببینن، تێبگەن، ئەوا تێگەیشتنی گشتی زیاد دەکات. ئەوسا بەشێکی بەرینتر لە ئاسۆی دەرک، ئاسۆی واتا و ناواخن، لەو بابەتەی بەرنیگایە دێتە خویابوون.

ئەم مۆدێلە پێشانی دەدات کە دوو کەسی خاوەن جێگەی جیاواز لە ئاست یەک دیاردە چۆن دەبێتە مایەی دروستبوونی ڕوانگەی جیاواز و لە ئەنجامدا دەرکی جیاواز لەو دیاردەیە. مرۆڤە تەمەندارەکە ئەزموونی کۆنی هەیە بەرانبەر پارە، نەدار و سەختیی گوزەرانی چێشتووە، لەم «جێگە»یەوە ڕوانگەیەک پەیدا دەبێت پتر پەرۆشی پاشەکەوتکردنە. جەوانەکە ئەو تاڵییەی نەدیوە، لە زەمانێکدا دەژێت هونەر تێیدا بازاڕکردن و بەرهەمخۆرییە. جێگەی ئەم ڕوانگەیەکی دیکە لە پارە پەیدا دەکات، لای ئەم پارە بۆ خەرجکردنە. ئەم دووانە گەر بکەونە ڕاگەیاندن و ڕوانگەگۆڕی ئەوا دەرکی هەردووکیان دەربارەی پارە فرەوانتر دەبێت.




دوو ڕوانگە – ئەم جەوان و تەمەندارە دوو کەسی خاوەن دوو جێگەی جیاوازن بەرانبەر پارە. بەو جۆرە دەبنە خاوەن ڕوانگەی جیاواز. هەر ڕوانگەیەک لایەنێکی تایبەت – بەشێک – لە دیاردەی پارە خویا دەکات، بەرهەست دەکات. کەواتە هەر یەکەیان «بەشێک» لە واتا، ناواخن و نرخی پارە دەبینێت. گەر ئەم دوو کەسە ڕوانگەگۆڕکێ بکەن، وێکرا فرەوانتر دەبینن.

### بەکارهێنانی مۆدێلی چەمکامێز

ئەم بەکارهێنانەی چەمک و مۆدێل پێشانت دەدات کە مرۆڤ پێویستی بە دارشتنی مۆدێلی چەمکامێزە، ئەمە کردارێکی ئاوەزمەندانەیە. من دەبێت پەی بەرم بەوەی لە مێشکی کەسی بەرانبەردا هەیە بۆ ئەوەی بە یارمەتیی گوتوبێژ و ڕاگەیاندن توانا پەیدا بکەم بۆ ئاشنابوون بەو ڕوانگە و چەمکانەی دێنە بەکارهاتن. ئەمەش باسێک نییە مرۆڤ بە تەنها سازی بکات، بەڵکوو لە دیداری دوو لایەندا دێتە بەرهەم. ئەمە ڕەوانی فێرکردنە لە گەشترین وێنەی چلووربەستدا.

### ڕەوانی فێرکردن

خاڵێکی تێکگیرسان هەیە، زۆر جار لەبیرکراو، تێیدا زانیار و ئەزموونی زارۆک و فێرخواز بەرکەوتیان دەبێت لەتەک زانیار و ئەزموونی کەسانی دیکەدا. «مامۆستایەتی» بریتییە لەوەی لە فێرکردندا ئەم بەرکەوتە، ئەم دیدارە فروسماوەی[122] لە نێوان کەسێکی ئێستا دەزانێت و کەسێک جارێ نازانێت، بەرجەستە و خویا بکات.

بەکارهێنانی ڕوانگەی چەمکامێز بۆ کرداری ئاوەزمەندانە کەمێک سەرووی بەکارهێنانی چەمکە لە گوزەرانی ڕۆژانەدا. لەمیاندا تۆ دەبێت «بچیتە» نێو ئەم ڕوانگە چەمکامێزەوە و بۆ ماوەیەک بیکەیتە ماڵی خۆت. بە خەیاڵ وەهای دانێ تۆ لە پشت چەمکێکەوە وەستاویت و لەو چەمکەوە تەماشای دونیا، یان ناواخنی مەبەست، دەکەیت. ئەو چەمکە دەبێتە چرای ڕۆشنکەرەوە و یارمەتیت دەدات دەورووبەر ببینیت و پاشان تێیان بگەیت.



لەم مۆدێلەدا چەمکی جیاواز لە دیاردەیەک، بۆ نموونە جەنگی چاڵدێران، «جێگە»ی جیاواز دیاری دەکات و هەر جێگەیەکیش ڕوانگەی خۆی هەیە لەو دیاردەیە. دەکرێت هەر ڕوانگەیەک زانیارێکی تایبەت بەخۆی خویا بکات و ئەوجا وێکرا ببنە یاریدەر بۆ ئافراندنی ڕاڤەیەکی قووڵتر و فرەوانتر لە دیاردەکە.

لە، بۆ نموونە، بابەتی مێژوویی زووتردا ڕوانگەی چەمکامێزی وەک نۆرەوان،[123] سیاسەت، ئابووری، ساختار و ئایدیۆلۆژی سەردەست بوون. بەڵام لەم سەردەمەدا ڕوانگەی دیکەش هاتوونەتە کایەوە، جێندەر ماوەی نێزیکەی سی ساڵێکە برەوی پەیدا کردووە. ڕوانگەی چەمکامێزی نوێ بەرۆژگەی نوێ ڕووەو بابەت دەکەنەوە و دەبنە مایەی زانیارێکی پتر قووڵ و فرەوان.

لە بوارەکانی مێژوو، ژینگە، جڤاکناسی، دین، جیۆگرافیی فەرهەنگی، ئابووری، دەرامەد، تۆژینەوە و ... هتد سێ ڕوانگەی چەمکامێزی هەرە بەهێز جێ دەگرن: ڕوانگەی دەسەڵات، ڕوانگەی ئابووری و ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی. ئەم سێ ڕوانگە چەمکامێزە نۆرەیەکی کارایان هەیە بۆ ڕاڤەکردن، ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردنی دیاردەی جۆراوجۆر، بۆ نموونە ناکۆکی. سەرنج بفەرموو هەر یەک لەم سێ ڕوانگەیە چەندین ڕووکار دەگرێتە خۆ.

## پێنجەم: توانستی بەڵگەکاری دەربارەی بیر و کرداری خۆ

بۆچوون بەتەنێ تێر ناکات. دەبێت مرۆڤ توانستیشی هەبێت بەڵگە بۆ دیدی خۆی ڕاڤە بکات، بۆچوونەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە، دەبێت توانستی بەڵگەکاریی هەبێت. ئێمەی مرۆڤ بەڵگەکارییەکی نائاگایانەمان هەیە دەربارەی پێویستییەکانی خۆمان، بەڵام بەڵگەکاری دەربارەی بۆچوون و کردار دەبێت ئاگایەنە بێت.

مرۆڤ لە ناخی خۆیدا بەردەوام خەریکی بەڵگەکارییە. لە ئاستێکی نائاگایەندا وەها پێ دەچێت مرۆڤ پێویستی بە دروستاندنی بیر و کرداری خۆیەتی. بەڵام ئەم توانستە کەمێک لەوە بەرزتری گەرەکە - پێڤاژۆیەکی ئاگایانەی گەرەکە.

مەبەست خویاکردنی ئەو بیرە نائاگایەی خۆمانە دەربارەی کرداری خۆمان، هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ کەسانی بەرانبەر. مەبەست خویاکردن و داڕشتنی دنەدەرەکانی خۆمانە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەڵگەکارییان لەسەر بکەین.

جار هەیە دوو کەس یان لایەنی دژبەرە بۆچوون و هەستی خۆیان زۆر باش دادەڕێژن بەڵام مەرج نییە خەریکی گوتوبێژ بن، لە یەکدی نابیستن و لەوانەیشە بەڵگەکارییان هێندە دروست نەبێت.

لە ڕاڤەکردنی توانستی بەڵگەکاریدا گەلێک وشە و دەستەواژە دێنە پێش، بۆ نموونە: بەڵگە بێنە، بیسەلمێنە، هۆکارێک پێشان بدە، بەڵگەوبەند کامەیە، کوا سەرچاوەی پشتیوان، بناخە، ڕاڤەی بکە، ڕوونی بکەوە، پتری ڕوون بکەوە، بنەبەڵگەی زیادتر، بۆچی وەها بیر دەکەیتەوە... ئەمانە گشتیان نێزیکن، واتای هاوکۆشیان هەیە، بەڵام ڕێک هاوواتا نین.

بەڵگەهێنانەوە بۆ دید، بژارە و بۆچوونی خۆمان لە گوزەرانی ڕۆژانەدا باسێکی گرینگە، چونکە دەربڕینی بیروڕا، بێ ئەوەی بناخەی بەڵگەدار پێشان بدەین، دروستیی بۆچوونەکە دەخاتە بەر گومان. بەڵگەکاری، بنەماڕێژی و پشتڕاستاندن دەبنە مایەی بەرزبوونەوە متمانە.

**بەڵگەکاری بە کردەوە چۆن دەکرێت؟**

فەرموون ئەمە چەند پێشنیازێک:

- بەڵگەکاریی چەمکامێز - وشە و چەمکی سەربە ئەو بابەتە بەکاربهێنە کە لێی دەدوێیت، تۆپانێ چەمکی خۆی هەیە و سیاسەت چەمکی خۆی.
- بەڵگەکاریی فرەوان - مەودای بەڵگەکارییەکە فرەوانتر بکە. تەنها یەک ڕاڤە بەس نییە، هەوڵ بدە هۆکار، دنەدەر، هاندەر، ڕوونکردنەوە و نموونەی زیادتر بۆ باسەکەت پێشکەش بکەیت.
- بەڵگەکاریی قووڵ - پێشانی بدە چۆن بەشە جیاوازەکانی باسەکە، بە بەڵگە و هاندەرەکانی خۆیانە، تێهەڵکێشی یەکدین. بەم کارە باسەکەت سەنگینتر دەبێت.
- گوتاری تێکبەستە - هەوڵ بدە باسەکەت سەرلەبەر تێکبەستە بێت نەک پارچەپارچە.
- نموونەی بەرهەست - پەنابردنە بەر نموونەی بەرهەست بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست کارێکی باشە.

بەڵگەکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا دەشێت ساکار و کەمێک شاش بێت: «ئەم ڕێگەیە دەگرین، خۆشترە، جوانترە، کورتترە». بەڵام لە فێرگەدا بەڵگەکاری ئاڵۆزتر، تۆکمەتر و پتەوترن.



*«مان و سەرکەوتن مەرج نییە هەردەم بۆ بوونەوەری هەرە بەهێز و هەرە بەهرەوەر بێت. بۆ ئەو بوونەوەرەیە وەک پێویست خۆگونجێن بێت لەتەک گۆڕانکاریدا» Charles Darwin*

*داروین، بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەوبەند دەربارەی بیردۆزەی ڕسکان، بیست دانە ساڵ خۆی دواخست. ئاخر ئەو دیندار بوو، بیردۆزەی ئافراندنی نێو باوەڕی مەسیحایەتییەکەی خۆی ماوەیەکی درێژخایەن ڕێبەست بوو لەو ڕاگەیاندنە.*

زمان - ئەو توانستەی تایبەتە بە مرۆڤ- دەرفەتی گوتوبێژ، بەڵگەکاری و گفتوگۆمان بۆ دەڕەخسێنێت. ئەمانیش ڕێگە دەدەنە مرۆڤ پەی بەرێت بە زانیار و بۆچوون و بەڵگەکاریی کەسانی دیکە. کەواتە ئەمەیە کلیلی پێشکەوتنی فەرهەنگی ئێمە.

ئەوجا بۆ ئەوەی گوتوبێژ سازندە بێت و بگاتە پەیبردنی نوێ، گرینگە بیر لە چەند خاڵێک بکەینەوە:

- گشت کەس بەشداری گوتوبێژەکە بێت.
- سیستەمێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش بەشدار بن لە ئاڕاستەکردنی گوتوبێژدا.
- پرسیاری وەها بێتە پێش زادەی بیرکردنەوە بێت، بەڵگە بە پرسیار ئاروین بکرێت.
- وەڵامدانەوەی بەڵگەی بەرانبەر بە بەڵگەی خۆم بێت نەک بە «تەکنیکی خۆسەپاندن».
- کەشی گوتوبێژ دەبێت سینەفرەوان بێت.
- پەژراندنی بەدەمەوە بێت.
- مرۆڤ، گەر تەواو دژیش بێت، هەر دەبێت ڕێزدارانە هەڵسوکەوت لەتەک بەڵگەکاریی بەرانبەر بکات.
- دەمدەم، سەرەنجامێکی باسەکە پێشکەش بکە.
- وێکرِا هاریکار بین بۆ سەرخستنی ڕوانگەی نوێ.
- وێکرِا هاریکار بین بۆ جوداکردنەوە فاکت لە بەهارِێژی و نرخاندن.
- بەکارهێنانی ڕوانگەی جۆراوجۆر، بۆ نموونە: ڕوانگەی تاکەکەس، گرووپ و جڤاک
- جاروبار پەنا دەبەینە بەر چەمکی پێڤاژۆکار بەمەبەستی دەربازبوون لە کۆسپ و داوەستان، بۆ نموونە:
  - ❖ لایەنی گەش - تاریک
  - ❖ هۆکار - ئەنجام
  - ❖ گۆڕان - بەردەوامبوون
  - ❖ نۆرەوان - ساختار
  - ❖ وێکچوون - جوداوازی

**شەشەم: توانستی بەرهەمهێنانی کارەکی - هونەری**

ئەو توانستگەلەی لەم پۆلەدا گرد دەبنەوە زۆر دێرینترن لە توانستەکانی دیکە. بەرهەمهێنانی کارەکی توانستێکە لای گیانەوەری دیکەش هەیە بەڵام لای ئەوان زۆر بە ڕوونی وابەستەی مان و زاوزێیە. لای مرۆڤ ئەم توانستە ڕووبەری بەرینتری هەیە. لە فێرگەدا، خاڵی هاکۆ لە نێوان بابەتەکانی سەربە دەستەی کارەکی - هونەری بریتییە لەوەی فێرکردن دەبێت دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ فراژووتنی توانستی فێرخواز بۆ دەربڕین و بەرهەمهێنانی بابەتێک بە لەشی خۆی - بەڵام نەک تەنها بە لەش.

بابەتی کارەکی - هونەری خزمایەتییان هەیە لەتەک شێوازە بەراییەکانی دەربڕین لە ئەزموون. نیگارکێشی، هونەری ئاشپەزی، چالاکی لەشەکی، موزیک، دەستڕەنگینی و تەکنۆلۆژی زۆر بەر لە نووسین سەریان هەڵدا و نێزیکە سەد هەزارساڵێکە بەشێکن لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی.

ئەم شێوازانەی دەربڕین باسێکی بنەڕەتی دەبەخشن، خاوەن ڕەهەندێکی گیانەکین و مەبەستیان گوزەرانێکی ئارامترە. بەشێک تەکنۆلۆژیا بوونە یاریدەری مرۆڤ لە سروشتدا وەک ئامێر، چەک، وێنە و خشڵ. ئەمانە بوونە سەرچاوە بۆ فەرهەنگ کە تێیدا دەرفەت تەنها کۆشان نەبێت بۆ مان بەڵکوو بۆ خۆشگوزەرانیش.

ئەم ڕەهەندە کارەکی - هونەرییانە زۆر زووتر لە نووسین بوونە بەشێک لە باوەڕی دینی. دینیش وەڵامی پێ بوو بۆ پرسیارە هەرە مەزنەکان: ئێمە لە کوێوە هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟ بۆ؟

**بابەتەکانی سەربە بواری کارەکی - هونەری لە فێرگەدا**

بابەتە کارەکی - هونەرییەکانی فێرگە بریتین لە: نیگارکێشی، وەرزش و تەندروستی، موزیک، دەستڕەنگینی (کاری دەستی)، ماڵداری و تەکنیک. دەبێت سەرچاوەی ئەم پۆلبەندییە چی بێت؟

مرۆڤ لە بەراییەکانی هۆشپژانییەوە، بە یارمەتی ئەفسانە و داستان، کەوتە ڕامان لە دەوروبەر بۆ ئەوەی دەرکیان بکات و لە ساختارێکدا ڕێکیان بخات. پاشان، بەر لە چەند هەزار ساڵێک، بیرۆکەی تایبەتکاری لای مرۆڤ پەیدا دەبێت. بەشێک لە ڕاوکردندا توانا بوون، بەشێک لە کشتوکاڵ، لە تیمارکاری و دەرمانسازی... هتد. ئێمە فێربووین سوود لە توانستە جیاوازەکانی مرۆڤ وەربگرین. ئەمەش ئەنجامێکی بیرکردنەوەی سیستەمبەندی شرۆڤەکارە. دوور نییە ئەمە بێت سەرشاری ئەم پۆلبەندییە هاوچەرخەی بابەت لە فێرگەدا.

**بابەتزانی یان بابەتبێژیی ئەفسانەکرد**

ئێمە چۆن لەم جیهانەی خۆمان وردبینەوە، وەک یەکەیەکی سەرلەبەر یان لە ڕێی پارچە جیاوازەکانییەوە (بابەتەکان)؟ یان لەوانەیە لە هەردووک ڕێوە. گەرچی ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکی زانستیدا دەژین، بەو هەموو ڕوونکردنەوە بیردۆزەکییەوە، بەڵام هێشتا ئاشکرایە کە ئەو ئەفسانە، داستان، ڕێوڕەسم، سەما، هێما، ساختار و چیرۆکە کۆنانە دەشێت سەرچاوە بن بۆ زۆر بابەت.

هەر زوو، لە یۆنانستانی دێریندا، مرۆڤ کەوتە ڕازاندنەوەی بواری کارەکی - هونەری بە ڕەهەندی بیردۆزەکی. هیپۆکرات Hippocrates دوو هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر تێدەکۆشا بۆ ئافراندنی «هونەر» لەو «کارزانی»یەی مرۆڤ هەیەتی. لەو سەردەمەدا «کارزانی» دەیکردەوە ئەزموون، هونەریش لەو بەستێنەدا زانستی ئەم سەردەمەیە. واتە هەڵێنجانی زانست لە ئەزموون.

**پوختەیەک دەربارەی توانستی کارەکی**

- وێنە - وێنە سەنگی تایبەتی هەیە لای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە و بۆ پەیبردن بۆ خۆ و بە دەوروبەر. گشت دەوروبەرمان وێنەیە و هەر یەکەیان ئەرکی خۆی هەیە: ئەمیان ئاگاداربەخشە، ئەویان بارهێنانە، یەکیان شادیهێنە، یەکیان خەمڕەوێنە… زانیار دەربارەی وێنە و ڕاگەیاندن بە وێنە هونەرێکی گرینگە بۆ توانستی دەربڕینی بۆچوون و بۆ بەشدابوونی چالاکانە لە جڤاکدا. مرۆڤ لە ڕێی کارکردن لەتەک جۆری جیاوازی وێنەدا توانستی داهێنانی خۆی سەردەخات.

- وەرزش و تەندروستی - چالاکیی فیزیکی و شێوازێکی ژیانی دروست بنەمایە بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤ. یادەوەریی گەش دەربارەی بزاوتن و ژینی نێو سروشت لە سەرەتای تەمەندا دەبنە هاندەر بۆ بەردەوامبوونی چالاکیی فیزیکی لە گەورەساڵیدا. پەیداکردنی زانیار و کارامەیی دەربارەی وەرزش و تەندروستی سوودبەخشن هەم بۆ تاکەکەس و هەم بۆ جڤاک.

- موزیک - موزیک لە گشت فەرهەنگێکدا هەیە و کاریگەریی هەیە لەسەر لەش، هۆش و هەستی مرۆڤ. موزیک وەک دەربڕینێکی هونەری لە زۆر بەستێندا کارایە، کارکردی جۆراوجۆری هەیە و بۆ یەکبەیەکمان واتای خۆی هەیە. لەوەش بترازێت بەشێکی گرینگە لە گوزەرانی هاوبەشی جڤاکیمان و کاریگەریی هەیە لەسەر فراژووتنی ناسنامەی تاکەکەس. لەم ڕۆژگارەدا موزیکی فەرهەنگ و سەردەمی جۆراوجۆر لەتەک جۆری دیکەی هونەردا لە دەربڕینی نوێدا یەک دەگرنەوە. زانیار لەم بوارەدا دەرفەت ساز دەکات بۆ بەشداربوون لە فەرهەنگی جڤاکدا.

- تەکنیک - چارەسەری تەکنیکی لە گشت زەمانێکدا گرینگ بوو بۆ پێشڤەچوونی مرۆڤ و فراژووتنی جڤاک. هاندەری پشت فراژووتنی تەکنیک زۆر جار بریتیی بووە لە تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی کێشە مرۆڤ و بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ. لەم ڕۆژگارەدا مەرجی توانستی تەکنیکی هەتا دێت زیاد دەکات، هەم لە گوزەرانی ڕۆژانەدا و هەم لە بواری کاردا. بەشێکی بەرینی پرسەکانی سەربە جڤاک و سیاسەتیش ڕەهەندی تەکنیکییان هەیە. بۆ پەیبردن بە نۆرەی تەکنیک بۆ تاکەکەس، بۆ جڤاک و بۆ سروشت دەبێت ئەو تەکنیکەی دەورەمانی داوە، بۆ ئێمە خویا و بەرزانست بێت.

- ماڵداری - گوزەرانی خێزان بەشێکی هەرە گرینگی ژیانە. خووی مرۆڤ کاریگەرە لەسەر ژیانی هەم تاک و خێزان، هەم جڤاک و ژینگە. زانیار دەربارەی کاروباری نێوماڵ و بازاڕکاری دەبنە ئامرازی کاریگەر بۆ بڕیاردانی ئاگایانە و دۆزینەوەی بژارەی گونجاو بۆ گوزەرانێکی دروست، لایەنی تەندروستی، ئابووری و ژینگەبین ڕەچاو بگرێت.

- دەستڕەنگینی - خەریکبوون بە مەتریال و بەرهەمهێنانی دەستاوێژی پێویست شێوازێکی بیرکردنەوە و دەربڕینی مرۆڤکارە. دەستڕەنگینی جۆرێکە لە ئافراندن، لە دۆزینەوەی چارەسەری بەرهەستی کارەکی بۆ پێویستییەکانی بەستێنی جۆراوجۆر. دەستڕەنگینی دەکاتەوە کۆبوونەوەی کاری هەم هۆشمەند و هەم دەستەکی بۆ فراژووتنی داهێنان و ڕاهێزانی بڕوا بە دەرووەستهاتنی ئەو ئەرکانەی دێنە پێش. ئەم توانستگەلە پێویستن بۆ فراژووتنی هەم تاک و هەم جڤاک.

**هەفتەم: توانستی تێگەیشتن لە بەرهەمی کارەکی - هونەری**

بابەتەکانی سەربە بواری کارەکی - هونەری بۆ ئەوەیە فێرخواز فێربێت بەرهەمێکی سەربە ئەو بابەتەی خوێندن بە لەش دروست و پێشکەش بکات. بەڵام ئەو بابەتانە لایەنی بیردۆزەکیشیان هەیە. لەبەر ئەوە فێرگە دەبێت زەمینە بۆ فراژووتنی ئەم لایەنەش ساز بکات. فێرخواز پێویستی بە توانایە بۆ دەرککردنی بیردۆزەکی و شرۆڤەکردنی ئەو بابەتانە بە شێوازی جۆراوجۆر. ئاشکرایە کە بابەتی سەربە بواری کارەکی - هونەری بۆ ئەوەیە فێرخواز بە لەش، بە کردەوە، بەرهەم بئافرێنێت.

بەڵام ئەرکی فێرگە بە ئەوەندە توانست تەواو نابێت. جگە لە توانستی بەرهەمهێنانی کردەکی، فێرخواز پێویستی بە دەرککردنی ڕووکار (لایەن) ی جۆراجۆری بابەتەکەیە. پێویستی هەیە بەوەی پەی بەرێت بە بەرهەمی هەم خۆی و هەم کەسانی دیکە. پێویستی بە زمان هەیە بۆ دەربڕین، بۆ خویاکردنی ئەو پەیبردنە بۆ خۆی و بۆ دەوروبەر.



**کارزانی**

سەرچاوەی ئەو تێکستەی ئەمڕۆ لە پلانی فێرکاریدا نووسراوە بۆ بابەتەکانی کارەکی - هونەری دەگەڕێتەوە بۆ باوەگەورەی هونەرەی پزیشکی، بۆ هیپۆکرات Hippocrates ی دوو هەزار و چوارسەد ساڵی یۆنانستانی دێرین.

لای هیپۆکرات و لای ئەو نەریتەی لە پاش وی پەیدا بوو، کە دێتە سەر زانیار-ی کارەکی - یان وەک لەو زەمانەدا پێیان دەگوت هونەری کارەکی - هەم ئەزموونی ئاروینکراوە (تاقیکراوە) و هەم ژیریی مرۆڤ ڕەچاو دەگیران. هیپۆکرات هونەری پزیشکیی لە هونەرێکی هەرە کەڤناری مرۆڤایەتی هەڵێنجا - هونەری ئاشپەزی.



*هیپۆکرات Hippocrates باوەگەورەی هونەری پزیشکی. لەوەش بترازێت دارێژەری بناخەیە بۆ دەرککردنی بیردۆزەکی لە گشت جۆرەکانی هونەر.*

ئاشپەزی یەکەم بوارە مرۆڤ تێیدا تێگەیشتنێکی ساختاربەند و زانستانەی هەمەپۆش داڕشتووە. هونەری ئاشپەزی تەنها کارەکی نییە، بیردۆزەشی لە دەورە. کتێبێکی ئاشپەزیی ئەمڕۆ، گەر باش و سەنگین بێت، لەڕاستیدا

گردکردنەوەی بیردۆزەی سەربە کاری ئاشپەزییە. ئاشپەزی توانا خۆی کتێبی ئاشپەزی ناخوێنێتەوە چونکە وەک دەڵێن ئەو هونەرەی «لە لەشدا چەسپیوە». بەڵام ئێمەی کەمشارەزا دەگەڕێنەوە بۆ بیردۆزەی نێو کتێب بۆ دۆزینەوەی باشترین شێوە و کەرەستە بۆ سازکردنی ئەو ئاشەی مەبەستە.

**بیردۆزە و کردار – لە بیردۆزەدا**

چل ساڵێک لەمەوبەر خولیای چۆنەتیی ئافراندنی دەرک بە بواری کارەکی - هونەری سەرلەنوێ بووژایەوە. دیدی گشتیش لێرەدا پێی وەها بوو ئەم دەرکە بەدەم کارەوە لە نێو خودی کاروبارەکەدا، لەلایەن کەسانی کارای ئەو بوارەوە دێتە بەرهەم. ئەم دەرکە لە دەرەوەی کاروبارەکە و لەلایەن تۆژەرانی دوورەدەستی کاروبارەکە نایەتە ئافراندن. بەڵام مەبەست ئەوە نییە بواری کارەکی - هونەری سوود لە بەرهەمی بواری زانستی وەرناگرێت. مەبەستیش ئەوە نییە هەرچی لە بواری کارەکی - هونەریدا هاتە بەرهەم خاوەن بەهایەکی گشتڕەوایە، واتا خاوەن بەهایە بۆ لایەنی دیکەی دەرەوەی ئەو کاروبارەی تێدا هاتۆتە بەرهەم.



*ڤیگۆتسکی* Vygotsky *تۆژەری هەرە ناودارە لە بواری دەروونناسیی فراژکاردا. ئەم سەرنجی هەبوو دەربارەی چۆنەتیی تێهەڵکێشبوونی بیردۆزە و کاروبار. ڤیگۆتسکی دوو ڕاگواستەی تەوجیل*[124] *دەکاتە سەرشار.*

*دەستپێکی ئینجیلی یوحەننا دەڵێت: «سەرەتا پەیڤ هەبوو... لە «سەرەتا»ی تەوراتیشدا خودا دێتە گۆ، دەبێژێت: «... ((ڕووناکی دروست ببە!)) و ڕووناکی دروست بوو...*

*لێرەدا پەیڤەکانی خودا پێش داکەوت و پێش کردار دەکەون. «بیردۆزەی زانیار»-ی تەوجیل دەڵێت بیر پێش کردارە، کەواتە بیردۆزە پێش کاروبارە.*

*ڤیگۆتسکی پەنا دەباتە بەر ڕاگواستەیەکی گۆتە* Goethe *کە لە زمان فاوست* Faust *ی شاکەسەوە دەڵێت: «سەرەتا کردار بوونی هەبوو».*

*ڤیگۆتسکی وەهای کورت دەکاتەوە: سەرەتا وشە بوونی نەبوو. سەرەتا کردار بوونی هەبوو. وشە کۆتای فراژووتن بوو نەک دەستپێک. بەدەم کرداری نێو کاروبارەوە بیردۆزەی کارەکی پەیدا دەبێت. پاشان ئەم زانیارە وەک زانیارێکی بیردۆزەکی پێشکەش دەکرێت.*

Habermas لەوانەیە کەسایەتیی هەرە کاریگەری ئەم سەردەمە بێت لە بواری جڤاکناسی و فەلسەفەدا. یەک لە بەرهەمەکانی هابەرماس بریتییە لە سێهەم پرینسیپی هۆشمەندی،[125] واتە شێوازێکی دیکە بۆ پەیداکردنی

زانیاریکی هۆشپەسەندی گشتڕەوا، ڕەوایەتیی هەبێت لە گوزەرانی ڕۆژانە و لە کاروباردا. لەم بیردۆزەیەدا، ئەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین، ئەم هەوارگەی ژیانە، ئەم «ژینوار»ە شاچەمکە. بە کەمێک ساناکارییەوە دەتوانین وەها بیردۆزکە ڕاڤە بکەین: زانیار دەربارەی هەڵسوکەوتی خۆمان لەم ژینوارەی خۆماندا و لە ڕێی ئەزموونی ڕێک نێو ئەم ژینوارەدا پەیدا دەکەین.

گەر ئەم گوتەیە تەرجەمە بکەین بۆ یەکدوو کاروبار دەبێتە:

- زانیار دەربارەی کرداری گشتڕەوای سەربە فێرکاری، لە نێو و لە ڕێی ئەزموونی خۆ و کەسانی دیکەی کارا لە فێرکاریدا، پەیدا دەبێت.
- زانیار دەربارەی کرداری گشتڕەوای سەربە پیشەگەری، لە نێو و لە ڕێی ئەزموونی خۆ و کەسانی دیکەی کارا لە پیشەگەریدا، پەیدا دەبێت.

فێربوون و فراژووتنی زانیار بەڕادەیەکی بەرین دۆخبەندن، وابەستەی دۆخن. لەو بەستێنە تایبەتەدا پەیدا دەبن کە بۆ نموونە ئەم یان ئەو پیشەگەرییە هەیەتی. کەواتە دەبێت پەرۆشی ئەزموونی خۆمان و دەوروبەر بین، سیستەمبەندیان بکەین، ڕاڤەیان بکەین، گوتوبێژمان هەبێت لەتەک کەسانی دیکەی کارا لەم کاروبارەدا، ئەو زانیارەی پەیدا بووە بە یەکدی ئاروین بکەین و هەروەها بە بیردۆزەی دیکەی زانستانە بەراورد بکەین.

کەواتە هەر کاروبارێک پشتیوانێکی بیردۆزەکی هەیە - گەرچی بێژراویش نەبێت - و لەبەر ئەوە دەبێت دەرفەت بدرێتە دەنگی کەسانی کارا لە کاروباردا: مامۆستا، موزیکژەن، ئاسنگەر و ... هتد. دەنا ئەو «کەیانی هێماکار»[126] ەی هەیە لە دەوروبەری گشت پیشەگەراندا، لەلایەن نۆرەوانی دیکەوە دێتە داگیرکردن.




بەستێنی کارەکی - هونەری

زووتر پیشەگەر خاوەن سەرلەبەری بەستێنەکەی خۆیان بوون، دینکارانی لێ دەرچێت، کەس مامۆستایەتیی لە هونەرەکەی ئەواندا نەدەکرد. ئەمڕۆ نۆرەوان زۆرن بۆچوونیان هەبێت لە گشت کاروبارێکدا.

**نموونە لە بواری کارەکی - هونەری**



وەرزش – ئەم جۆرە وەرزشە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر تەندروست و دەروونسازی.



ماڵداری – لە هەڵبژاردنی بۆ نموونە خۆراک دەبێت هەمیشە کاریگەریی ئەو خۆراکە لەسەر تەندروستی و لەسەر ژینگە بێنە بەر باس.



نیگارکێشی – جگە لە پێشکەشکردنی کارە هونەرییەکە دەبێت فێرخواز توانای هەبێت بۆ شرۆڤەکردنی ئەو بەرهەمە.



دارتاشی – وەک نموونەیەک لە کاری دەستی، لە پیشەگەری. مرۆڤ دەبێت توانای هەبێت بەڵگە بهێنێتەوە بۆ بژارەکانی خۆی، ئەو کەرەستە و ڕێبازانەی هەڵیبژاردوون، لە ڕووی خۆڕاگری، مەترسی و کارکردەوە چۆن.



تەکنیک – بەدەم ڕاڤەکردنی تەکنیکێکی تایبەتەوە چەمکی سەربە ئەو بوارە بەکار بهێنە، بۆ نموونە: هێز، بزاوتن، سیستەم کۆچەرخ، ئاگاداری، پتەوی.

«...»

**بنەمای بیردۆزەکی بۆ گوتوبێژی پیشەوەرانە**

ئەم تێکستە باس لەو بنەما بیردۆزەکییە دەکات کە دەبێتە بناخە بۆ گوتوبێژی پیشەوەرانە لە بواری فێرکاریدا.

**زانیارهەڵبەستنی ئەزموونبەند - شرۆڤەی گوتوبێژ**

شرۆڤەی گوتوبێژ باسە لەو ڕووکارە تاکەکەسی و هاوکۆیانەی کە «بابەت» دەکەنە ماکی گوتوبێژەکە. ئەو ڕووکارانە چۆن خویا دەبن و چۆن دەبنە مایەی فرەواندنی ئاسۆی دەرک، مایەی فێربوون، دەرکی «بابەت»ـەکە. وێڕای ئەوەش، شرۆڤە خەتوخاڵی دیکەی گوتوبێژەکەش ڕاڤە دەکات.

لێرەدا مۆدێلەکانی Ulf Janson دەکەینە سەرشارێکی بیردۆزەکی بۆ ئەم باسە. Janson لەو کارەدا خەریکی تۆژینەوەیە لە ڕوانگە، ڕووکار، بابەت، نیاز و ئاسۆی دەرک لە گوتوبێژ و کارلێکی فێرکاریدا.[127]

**«دووتا»[128] و هەڤبەندیی سێپا**

Janson لە تۆژینەوەکەدا مۆدێلێک دەکاتە سەرشار بە «هەڤبەندیی[129] سێپا» ناودێری کردووە. ئەم مۆدێلە «دووتا»یەک - واتە کارلێکێک لە نێوان دوو کەسدا دەربارەی بابەتێکی هاوکۆ - ڕاڤە دەکات. مۆدێلەکە پێشانی دەدات گەر جەخت لەسەر بابەتە هاوکۆیەکە بێت ئەوسا ڕووکاری هەڤبەندکار[130] (جڤاکی) ی نێوان «ئەز» و «ئەوەی دیکە» کەمتر زۆپ دەبن.

گەر جەخت لە گوتوبێژەکەدا بە ڕوونی لەسەر «بابەت»ـی هاوکۆ بێت ئەوا دەرفەت دەرەخسێت بۆ ئاواڵەبوونێکی فرەوانتر دەربارەی «جێگە»ی یەکدی. ئەم دەسترەسییە بە جێگەی یەکدی، گوتوبێژەکە دەکاتە دەستاوێژێک بۆ پشکنینی بابەتی هاوکۆ. ئەم مۆدێلە پێشانی دەدات کە «جێگە»کان یەکتان،[131] واتە گەر کەسانی دیکە، لە ڕوانگەی جێگەی یەکتای خۆیانەوە، خەریکی گوتوبێژ بن دەربارەی هەمان بابەت ئەوا ئەنجام جیاواز دەبێت.

لەوەش بترازێت، مۆدێلەکە پێشانی دەدات کە جێگەی کەسانی بەشدار لە گوتوبێژەکەدا، لە هەڤبەندییان لەتەک یەکدی، دەبێت ڕەچاوی مەرجی دیاریکراو بکات. گوتوبێژی سازەندە دەربارەی بابەت دەبێت دوولایەنە و گوێڕادێر بێت.




«دووتا» و «هەڤبەندی سێپا»

*(Janson, 1975, 2001, 2008)*

## ڕوانگەی مرۆڤ و ڕووکاری «بابەت»

«هەڤبەندیی سێپا» پێشانی دەدات کە تاکەکەس «جێگە»یەکی دیاریکراوی هەیە بەرانبەر «بابەت». Janson بۆ وردبوونەوە لەم باسە، پەنا دەباتە بەر چەمکی «ڕوانگە». هێڵکاریی داهاتوو ڕوانگەی تاکەکەس لە بابەت پێشان دەدات.

ڕوانگەی مرۆڤ دەکاتەوە گشت ئەوەی مرۆڤ لە بەرکەوتدا لەگەڵ دەوروبەر لای خۆی هەڵی چنیوە، واتە هەڤبەندییەکی بنەڕەتییە مرۆڤ ڕایدەگرێت لەتەک بابەتدا.[132] بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت سەرلەبەری «بابەت»ـەکە سەروبەر بکات. «ڕوانگە» هەم سێرەگیرە و هەم دەستبژێر. ئەوە ڕوانگەی مرۆڤەکەیە وەها دەکات یەک یان چەند ڕووکارێکی بابەتەکە ڕەپێش بخرێت.[133]

کەواتە گرینگە بزانین کە ڕوانگە، گەرچی ڕووبەرێکی هێندە بەرین لای مرۆڤ لە ئامێز دەگرێت، تەواو خۆیەکی سنووررێژ نابێت - ڕوانگە بە هاوئاهەنگیی لەتەک «بابەت»ـدا دێتە دارشتن. ئەو ڕوانگەیە، هەر بەوەی ڕووکارێک لە بابەتەکە ڕەچاو دەگرێت، زاڵ دەبێت بەسەر هەڵوێست و نیازی کەسەکیی خودی مرۆڤەکەدا. ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی ڕوانگەی مرۆڤ و نیازی ئەو ڕوانگەیە، بە گۆڕینی ئەو بابەتەی جەختی لەسەرە، دێنە گۆڕین.[134] واتە ئەو «بابەت»ـەی جەختی لەسەرە بڕیار دەدات کام ئەندێشە[135] لە ڕوانگەکەدا جێی دەبێتەوە و ئەمەش بناخەیەکی نیازکار بۆ گوتوبێژەکە دادەڕێژێت.

ڕوانگەکە بەستێنێکی دەرکی بەرشیان[136] دەداتە ئەو ڕووکارانەی لە بابەتێکدا دێنە بەرچاو. بەڵام دەبێت بزانین کە هەم ڕوانگەی کەسەکی و هەم ئەو بەستێنەی دەرک کە لە ڕووکارەوە خویا دەبێت تەنها بەشێکن لە بەستێنی بەرشیانی دەرکی ئەو بابەتە.

## ڕوانگە و ڕووکار لە «هەڤبەندیی سێپا»دا

هێڵکاریی داهاتوو پێشانی دەدات گوتوبێژێک، ڕووکارێکی هاوکۆی بابەت بکاتە سەرشار، چۆن بەستێنی دەرک فرەوان دەکات. ڕووکاری هاوکۆ دەبێتە پێشمەرج بۆ گوتوبێژێک تێیدا ڕووکاری کەسەکی هاوئامێز[137] دەکرێن. مەبەست ئەوە نییە ڕووکاری ئەم یان ئەو سەردەست بێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە دەسترەسیت هەبێت بۆ ڕووکاری کەسی بەرانبەر لەو بابەتە هاوکۆیە.

ڕوانگە، لەتەک ئەندێشەی چەمکامێزی تاکەکەسدا، هەڤبەندییەکی «دوودیو»[138] -ە. ئەندێشەی تاکەکەس پێشمەرجە بۆ ئەوەی ڕووکاری هەم تاکەکەسی و هەم هاوکۆ لە گوتوبێژدا بێنە بەرباس. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندێشەکان، بەدەم کاتەوە، تاڕادەیەک دەبنە بەرهەمێکی گوتوبێژەکە. وەک هێڵکاری «دووتا و هەڤبەندیی سێپا» پێشانی دەدات، گوتوبێژ بریتییە لە بەرکەوتی کەسێک لەگەڵ ڕووکاری کەسێکی دیکە و ئەو بەستێنانەی دەرک کە ئەم ڕووکارە دەیانکاتەوە. ئەم دیاردەیەش دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە ئەندێشەی چەمکامێزی هەردوو لادا، ئەمەش بەدەم کاتەوە دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە بنەما نیازکارەکەی ڕوانگەکەدا.




ڕوانگەی مرۆڤ و ڕووکاری «بابەت»
*(Janson, 1975, 2001, 2008)*

**«بابەت» لە گوتوبێژدا**

بابەتی باڵکێش لێرەدا فێرکارییە – جار هەیە سەرلەبەر و زۆر جاریش وەک بەشەڕووکار. بۆ نموونە وەک بابەتی سەربە شێوازی زانیار، ژینگەی پۆل، فراژووتنی چەمک، توانستگەلی هزری و بیرمەندانە، ئەرکی خوێندن، بیردۆزە، داڕشتنی ئاستدۆزی - و شێوازی ئاڕاستەکردنی پرسیار.

**بەستێنی دەرک، هەم تاکەکەسی و هەم کۆیەکی**

ئەم مۆدێلانە دەڵێن مرۆڤ گەر بتوانێت، لە سەرشاری ڕووکارێکی هاوکۆوە، جەخت لەسەر «بابەت»ێکی هاوکۆ بکات ئەوا بەستێنێکی هاوکۆی فرەوانتری دەرک وەدەست دەهێنێت. جیاوازییەکانی نێوان ڕووکارە تاکەکەسییەکان بەگشتی لەوە گەورەترین نین کە مرۆڤ بتوانێت گوتوبێژ دەربارەی بەستێنە جیاوازەکانی دەرک بکات کە خویا دەبن لەسەر ئاسۆ سەرلەبەرەکەی دەرک. ئەم ڕووکارە جیاوازانە هەم نۆرەی دابڕیان هەیە لە پێڤاژۆی هەڵبەستنی زانیاردا و هەم لە ئەنجامی بەرهەمەکەشدا دێنە داڕشتن.

**هەڤبەندییەکی دوودیو لەگەڵ ئەندێشەی تاکەکەسدا**

مۆدێلەکان پێشانی دەدەن کە ئەندێشەی بەشداربووانیش بەدەم کاتەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لەوانیشەوە هەم ڕوانگەکانیان و هەم ئەو ڕووکارانەی دێنە پێشچاو، دەکەونە بەر گۆڕانکاری. بەرهەمی گوتوبێژ تەنها لە ئەنجامەکەیدا نییە، بەڵکوو کار لە ئاڕاستەی دیکەش دەکات و کاریگەری هەیە لەسەر ئەو ئەندێشەگەلەی بڕیاری ڕوانگە دەدەن و بەوەش، بەدەم کاتەوە، وەها دەکات ڕووکاری نوێ لەو ڕوانگەیەوە پەیدا بن.

ئەم باسە لە پێڤاژۆیەکی زانیاردا سەنگی هەیە کە کاتخایەن بێت. لەبەر ئەوەی هەمان «بابەت» فرەبارە دەبێتەوە، بەدەم کاتەوە، بەستێنی نوێ دەرک دەربارەی ئەو بابەتە پەیدا دەبن.

**مۆرکی گوتوبێژ**

مۆدێلە بیردۆزەکییەکان دەڵێن گرینگە گوتوبێژ جەختی ڕوونی هەبێت لەسەر «بابەت». ئەمیش مەرجی خۆی هەیە. گوتوبێژ مۆرکی خۆی هەیە، دەبێت دوولایەنە و گوێڕادێر بێت، ڕووکارێکی دیکەی هەڤبەندکار، بۆ نموونە پێگەبازی، پلەخوازی و میکانیزمی دیکەی جڵەوگیری دەبێت وەلا بنرێن.

مۆدێلە بنەڕەتییەکە ڕاڤەیە لە «دووتا»یەکی «سێپا»ی ئاسۆبار (ئاسۆیی). ئەوەشە دەبێتە شامۆرکی گوتوبێژ، «جێگە»ی کەسەکان ئاماژەن بە دوو ئاستی هاوبایەخ، بەڵام نەک وەکیەکی زانیار. پاشان مرۆڤ دەتوانێت بەمەبەست تێبکۆشێت بۆ هاتوچۆ ڕووەو «دووتا»یەکی ستوونبار (ستوونی). بناخەی جێگەی ستوونی لێرەدا بریتییە لەوەی ئاستی زانینی لایەک، دەربارەی «بابەت»ێکی دیاریکراو، بەرزترە. (هەر ئەمەشە دەبێتە مۆرکی گوتوبێژی، بۆ نموونە، نێوان مامۆستا و فێرخواز). «دووتا»ی ستوونبار بەم جۆرە دەبێتە یاریدەر بۆ فرەواندنی ئەو ڕوانگەیەی سەرەتا هەبوو.[139] ئەم هاتوچۆیەی «دووتا» دەبێتە مایەی هەڵچنینی زانیار.




*ڕوانگە و ڕووکار لە «هەڤبەندیی سیپا»دا*

*(Janson, 1975, 2001, 2008)*

**ڕاهێنانێک دەربارەی بەرکەوتی فروسماو**

وەهای دانێ داوات لێکراوە وۆرکشۆپێک دەربارەی بابەتێک ساز بکەیت تێیدا مامۆستایت، بۆ نموونە وەڵاتی نیوزیلاند، گیتارژەنین، ئەسپسواری، کار لە زمانی فرانسیدا… هتد. هەنگاوی یەکەم بریتییە لەوەی بیر بکەیتەوە تۆ چی بکەیت باشە بۆ ئەوەی گشت یان بەشێک لەو زانیارەی خۆت بگەیەنیتە بەشداربووانی ئەم جڤینە. تۆ باسێک دەزانێت کە ئەوانەی دیکە هێشتا نایزانن. هەر ئەمەیشە نیوەڕۆکی فێرکاری – بەرکەوتە لە نێوان کەسێکی دەزانێت و کەسێکی دیکەی هێشتا نازانێت.

گەر بواری کارامەیی تۆ سەمای بالێت بێت، مەبەست ئەوە نییە بەشداربوون پاش ئەم وۆرکشۆپە ببنە پسپۆری سەمای بالێت. مەبەست ئەوەیە ئەم جارە گەر سەمایەکی بالێتیان بینی کەمێک زیادتری لێ تێبگەن و لەوانەیشە ببێتە هاندانێک بۆ فرەواندنی شارەزابوون لەو بوارەدا.

**ئامادەکاری**

ئەوجا کاتە بۆ خۆ ئامادەکردن! گەر شێست خولەک تەرخانە بۆ ئەم وۆرکشۆپە ئەوا دە-پازدە خولەک بۆ دەستپێک دیاری بکە. ئەم پرسیارانە خوارەوە بکە سەرشار و شاوشە لای خۆت تۆمار بکە.

- ئەوەی بەڕاستی من دەیزانم چییە؟ زانیار، تێگەیشت و کارامەیی خۆم دیاری دەکەم و بە وشە چێوەبەستیان دەکەم (مێتازانیار – زانیار دەربارەی ئەوەی خۆم دەیزانم).
- کامە چەمک گرینگن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی دەیزانم و تێیگەیشتووم.
- ئارمانجم چییە؟ چییە ئەوەی مەبەستمە بەشداربووان فێری ببن؟
- چۆن دەتوانم ئەو ناواخنەی مەبەستمە بەرجەستە بکەم و بە شێوازێکی ڕاگەیەن بیدەمە کەسانی بەرانبەر؟
- چی بکەم بۆ ئەوەی تێگەیشتن لای ئەوان پەیدا ببێت؟ کامە دەرامەد بەکار بهێنم؟ (دەرامەد لێرەدا دەکاتەوە هەرچییەکی مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوە و گەیاندنی مەبەست، بۆ نموونە: مۆدێل، بەرهەستاندن، وێنە، پرسیار، گفتوگۆ، ڕاهێنان، پێشکەشکاری، ڕۆڵوازی، چەمک... هتد)
- کات مەودا نادات بۆ بەکارهێنانی ئەو هەموو دەرامەدە، بەڵام من دەتوانم بیرکردنەوەی خۆم ڕوون بکەمەوە.

**پیادەکاری**

هەر کەسێکی بەشداربوو چەند خولەکێک کاتی هەیە بۆ ئەم خاڵانە:

- سەرنجە نووسراوەکانی خۆت بەکار بهێنە بۆ ڕوونەکردنەوەی تێگەیشتنی خۆت.
- ئەو تێگەیشتنەی خۆت بە ئارامی بەرجەستە بکە، دەرامەد بەکار بهێنە و باسی بکە مەبەستت چییە ئەوانەی دیکە تێی بگەن.
- ئەوجا چەند خولەکێک تەرخانە بۆ بەشداربووانی دیکە پرسیار بکەن

لە کۆتای ئەم جڤینەدا گوتوبێژمان دەبێت دەربارەی ناواخنی ئەم وۆرکشۆپە.

### بیردۆزەی پلانی فێرکاری[140]

ڕوویداوە جارێک کارێکی یاسابەدەر بکەیت؟ ئێمە دەزانین کە 70% -مان هەر نەبێت یەک یان دوو جار ڕێسابەزێنییەکی کردووە. یەک خاڵی هەم پلانی فێرکاری و هەم بەرهەمی دیکەش ڕوونی دەکەنەوە بریتییە لەوەی بوونی یاسا بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ «دروست» بیر بکاتەوە و «دروست» ڕەفتار بکات. پلانی فێرکاری یاسایەکە و لە گشت زەمانێکدا



دەسەڵات داڕێژەری پلانی فێرکاری بووە، لەوێدا دەسەڵات بڕیاری داوە کامە زانیار و کامە بەها مەبەستیانە لای گەل فراژی بێت. بەڵام دونیا هەرگیز هێندە سانا نەبووە[141] و ناشبێت.

### پلانی فێرکاری

پەندێکی پێشینانی باو هەیە دەڵێت «لالەگوڵەباخ بەدەم خۆشە بەڵام نەکردە» - واتە گوتنی بابەتی جوان ئاسانە بەڵام لە کردەوەدا چەرخاندنیان دژوارە. وێڕای ئەوەش، کەسانێکی زۆر لە نێو دەسەڵاتدا ئومێدەوار بوون جادووبازانە بە یارمەتیی وشە «لالەگوڵەباخ» پەیدا بکەن.



لەم نووسیارەدا هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەیەکی زانستانەوە باس لە پلانی فێرکاری بکەین. واتە تۆژینەوەی بواری فێرکاری دەربارەی پلانی فێرکاری گەیشتۆتە چی. ئەو ڕشتەیەی لە فێرکاریناسیدا خەریکی پلانی فێرکارییە بە «بیردۆزەی فێرکاری» ناودێر کراوە.

پلانی فێرکاری وەک لە سەرەوە باسی هات یاسایە، بەڵام مەرج نییە تەنها لەبەر ئەوەی کە نووسراوە تۆ مافت هەیە نێوەڕۆکی ئەو یاسایە بزانیت، ئیدی بیزانیت – لەوانەیە یاساکە «لالەگوڵەباخ»ێک بێت.

ئەوجا مەرجیش نییە هەرچی لە فێرگەدا دەگوزەرێت کۆک بێت لەگەڵ ئەو دێمۆکراسی، یەکسانی و دادپەروەرییەی بە گوتەی پلانی فێرکاری دەبێت ببنە مۆرکی کاروباری فێرگە – لەوانەیە ئەمەش «لالەگوڵەباخ»ێکی دیکە بێت.

باشە، بەڵام خۆ ناکرێت پلانی فێرکاری بڵێت نابێت گشت فێرخواز فێری هەموو بابەتێک ببن، یان فێرگە بۆی هەیە جاروبار دادپەروەر نەبێت.

لێرەدا لە پلانی فێرکاری ورد دەبینەوە بزانین لەڕاستیدا چی دەڵێت و بۆچی ئەوەی نووسراوە گرینگە - گەرچی زۆریش بەهێز نەبێت.

لە مێژووودا، هەموو جڤاکێک پلانی فێرکاریی خۆی هەبووە. هۆکاریش ئەوەیە هەر جڤاکێک بیری لەوە کردۆتەوە زارۆک و جەوان پێویستیان بە چییە فێری ببن. گەر گچکە و جەوان ئەو بابەتانە نەزانن کە پێویستن بۆ جڤاکەکە، ئەوا ئەو جڤاکە پاش ماوەیەک دەڕووخێت. ئەمەش ڕێک ئەو زانیارەیە هەر جڤاکێک کۆشاوە بۆ گردکردنەوەی لە پلانی فێرکاریی خۆیدا.



*جڤاکاندن. ڕسکان کارێک نییە هەمیشە ئاسان بێت*

**پلانی فێرکاری گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

بیردۆزەی پلانی فێرکاری پێشانی داوە کە پلانی فێرکاری ئاوێنەیەکە لە جڤاک و پێویستییەکانی وی. لەبەر ئەوەیە وێکچوونی مەزن هەیە لە نێوان «پلانەکانی فێرکاری»ی گشت جڤاکگەلی ڕاوچییان، گشت جڤاکگەلی سەربە کشتوکاڵ و هەروەها گشت جڤاکگەلی پیشەساز.



*فێربوونی ڕاوکردن و خەریکبوون بە نێچیرەوە لە ماوەی هەرە بەرینی مێژووی مرۆڤایەتیدا گرینگترین بەشی پلانی فێرکاری بووە. بەڵام ئەمرۆ نا. بۆ؟*

## پلانی فێرکاری «زۆرەملێ»یە



*خۆگونجاندن – کارێک ئاسان نییە مرۆڤ بەردەوام خۆی لەتەک جڤاکدا بگونجێنێت*

ئەرێ، لەڕاستیدا پلانی فێرکاری و ئەو خوێندنەی بەدوویدا دێت زۆرەملێیە. ئەم زۆرەملێیە ڕووی لە زارۆکە، زارۆک ناچار دەکرێت فێری جڵەوگرتنی خۆی بێت، فێری ڕێسای جڤاکی و ئەو ڕاستییە تاڵە بێت کە دەڵێت مرۆڤ لە خێزان و لە جڤاکدا بۆی نییە بە دڵی خۆی بکات – مرۆڤ ناچارە خۆی بگونجێنێت.

زارۆک ناچارە خۆی فێر بکات چۆن لەگەڵ ئەو جڤاکەدا هەڵ بکات کە تێیدا زاوە، چۆن ڕێکخراوە و چۆن دەچەرخێت، دەبێت فێر بێت هەم بژێو و هەم پێداویستیی دیکەی خۆی پەیدا بکات. مرۆڤ گەر بە لاوێتی ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات ئەوا دەبێتە کەسێکی بەشدار لە جڤاکدا و لە نێو چێوەکانی جڤاکیشدا ئازاد دەبێت.

## سێ پرسیارەکەی پلانی فێرکاری: چی؟ چۆن؟ بۆچی؟

پرسیارەکانی، چی؟ چۆن؟ و بۆچی؟ گوتنیان ئاسانە بەڵام وەڵامدانەوەیان فرە ئاڵۆزە. گشت جڤاکی مرۆڤایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر وەڵامی ئەو پرسیارانەیان داوەتەوە و هەر جۆرێک بێت بڕیاریان داوە لەو جڤاکەی خۆیاندا فێرکاری دەبێت خەریکی چی بێت.

### ئایدیۆلۆژییەکان وەڵامی چی دەدەنەوە؟

| | | |
|---|---|---|
| ڕوونکردنەوەی جیاوازی<br>بیرۆکەبەخشین<br>گۆڕانکاری لە جڤاکدا چۆن بچەرخێت؟ |  | ڕێبەری جڤاک چۆن بێت؟<br>گرووپەکانی جڤاک چۆن بسازێن؟<br>سازمانی جڤاک چۆن بێت؟ |

*پرسیاری ئاسان و بەرسڤی ئاڵۆز. بیرمەندان دەتوانن ڕێنوێن بن بۆ چۆنەتیی وەڵامدانەوەی: چی، چۆن و بۆچی.*

- پرسیاری «چی» دەڵێت: لەم جڤاکەدا چی گرینگە مرۆڤ بیزانێت؟ هەڵبەت هەر جڤاکێک وەڵامی خۆی هەیە. کامە زانیار، بیرورا، بەها و ڕەفتار پێویستە ئەم جڤاکە فێری جەوانی خۆی بکات؟
- پرسیاری «چۆن» دەڵێت: ئەو کارە چۆن پیادە دەکرێت؟ فێرکاری چۆن ساز بکرێت؟ کێ تێیدا بەشدار بێت؟ کێ مامۆستا بێت؟ کامە ڕێباز (مێتود) بەرکار بن؟ توانا و سەرچاوەکان چین؟
- پرسیاری «بۆچی» دەڵێت: ڕەوایەتیی وەڵامەکانی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە لای ئەم جڤاکە لە چیدایە؟ ئایا یەزدان، زانست، شا یاریدەر بوون بۆ دارشتنی وەڵام یان ژیرەکانی ئەم جڤاکە بە گفتوگۆی بەڵگەکارانە پێکهاتن لەسەر نێوەرۆکی پلانی فێرکاری؟

**نهۆمەکانی بەرسف**

ئەو سێ پرسیارەی پلانی فێرکاری، لە چوار نهۆمی جیاوازدا، دەخرێنە بەر گفتوگۆ و دێنە بەرسڤاندن.

1- نهۆمی سیاسی - هەر جڤاکێک نهۆمێکی هەیە تێیدا بڕیار دێتە دارشتن، ئەویش نهۆمی سیاسییە، دەسەڵاتە، دەوڵەتە. ئا لەم نهۆمەدایە پلانی فێرکاری بە فەرمی دێتە دارشتن و بڕیار. ئەم نهۆمە، لە دێمۆکراسیدا، بۆ نموونە لە سوێد، بریتییە لە پارلەمان، میری (حکوومەت) و بەرێوەبەری. ئەمانە پەرپرسایەتییان لە ئەستۆیە و گەر چەوتی بکەوێتە بواری فێرکارییەوە بەرهەڵستانی خاوەن بژارەی دیکە، لێیان دەڕاسێن.

بەڵام دەشزانین کە ئەمە سیستەمێکی جیهانی نییە، بەپێی زەمان و زەمین دێتە گۆڕین بۆیە بڕیاردانی پلانی فێرکاریش فرەجۆرە.



*لە دێمۆکراسیدا پارلەمان سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە.*

2- نهۆمی نافەرمی - هەموو جڤاکێک بنگەی دەسەڵاتی نافەرمیشی هەیە. ئەمانە دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستەوخۆیان نییە بەڵام کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوانەی دەسەڵاتی سیاسییان هەیە. لە جڤاکی کۆندا ئەم لایەنانە دەسەڵاتێکی بەرچاویان نەبووە بەڵام دین و مامۆستایانی دینی بەگشتی کاریگەریی مەزنیان هەبووە و ئێستاش لە زۆر پلانی فێرکاریی جۆراوجۆردا بەرهەمی ئەو کاریگەرییە دەبینرێت.

زۆرن ئەو شا و سەردارانەی بەر لە بڕیاردانی پرسی مەزن پرسوڕایان بە فاڵگرەوە، جادووباز، بازرگان و وەستای دەسترەنگین کردووە.



*ماسمێدیا بە گشت جۆرەکانییەوە ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە. لەبەر ئەوەیە لە پەنا پارلەمان و میری، ماسمێدیا جاروبار بە دەسەڵاتی سێهەم ناودێر دەکرێت.*

بەشێک لەو گرووپە نافەرمییانەی لە دیمۆکراسیی ئەم سەردەمەدا کاریگەرییان لەسەر سیستەمی فێرکاری هەیە بریتین لە بنگەی دینی (بۆ نموونە لە سوێد کڵێسە)، دایکوباب، بازاڕ، سەندیکای فرەجۆر، سازمانی خولیادار (بۆ نموونە سەربە پرسگەلی ئاشتی، ژینگە، مافی...) و هەروەها ماسمێدیا. ئەم گرووپانە بۆیان نییە دەربارەی پرسی فێرکاری بڕیار بدەن، واتە بەرپرسایەتییان لە ئەستۆ نییە، لەبەر ئەوەشە دەتوانن لە پێشنیازدا زێدەڕۆیی بکەن.

3- نهۆمی زانستی - ئەم نهۆمە زانستییە بە پلەی یەکەم زانستگەیە و نێزیکەی دوو تا سێ هەزار ساڵە بوونی هەیە. زانستی فێرکاری دەکۆشێت بۆ وەدەستهێنانی زانیار دەربارەی فێرکردنێک بنزانست[142] بێت. زانستی فێرکاری چ بەرپرسایەتییەکی سیاسیی نییە بەڵام بەگشتی دەسەڵاتی سیاسییە لایەنی داراییەکەی بۆ دابین دەکات.

کەواتە وابەستەبوونێک لە ئارادایە هەردوو لایەن دەبێت ڕەچاوی بگرن. دوور نییە تۆژەر بەپەرێز بێت لەوەی لقەداری ژێر خۆی ببڕێتەوە، یان سیاسەتمەدار ئاماژە بدات بە خاڵی وەها کە لای خۆی دڵپەسەندە بۆ ئەوەی تۆژینەوە ئەو مەبەستە بکەنە ئارمانج. وەڵات هەن تێیاندا گشت بەرهەمێکی تۆژینەوە دەبێت، بەر لە پەخشکردن، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی یان دینییەوە مۆڵەت درابێت.



*ئاکادێمیای پلاتۆ (ئەفلاتۆن) لە ئەتێن*

4- نهۆمی ژووری پۆل - لە ژووری پۆلدا، مامۆستا و فێرخواز ڕۆژانە کاتێکی زۆر دەبەنە سەر و لەوێدا پرسەکانی: چی و چۆنی فێرکاری - چەند جارێک لە هەمان وانەدا - دێنە بەرسڤدان. لە ژووری پۆلدا بەرسڤەکان دەبێت بچەرخێن، چونکە ژووری پۆل ئەو کاروبارەیە کە بیرۆکەی فێرکاری تێیدا دێنە ڕاستاندن.

ژووری پۆل وەک سێ نهۆمەکەی سەرەوە ناچارەکییە بەڵام بە جۆرێکی جیاواز. گەر بەرسڤەکان نەچەرخێن ئەوا دەبێت خێرا بەرسڤی نوێ بێنە دارشتن. جاری پێشوو ناجۆر دەرچوو، ئەمجارە چۆن بکەین باشە؟ کەواتە دەبێت بەرسڤی وەها بدۆزینەوە کە بە کردەوە، لە پۆلی خاوەن یەک مامۆستا و سی فێرخوازدا، بچەرخێت — دەنا پۆل دەبێتە ئاژاوڵە. ئاژاوڵەی پۆل جاروبار ماوەیەکی کورت بۆ فێرخواز شادیهێنە - بەڵام نەک هەرجار، درێژمەودا و بۆ گشت کەس. لەوەش بترازێت، لە ئاژاوڵەی وەهادا هەم گوزەران و هەم فێربوون دادەهێزرێن.



*لە ژووری پۆلدا، مامۆستا و فێرخواز ڕۆژانە خەریکی دۆزینەوەی بەرسڤن بۆ پرسەکانی: چی و چۆنی فێرکاری*

**پلانی فێرکاری چۆن دێته ئافراندن**

کار لەگەڵ پلانی فێرکاری سێ ڕووکاری هەیە:

- داڕشتن formulation – هەنگاوی یەکەم داڕشتنی پلانی فێرکارییە. واتە جڤاک لە نهۆمێکی سیاسیدا دەبێت پێک بێت لەسەر نێوەڕۆکی ئەو پلانە. لێرەشدا گرینگە گشت لایەنە سیاسییەکان لەم بوارەدا تێبکۆشن ڕووەو دیدی هاوکۆ.

ئاشکرایە کە پرسی فێرگە گشتمان دەگرێتەوە، هەمووکمان بۆچوونمان هەیە و گرینگە هێندەی بکرێت دیدی بەرەیەکی فرەوان – نەک تەنها سیاسەتمەدار، بەڕێوەبەری فێرگە و مامۆستا، بەڵکوو فێرخواز و دایکوبابیش – لە پلانی فێرکاریدا ڕەنگ بداتەوە. لەبەر ئەوەیە بەشێک لە داڕشتنەکان گشتگیر و کۆکن لەتەک بۆچوونی باوی زۆرینەدا.

هەر بۆ نموونە، هەشت پارتیی سیاسیمان هەیە، ئایا بۆچوونی هەموویان دەربارەی فێرگە و فێرکاری وێکچووە؟ نەخێر، هەڵبەت وەها نییە. دەیسا ناچارن لەسەر داڕشتنی وەها پێک بێن کە مایەی سەلماندنی هەمووان بێت. لەبەر ئەوەیە داڕشتنی وەها دەبینیت لە هۆنراوە دەچن: گشت فێرخواز دەبێت بابەتی گرینگ فێر ببن. دەبێت دێمۆکراسی و یەکسانی لە فێرگەدا هەبێت... باسی گشتیی دوور لە وردەکاری.

بیهێنە بەرچاوت ئێوە لە پۆلدا بڕیار بدەن وەڵات چۆن ببرێت بەڕێوە. گەر بێنە سەر وردەکاری، بۆ نموونە چەندوچۆنی سزای ئەم یان ئەو تاوان، ئەوا ناتەبایی پەیدا دەبێت. بەڵام گومان نییە لەوەی گەر هاتە سەر باسی گشتی، باسی دابینکردنی دێمۆکراسی، ئاشتی و دادپەروەری، تەنسازی و دەروونسازی بۆ هەمووان، کێشەی کەمترە. پلانی فێرکاریش تاڕادەیەک وەها داڕێژراوە – گوتاری گشتییە و مەودای لێکدانەوەی تێیدا بەرینە. ئێمە لە ڕاڤەی ئەم دیاردەیەدا دەڵێین: پلانی فێرکاری «مەودای لێکدانەوەی هەیە». ئەمەش دیاردەیەکی باشە، چونکە پۆل نییە بە پۆلێکی دیکە بچێت، هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پۆل پێویستی بە مەودایە بۆ چالاکیی جۆراوجۆر.

- بارگۆزین[143] transformation – مەبەست لە بارگۆزینی پلانی فێرکاییە، گواستنەوەیەتی لە باری بیرۆکە و تێکستەوە بۆ باری کار، بۆ چەرخاندن لای ئەوانەی خەریکی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی پلانەکەن. ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن بریتین لە بەڕێوەبەراتییەکانی فێرکاری و سەرپەرشتەکانی فێرگەی ئەهلی. ئەمان دەبێت پلانی فێرکاری هەموار بکەن لەگەڵ هەلومەرجی دەڤەر و بواری خۆیان.

- ڕاستاندن realization – ئەوجا گرینگ ئەوەیە ئەم پلانی فێرکارییە لە ژووری پۆلدا بێتە ڕاستاندن (پیادەکردن). لێرەدا فێرگە و مامۆستا تووشی بەرۆکگیریی دیکە دەبن. چی لەم پۆلەدا و تەک ئەم فێرخوازانە دەرفەتی پیادەکردنی هەیە؟ پۆل و فێرخواز جۆریان زۆرە و کارەکە دەبێت هەموار بکرێت. کەواتە باش بوو پلانی فێرکاری مەودای هەموارکردنی داوە.

لەڕاستیدا بوارێکی بەرین هەیە بۆ پیادەکردنی جیاواز لە پۆلی جیاوازدا، بە مەرجێک ئەو کردارە دژوەستاوی ڕێسا گشتییە پێبەندەکانی نێو پلانی فێرکاری و ڕێنامەی کۆرس نەبێت.



*پلانی فێرکاری لەڕاستیدا یاسایە. بەڵام نووسینی یاسا باسێکە و هەڵسووڕانی فێرگە باسێکی دیکەیە. لەوانەیشە پەیوەستی یەکدی بن بەڵام دەبێت بزانین چۆن؟*

**چێوەی کار**

وێڕای ئەو بوارە فرەوانەی هەموارکاری، دیسان چێوە و سنوور هەیە بۆ کاری نێو فێرگە. ئەمانەش هێندە ڕوون نین فێرخواز، تەنانەت مامۆستاش، پەی پێبەرن، جاریش هەیە خۆمانی لێ دەدزینەوە. بۆچی گەشتێکی ئیتالیا نەکەین بۆ تۆژینەوە لەو گوڵانە؟ بۆچی ئێمەی فێرخواز بۆمان نییە بەدڵی خۆمان کەسانێک هەڵبژێرین بۆ دیمانەی ئەم وانەیە؟ لەبەر ئەوەی فێرکاری چێوەی تایبەتی خۆی هەیە کاری بەرشیان سنووربەست دەکەن.



*هەر فێرگەیەک هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە*

- یاسا – فێرکاری نابێت یاسابەزێنی بکات و پلانی فێرکاری بۆخۆی یاسایە.
- چێوەی سازمانەکی – ئەمیان بڕیار دەدات بۆ نموونە چەند فێرخواز و تەنانەت کام جۆری فێرخواز دەبێت لە پۆلێکدا بن.
- ئابووری – نێزیکەی هەموو کاروبارێک پارەی گەرەکە. دەتەوێت تەنها پازدە فێرخواز لە پۆلێکدا بێت؟ فەرموو ئابوورییەکەی بۆ دابین بکەیت.
- چێوەی فیزیکی – شێواز و جۆری ژووری پۆل، گۆڕەپانی فێرگە و ژینگەی دەوروبەر دەبنە سنووربەست.

- دایکوباب – دایکوباب لە ژووری پۆلدا دانانیشن، وێڕای ئەوەش بوونیان لە پۆلدا هەیە. ئەمانە لە توێژینەوەی بواری فێرکاریدا بە "the ghosts in the classroom" (خێوی نێو پۆل) ناودێر دەکرێن. کاری نێو پۆل بەرتاوی ئەم خێوگەلەیە.
- دەوروبەر – ئایا جڤاکی دەوروبەر، بە گشت توانا و دەرامەدی خۆیەوە، دەبێتە پشتیوان بۆ کاروباری فێرگە؟ دەروازەیان بۆ فێرخواز ئاواڵەیە؟ لە بواری جۆراوجۆری کاری فێرگەدا یاریدەرن؟

**کۆدی فێرگە**

کۆد بابەتێکە نهێنی، پەنهانە، لای هەمووان ئاشکرا نییە، بیری لێ ناکەنەوە و پەی پێ نابەن، بەڵام گرینگە. توێژینەوە دەربارەی پلانی فێرکاری پیشانی داوە کە هەر فێرگەیەک نهێنییەک، خەسڵەتێکی نەدرکێنراوی خۆی هەیە. بەم دیاردەیە دەگوترێت کۆدی فێرگە و دەشێت لە فێرگەیەکەوە بۆ فێرگەیەک فرە جیاواز بێت.

فێرخواز و مامۆستا بۆ ئەوەی لێیان بسەلمێندرێت، ناچارن کۆدی فێرگە بپەژرێنن. لەوانەیە باس لە ڕەفتاری تایبەت بێت، لە جۆری ئاخافتن، جۆری پۆشاک، کام بڕوا و کام ئایدیۆلۆژی ڕەوایە. لەوانەیشە باس لە ئامادەبوون، ئەدەببەرزی، دەرفەتی گوتار، پلەبەندی و زۆر باسی دیکە بێت.


*فێرگە کۆدی تایبەتی خۆی هەیە – بۆ نموونە کۆدی پۆشاک*

لە هەر فێرگەیەکدا چەند کەسێکی کۆدهەڵگری کاریگەر هەیە، بۆ نموونە مامۆستا، ڕێبەری فێرگە، فێرخواز یان کەسانی دیکەی کارمەند لە فێرگەکەدا. ئەمانە بەگشتی دەبنە چاودێر بەسەر دەوروبەردا تا چ ڕادەیەک کۆدپەروەرن.

فێرخواز بە ئاسانی ئەم خاڵە نابینێت چونکە لەوانەیە تەنها یەک یان دوو فێرگەی دیبێت. بەڵام منی نووسەری ئەم گوتارە، نیزیکەی پێنجسەد فێرگەی پازدە وەڵاتم سەرەدان کردووە، دەزانم جیاوازییەکانی نێوان فێرگەی جیاواز چەند گەورەن. دەشبێت بڵێم پێم باشە ئەو کۆدانە فرە سەختگیر نەبن چونکە کۆدی سەختگیر ناکۆک دێت لەتەک پلانی فێرکاریدا کە دەڵێت هەر فێرخوازێک مافی هەیە خۆی بێت، بە بڕوای خۆیەوە، بە شێوازی گوزەرانی خۆیەوە و بە بەهاکانی دەربارەی وردودرشتی باسەکانی دەوروبەر.

«...»

## گوتوبێژ و ڕێنوێنیی هاوکارانە

### پاشخان

بیردۆزەکانی سەربە هونەری ڕێنوێنی لە پیشەی هەمەجۆردا دەڵێن کارامەیی لە پیشەدا بریتییە لە پەیداکردنی ئەو زانیارە دوورەدەستە، پەنهانە، دژوارە، شاراوەیەی لە دەربڕین نایەت. بیردۆزە (باوەڕ، ئایدیۆلۆژیا، بەهاڕێژی) گەر لە کاروباردا نەچەرخێت، سەنگێکی ئەوتۆی نییە.

نەشمیل پزیشکە و هەرچی زانستە دەربارەی «لوو» ئەم دەیزانێت، بەڵام گەر لە کاروباری خۆیدا لوویەک هاتە پێش و ئەم نەیتوانی جۆردۆزی[144] بکات، ئەوا زانستە بیردۆزەکییەکە بۆ ئەم پزیشکە کارایە نابێتە فریادڕەس.

هابەرماس دەڵێت: «ئاسۆی دەرک لە کاروبار و کرداری ئێمەدا لە ژیانی ئێمەدا، لە گوزەرانی ڕۆژانە و لە فێرگەدا، بوونیان هەیە. کەواتە بنەماکانی فێرکاری لە فێرکاریدا پەیدا دەبن. بیردۆزەی کاروبارەکە لە خودی ئەو کاروبارەدا خویا دەبن».

چەمکی «زانیار-ی پەنهان» *Tacit knowledge*، دەکاتەوە زانیارێکی لە دەربڕین، لە گوتن و نووسین نەیەت، هاوئامێزە، هەناوچێنە، بەڵام ڕاشکاو نییە، پاتەوپات نییە، شاراوەیە. ئەمە سەلمێنەیەکە زادەی کاروبار. گەر مرۆڤ توانا بێت ئەم زانیارە پەنهانە خویا بکات، ڕوون بکاتەوە ئەوا ئەمیش، وەک سەلمێنەی دیکەی زانستزادە، دەبێتە مایەی سەرنج و گفتوگۆ. بیردۆزەی هاوچەرخ دەڵێت بناخەی کارامەیی پیشەوەرانە بریتییە لەو زانیارە هاوکۆیەی هاتۆتە پەیبردن و تێگەیشتن - ئەو زانیارە پەنهانەی هەناوچێن کراوە و بە ئاسانی نایەتە دەربڕین. زانیارێکی کردەبەندە.

### سێ نەریتی جیاواز:

- نەریتی تیمارکار: جەختی لەسەر هەست و سۆزە. لایەنی هەستەکی بەشێکە لە فێرکاری بەڵام شاباس نییە.
- نەریتی پیشەگەری: جەختی لەسەر پێشاندان، ڕاهێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەیە. ڕێگەیەک پێشان دەدات بۆ کارکردن بەڵام ڕێبەستە لە ئافراندن و داهێنان.
- نەریتی کار و بیردانەوە: جەختی لەسەر فراژووتنی بنەمای زانیارە لە فێرکاریی پیشەوەردا، لەسەر بنەماکانی پیشەکەیە نەک لەسەر چی بکرێت باشە. مەبەست دۆزینەوەی پلەی زانینی شاگردە.

### کێشەی سەرەکی: پێویستی زۆرن بەڵام کات کەمە

- چارەیەی یەکەم: گوتوبێژ هەتا فرەوانتر بێت باشترە.
- چارە دووهەم: نا، بوارێکی بەرتەسک هەڵبژێرە بەڵام هەتا دەکرێت گوتوبێژمان قووڵ بێت باشە.

### هەنگاوەکانی گوتوبێژی ڕێنوێن

- هەنگاوی یەکەم: تۆی ڕێنوێن گوێ بۆ کەسی شاگرد (مامۆستای وەرگری ڕێنوێنی) ڕادێرە. ئەو چی دەزانێت و چی بەلاوە گرینگە. گوێڕادێرانی چالاک، هاوئامێز و خۆش پێشواز.
- هەنگاوی دووهەم: ئەوجا تۆی ڕێنوێن جڵەو دەگریتە دەست، بۆچوون، گوتار و کرداری شاگرد کێشەڕێژ دەکەیت، دەخەیتە ژێر پرسیارەوە. ڕێنوێن لێرەدا داشەکانی خۆی: ئەزموون، بەها، بیردۆزە و مۆدێل تاو دەدات.
- هەنگاوی سێهەم: گوتوبێژی پتر یەکسان و هاوپیشەیی: ئاخافتن و ڕاوێژکاری.

### ئاستەکانی گوتوبێژی ڕێنوێن

- وابەستەبوون و متمانە - شاگرد (ئەو کەسەی ڕێنوێنی وەردەگرێت) سەرەتا پلەیەک لەخوارترە، دەبێت توانستی خۆی پێشان بدات، چاوەڕێی پەسن و ئامۆژگاری دەکات، ئەم دۆخە دەبێتە مایەی نیگەرانی و دوودڵی.
- لاسایی و چاولێکەری - شاگرد دێتە سەر سەلماندن و پیادەکردنی بۆچوونەکانی ڕێنوێن. جار هەیە ئەم چاولێکەرییە دەکەوێتە زێدەڕۆیی و زاڵ دەبێت بەسەر تایبەتمەندیی کەسەکیدا.
- پەیدابوونی بەرهەڵستی و کۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی خۆ - خۆڕاپسکان لە ڕێنوێن شێوازی زۆرە، لە لاریبوونەوە هەتا ئەوەی وێکڕا لەگەڵ ڕێنوێندا بکەونە پەیدۆزیی ڕێچکەی نوێ.
- سەرفەرازی - هەڤبەندییەکە تێیدا توانستەکانی هەردوو لا، هەم ڕێنوێن و هەم شاگرد، بەباشترین شێوە دێنە چەرخاندن.

### گوتوبێژی ڕێنوێن بەرتاوی چەند خاڵێکە

- دۆخی دەسەڵات - هەڤبەندیی نێوان هەردوو لا - پلەوپایە، یەکسانی...
- مەبەست: کامە مەبەست جڵەوکێشی ئاخافتنەکەیە: گواستنەوەی زانیار، فرەوانکردنی زانیار، پەیدا کردنی زانیار-ی نوێ بۆ خۆم یان بۆ هەردوو لا؟
- سێرە لەسەر چییە: وردەکاری، گشتەی باس، پرینسیپ، کەس، بابەت...؟

### ڕێنوێن دەبێت وریای بەڵگەی چەوت بێت

- ڕاڤەی یەک لایەنە.
- دەربڕینی فرەواتای شاش: ڕەنگە، لەوانەیە، تاڕادەیەک باشە...
- ئاماژە بە دیاردەی وەها کە بەستەری نییە بە بابەتەوە.
- پەنابردنەبەر گوتەی گشتی: «هەموو کەس دەزانێت...»، «زۆربەی مامۆستان وەها...»

- زڕەبەڵگە: سەد و بیستوپێنج مامۆستا وەها کار دەکەن، لە تۆژینەوەیەکدا نووسرابوو...
- بزرکردنی کێشەکە بە زمانێکی لێڵ.
- وردەکاریی نادروست: نۆزدە فێرخواز وەڵامی داوەتەوە، پێنج فێرخواز دەڵێن...

**مافی مامۆستای شاگرد لە ڕێنوێنیدا**

- دەرفەتی هەبێت بۆ ڕاڤەکردنی بنەمای کار، بیرۆکە، نیازی خۆی.
- ئازادانە بیردۆزەی گونجاو لە کارەکەی خۆیدا بەکار بهێنێت.
- کار و بەرهەمی خۆی لە گوێرەی بیردۆزەی کاری خۆی بێتە هەڵسەنگاندن.
- دەرفەتی هەبێت زانینی خۆی بەراورد بکات بە زانینی مامۆستای ڕێنوێن.

**کێشە و بەربەست لە گوتوبێژی ڕێنوێندا**

ئەم تەگەرە و ڕێبەستانەی لێرەدا ڕیز دەکرێن لە ئاخافتنی هەمەجۆردا پەیدا دەبن، بۆ نموونە گوتوبێژی نێوان مامۆستا و بەڕێوەبەر، لەگەڵ خێزاندا، لەگەڵ فێرخوازدا و بەتایبەتیش لە گوتوبێژی ڕێنوێندا:

- کەسی بەرانبەر داوای ڕێنوێنیی ڕاستەوخۆ دەکات. داوا دەکات پێشانی بدەیت چی بکات، نایەوێت خۆی کار لەتەک کێشەکەدا بکات و فێر بێت.
- بەرانبەر لە کاتی گوتوبێژی ڕێنوێندا خۆی بە کێشەی لابەلاوە خەریک دەکات.
- بەرانبەر هەوڵ دەدات پەیوەندی ساز بکات.
- بەرانبەر بە پرسیاری لابەلا خۆی لە باسەکەک دەدزێتەوە.
- بەرانبەر باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا دەکاتە دەسکەلا بۆ ساز کردنی کێشە لەتەک ڕێنوێندا.
- بەرانبە بە ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی ئامۆژگارییەکانی ڕێنوێن هەوڵ دەدات کارامەیی ڕێنوێن بخاتە ژێر پرسیارەوە.
- بەرانبەر نایەوێت پەیامی ڕوون و ساکار تێبگات.
- بەرانبەر بە شێوازێک ڕەفتار دەکات بەڕوونی پێوەی دیارە دەیەوێت پەژراندنی ڕێنوێن پەیدا بکات.
- بەرانبەر ڕێنوێنییەکە بەهەند ناگرێت، لە جڤیندا ئامادە نابێت، درەنگ دێت، بیانوو دەدۆزێتەوە.
- بەرانبەر ئامۆژگارییەکان لە ئاستێکی ڕواڵەتیدا وەردەگرێت.

**چەند پێشمەرجێک بۆ ڕێنوێنیی باش**

1- ژینگەیەکی لەبار بۆ کار. فێرخواز/شاگرد دەبێت هەست بە ئاسوودەیی بکات لەم هەڤبەندییەدا. ڕێنوێن پەرۆشی و بەرپرسایەتی خۆی پێشان دەدات لە بەرهەمی فێرخواز.

2- ڕێنوێن و فێرخواز/شاگرد دەبێت ئاشنایەتی پەیدا بکەن بۆ کەمکردنەوەی ڕیسکی خراپ تێگەیشتن لە یەکدی.

3- فێرخواز دەبێت دەرفەتی هەبێت لە پێشمەرجەکانی خۆیەوە کار بکات.

4- دەبێت ڕاگەیاندنی باش هەبێت لە نێوان ڕێنوێن و فێرخواز/شاگرددا. کێشەی مەزن ئەوەیە مەودای بەرین بکەوێتە نێوان ئاستی زمانی ئاخافتنیان.

5- گرینگە ڕێنوێنییەکە دەوامەدار بێت.

6- ڕێنوێن دەبێت تەواو شارەزای ئەو ناواخن و ئەو شێوازی کارە بێت کە مەبەستە لە ڕێنوێنییەکەدا.

**بیردانەوەی پاش وانە / گوتوبێژی ڕێنوێنی**

1- بۆچی ئەم وانەیە / ئەم گوتوبێژەی ڕێنوێنییە سەرکەوتوو بوو یان نەبوو؟

2- چ مەبەست و ئارمانجێک لەم وانە/گوتوبێژە هاتە پێکان؟ ئارمانجی وانە، ئارمانجی فێرگە، ئارمانجی جڤاکی...

3- چۆن دەزانم ئەو ئارمانجەمان پێکاوە؟

4- کام پێشمەرجانەم لای فێرخواز/بەشداربووان بینی؟ ئەزموون، بیرکردنەوە، تێگەیشتن...

5- چ پێشوازییەک لەم وانە/گوتوبێژە کرا؟ سوودی هەبوو؟ ئەو تێگەیشتنەی مەبەست بوو لە وانە/گوتوبێژەکە جێی گرت؟

6- ژینگەی ئەم بەرهەمەم چۆن بوو؟ من دەرفەتم دا بە بەرانبەر ڕوانگەی خۆی ڕاڤە بکات؟ پرسیاری ئاواڵەم هەبوو؟ ساختار و بەستێنم ڕەچاو گرتبوو؟

7- هەنگاوی داهاتوومان چی؟ چی لەم ئەزموونە فێر بووین بۆ وانەی و دیداری داهاتوو؟ کێشە و چارەسەر چی؟

**ڕامان و بیرۆکە دەربارەی پێڤاژۆی پلانڕێژی**

مەبەست لە ڕیزکردنی ئەم خاڵانە ورووژاندنی بیرکردنەوەیە لە کاتی پلانڕێژیی کاری داهاتووت، بۆ نموونە پلانڕێژیی وانە، سەمینار، دیداری ڕێنوێنی... ئەم بیرۆکە و پرسیارانە کراونەتە سێ جۆر:

1. پرسیاری سەربە «بۆچی»

- ئەم پلانڕێژییە بۆچییە؟ مەبەست لێی چییە؟ ئارمانجی فێرکاریی چییە؟ ئارمانجی جڤاکی - فەرهەنگی چییە؟ ئارمانجی پێڤاژۆ چییە؟ سازمان، ڕاگەیاندن، بەرپرسایەتی... هتد.
- بۆچی ئەم ناواخنەت هەڵبژاردووە؟ هەوڵ بدە ڕووکاری هەمەجۆر لێرەدا ڕەچاو بگریت.
- بەشداربووان بۆیان هەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ناواخنی باسەکە؟ بۆچی؟

2. پرسیاری سەربە «چی»

- دەتەوێت ناواخنی ئەم بەرهەمە چی بێت؟ چی بگرێتە خۆی و چی دەرکەنار بێت؟
- پێشمەرج بۆ فێرخواز/بەشداربووان چییە؟ دەبێت ئەوان چی بزانن بۆ ئەوەی ئەم پلانڕێژییەی تۆ سەربگرێت؟
- کام شێوازی کار/پێشکەشکاریت بڕیارداوە؟

3. پرسیاری سەربە «چۆن»

- ساختاری ناوەڕۆکی بەرهەمەکەت چۆنە؟ ڕیزبەندی بەشەکانی چۆنە؟
- دەروازەی باسەکەت چۆن داڕشتووە؟ کێشەڕێژییەکی هۆشپەسەند، سەرنجڕاکێشان: پێشاندانی بانوێنە، ڕاڤەکردنی ئاڕاستە، دیارکردنی سەرشار...
- ڕێکخستن کار و کات چۆنە؟
- بەشداربووان بۆیان هەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ناواخنی باسەکە؟ چۆن؟

## ده تەکنیک و ستراتیژ بۆ خوێندن

شاپرسیارێک هەیە دەڵێت: ئایا ئێمەی مرۆڤ چۆن دەکەین بۆ ئەوەی بابەتی نوێ فێربین و تێبگەین؟ بەداخەوە ئەم پرسیارە بەرسڤی ساکاری نییە - هەم مرۆڤ جۆراوجۆرن و هەم بوارەکانی زانیار هەمەجۆرن و داوای ستراتیژی جۆراوجۆر دەکەن. بەڵام خۆشبەختانە زانینێکی باشمان هەیە دەربارەی خەسڵەتی ستراتیژ و تەکنیکی کاریگەر بۆ خوێندن. ئەز، نووسەری ئەم دێڕانە، نێزیکەی سیوپێنج ساڵ ئەزموونم هەیە لە گوتوبێژ و ڕێنوێنی و لەو ماوەیەدا یارمەتیی هەزاران فێرخوازم داوە ڕووەو خوێندنێکی پتر کاریگەر.

تەنانەت زانستیش، بۆ نموونە دەروونناسی فراژووتن، فەلسەفە، پێداگۆگی و دیداکتیک، وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوون دەدەن دەربارەی پێویستییەکانی ئەم بوارە. بەڵام ئێمە لێرەدا هێندە ئاڵۆزی ناکەین، تەنها باس لە دە دانە تەکنیک و ستراتیژ دەکەین کە دەزانین بۆ فراژووتنی بەرزی زانیار کاریگەرن.

سەرەتا خاڵێک بزمارڕێژ دەکەین: لە بەستێنی فێرکاریدا، ئەم تەکنیک و ستراتیژانەی دێنە بەرباس دەبێت ئاڕاستەیان ڕووەو ئەو گەلەمەرجە بەرزەی زانیار بێت کە لە «ڕێنامەی کۆرس»ـدا داڕێژراون.

ئێمە دەزانین کە مرۆڤ بەگشتی دەکەوێتە دۆخی وەهاوە فریا ناکەوێت بابەتی مەبەست تێبگات، ناچار دەبێت بە زووترین کات ناوی ڕەوەک، سەردار، شار، نووسەر، هونەرمەند. هاوکێشە… بە پاڵەپەستۆ لە مێشک خۆی بئاخنێت. چار نییە، ئەو کارە دەکات و هەست دەکات مێشکی خەریکە دەئاوسێت. کێشەکە لەوەدایە کە مرۆڤ پاش ماوەیەک، نێزیکەی گشت باسی لەو بابەتە - ئەوەی تێگەیشتنامێز نییە - لەبیر دەچێتەوە. بەڵام گەر ناچاریی بەرۆکمان بگرێت ئەوا تەکنیک هەیە دێنە فریا، ئەوانە لە خاڵی دەهەمدا باسیان دێت.

ئەم تێکستە وەک بنەمایەک بەکاربهێنە بۆ گوتوبێژ لەتەک فێرخواز و زارۆکی خۆتدا. تێکستەکە ڕووی لە فێرخواز و زارۆکە و زۆر چاک دەتوانیت ڕاستەوخۆ فەرموویان لێ بکەیت.

## یەکەم: گشتە یان پارچە - بەستێن یان فاکت

ئەوەی تێی دەگەین زۆر باشتر، لەوەی تێی ناگەین، لەیادمان دەچەسپێت. هەر بۆ نموونە سەختە مرۆڤ فاکتی وەهای لەیاد بمێنێت کە واتایەکی بۆ خۆی نەبێت. تۆ، بۆ ئەوەی پەی بە بابەتێک ببەیت، دەبێت نێوەڕۆکی ئەو بابەتە، یان یادەوەرییەکانت لێی، لە گشتەیەک، لە بەستێنێک یان لە نەخشێکدا جێگیر بێت. ئەوە بەستێنە وەها دەکات فاکت و یادەوەری بەردەرک بن.

مرۆڤ هەمیشە خەریکی ئافراندنی نەخشی لەم بابەتە بووە، نەخشەی نێوەکی و دەرەکی لە دەوروبەر داڕشتووە. ئێمەی مرۆڤ - هەروەها گیانەوەری دیکەش - نەخشەی نێوەکی لە دەوروبەر دەئافرێنین بۆ سەرەدەری لە و پەیبردن بە دەوروبەر. نەخشەی نێوەکی وێنەیەکی گشتپۆشە لەو بەستێنەی تێیدا دەژین، ئەو نەخشە نێوەکییە نەبێت مرۆڤ ئاشخانەی ماڵی خۆیشی نادۆزێتەوە.

ئەمیان توانستێکی هێند بنەڕەتییە کە گیانەوەری دیکەش تێیدا هاوبەشن، ئەوانیش نەخش و ساختار لە دەوروبەری خۆیاندا دەبینن و ئەو نەخشانەیە دەبنە یاریدەری خۆپارێزی. لای مرۆڤ، ئەو نەخش، گشتە و بەستێنەی دێنە ئافراندن دەبنە واتابەخش، دەبنە یاریدەر بۆ تێگەیشتن و لەویشەوە بۆ لەیاد مان.

کەواتە ئەمەیان دەکاتەوە:

- تۆ دەبێت لە زانیاردا بگەڕێیت بەدوا نەخش، بەستێن و گشتەدا. پرسیار لە خۆت بکەیت، داوای بەرسف لە دایکوباب و مامۆستا بکەیت. ئەوانەی پەی بەم باسە دەبن فێرگە زۆر باشتر دەرباز دەکەن لەوانەی تەنها پەرۆشی ئەزبەرکردنی وردەکاری و فاکتن.
- کاتی توانادۆزی و ئارویندا پێشانی بدە نێوەڕۆکی بەرسفەکەت چۆن لە گشتە و بەستێندا یەکانگیرن. فاکت ڕیزکردن بەتەنێ سوودی نییە، گرینگ تێکبەستنی ئەو گەلەفاکتەیە. گەر باس لە جیۆگرافیای کوردستانە ئەوا دەبێت جیۆگرافیای کوردستان ڕوون بکەیەتەوە نەک تەنها ڕاڤەی بکەیت، دەبێت ڕوونی بکەیتەوە ئامەد دەکەوێتە ئەو جێی ئێستای چونکە... کرماشان و ئیلام کوێی یەکدی و کوێ کەرکووکن...

بەکورتی: هەوڵ بدە نیگابەرز و گشتنۆڕ بیت، بەستێنە گەورەکان بدۆزەوە.

**دووهەم: ئامێزاندنی بابەت - خاوەندارەتی لەو بابەتەی مەبەستە بۆ فێرکاری و تێگەیشتن**

خاوەندارەتی لە ناواخنی بابەتێکی مەبەستە فێری ببین و تێی بگەین، ئامێزاندنی ئەو بابەتە ناکاتەوە سەلماندن و پەژراندنی سەرلەبەری ئەو بابەتە. نا، بەڵام بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت خەریکی پەیجۆری و ڕەخنەگرتن بیت لە ناواخنی هەر بابەتێک ئەوا دەبێت پەیبەریت بەو بابەتە، تێبگەیت و لە ئامێزی بگریت.

ئەمیش بریتییە لە سێ هەنگاو:

1- تۆ بتوانیت بە یارمەتیی چەند ڕستەیەک، پوختەیەک لە باسێک، فیلمێک، کتێبێک، وانەیەک، ڕاهێنانێک... هتد ڕاڤە بکەیت.
2- تۆ بتوانیت مەبەست یان پەیامی بابەتەکە دیاری بکەیت.
3- ئەوجا دەبێت تۆ بۆچوونی خۆتت هەبێت دەربارەی هەم ناواخن و هەم پەیامی ئەو بابەتە.

گریمان تێکستێک دەربارەی تاوانکاری هاتۆتە پێش، تۆ دەتوانی وەها بۆ بەرسف بچیت:

- *بەکورتی ئەم تێکستە باس لە هۆکاری تاوانکاری دەکات و سێ مۆدێل بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو باسە ڕەپێش دەخات...*
- *پەیامی ئەم تێکستە، هێندەی من تێی بگەم، بریتییە لەوەی نووسەر داوای فرەواندنی دەرفەت دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر، نەک ساکاراندنی دۆزی دژوار.*
- *بە بۆچوونی من ئەم مۆدێلە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکات. یارمەتیم دەدات چەند ڕوونکردنەوەیەکی بەرشیان ببینم. ئەم مۆدێلە وشە بە من دەبەخشێت دەربارەی دیاردەی وەها کە من زووتر تێیان نەدەگەیشتم.*

گەر ساختاری وەها لە پەرسڤی تۆدا هەبێت ئەوا پێشانی دەدەیت کە تۆ هەم لە ناواخنی باسەکە گەیشتوویت و هەم خاوەن بیرکردنەوەی خۆتیت. گرینگیشە بزانیت کە ئەم هەڵوێستە جۆرێکە لە ڕاهێنانی بیرکردنەوەی خۆت. ئەمە لەڕاستیدا هونەرێکە لای کەسانی سەرکەوتوو لە گوزەرانی فێرگەدا، تەواو بەرچاوە.

ئەوە ڕاهێنانێکی ساکارە بەڵام گشتگیرە و ئێمە دەتوانین لە زۆر بواردا پیادەی بکەین. ئێمەی هەم مامۆستا و هەم دایکوباب دەتوانین بەردەوام پەنا بەرینە بەر ئەو ڕاهێنانە سێکۆچکەیە.

**سێهەم: دیسان - خاوەندارەتی لە ناواخن**

وەها باشە هەمیشە تێبکۆشیت ناواخنی نوێ گرێ بدەیت لەگەڵ ئەزموون و جیهانی خۆت. ئێمە جیهانی خۆمان دەناسین، ئێمە تێیدا دەژین. گەر ناواخنی بابەتی فێرکارییەکە پەیوەست بێت بە جیهانی خۆتەوە ئەوا سەرلەبەر خۆشتر دێتە بار - بەرهەست دەبێت.

لێرەدا دوو خاڵ خویا دەبن:

- لە کەسانی بەرانبەر بپرسە ئەم باسە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە، داوای نموونەی بەرهەستی وەهایان لێ بکە لای تۆ ئاشنا بن.
- ئەوجا کاتێک تۆیش وەڵام دەدەیتەوە وەها باشە نموونەی بەرهەست ڕەپێش بخەیت. بەم کارە پێشانی دەدەیت کە تۆ لە باسەکە گەیشتوویت.

**چوارەم: زانیارگەلی خۆت لە بەستێنی نوێدا ئاروین بکە**

ئاروینکردنی زانیار لە بەستێنی نوێدا ئاشکرای دەکات کە تۆ توانای گشتاندنی ئەو زانیارەت هەیە، ئامادەیت ئەو زانیارە لە بواری نوێدا پیادە بکەیت. دەنا تۆ سوودێکی وەها لەم زانیارە نابینیت. ئەمڕۆ جەنگی سووریا لە فێرگە بابەتی خوێندنە، ئەو زانیارەی دێتە بەرباس، دەبێت وەها بێت تۆ لە باسی ناکۆکیی دیکەشدا سوودی لێ وەربگریت، دەنا بۆچی باشە.

بۆ نموونە، تۆ دەتوانی بنووسیت: *بە دیدی من، ئەم باسەی لێرەدا بووەتە بابەتی خوێندمان خاڵی هاوبەشی هەیە لەتەک گوزەرانی منداڵیی خۆم...*

**بۆ ڕامان**

تۆ بڵێت مرۆڤ هەبێت ئەنجامی 4+4 بزانێت بەڵام تەنها لە ژووری پۆلدا. نا، وەها نییە، مرۆڤ ئەو زانینەی خۆی دەگشتێنێت و دەشیباتە دەرەوەی ژووری پۆل. مرۆڤ فێر دەبێت ئەنجامی چوار کۆ چوار، لە هەر بابەتێک، هەر جێیەک و هەر کاتێکدا بدۆزێتەوە.

**پێنجەم: زانیار دەربارەی زانیار**

هەرچی پێی دەگوترێت فێرگە و فێرکاری خەریکی زانیارە. هۆکاریش ئەوەیە کە ئەم جڤاکەی ئێمە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی گشت کەسێک دەرفەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارەی پێویستە بۆ جڤاکی ئەم سەردەمە. بەڵام دیسان گرینگە بزانین زانیار چییە.

زۆر کەس دەرکێکی ساکاری لە زانیار هەیە: زانیار فاکتە، یان شتێکە دەتوانین بیکەین. بەڵام ئاروین و توانادۆزی تەنها باس لە فاکت ناکەن. بەشێکی بەرینی ڕێنامەی کۆرس باسی لە بابەتی دیکەیە، بۆ نموونە: توانست، شرۆڤەکاری، بیردانەوە، تێگەیشتن و پەیدۆزیی بەستەر. گرینگە تۆ ئەم زانیارە بەرزە، بەڵام کەمێک پەنهانە، ببینیت و تێبگەیت. توانادۆزیی باش جگە لەوەی داوات لێ دەکات ئەوەی دەیزانی و لەبیرتە بینووسیت، داوای ئەوەشت لێ دەکات تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خۆت ڕوون بکەیتەوە.

کەواتە مەبەست ئەوەیە لە پاش ڕاڤەکردنی باسەکە بگەیتە ڕوونکردنەوەی باسەکە. ئەمەش کارێکە مرۆڤی زیرەک دەروەستی دێت. هەر بۆ نموونە، لە فێرگە داواتان لێ دەکرێت باس لە جەنگی دووهەمی جیهانی بکەن. گەر لایەنێک یاریدەر نەبێت دەبینیت زۆربەی وەڵامەکان لە ڕاڤەکردنێکی ساکاردا دەمێنن: *جەنگی دووهەمی جیهانی ساڵی هەزار و نۆسەد و سیونۆ هەڵگیرسا، ئەوجا وەها هات، وەها چوو، ئەمە ڕووی دا، ئەوە ڕووی دا... و پاشان ساڵی هەزار و نۆسەد و چلوپێنج ئەو جەنگە دامرکا.*

فێرخوازی تواناتر جگە لەو ڕاڤەیە، ڕوونکردنەوەشی هەیە: *بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی جەنگی دووهەمی جیهانی دەکەومە شرۆڤەی ئەو جەنگە لە چەند ڕوانگەیەکەوە، بۆ نموونە: ئابووری، ئایدیۆلۆژی، دەسەڵات، کەرەستەی خاو، ئەرتەشی هاوبەرە...* گەر وەڵام گەیشتە ئەم ئاستە ئەوجا، تەنها ئەوجا، دەگاتە پلەی باڵا.

**شەشەم: بەکارهێنانی چەمک**

چەمک ناوە بۆ بیرانەی لە مێشکی ئێمەدا هەن. بۆ نموونە تۆ بیرۆکەت هەیە دەربارەی درەخت و دەربارەی وزە، کەواتە تۆ هەزاران چەمکت لە مێشکی خۆتدا هەیە و ڕێک ئەو چەمکانەیە تۆ بەکاریان دەهێنیت بۆ تێگەیشتنی دەوروبەر.

بۆ ئەوەی باسەکە کەمێک ساکار بکەینەوە دەڵێن: چەمک لە وشە دەچێت - بەڵام لە وشە مەزنترە، جگە لە وشە بیرۆکەشە. وشەیەک گەر بۆ بیرکردنەوە خۆشدەست نەبێت ئەوە تەنها وشەیە، بەڵام گەر تۆ توانیت ئەو وشەیە بۆ بیرکردنەوە بخەیتە کار ئەوا وشەکە چەمکیشە - دەستاوێژێکە بۆ بیرکردنەوە. لە زۆربەی ڕێنامەکانی کۆرسدا داوات لێ دەکرێت چەمکی سەربە بابەتی خوێندنەکە لە بەرهەمی خۆتدا بەکار بهێنیت.

نموونە: فێرگە داوات لێ دەکات باس لە گرینگیی ڕۆشنەپێکهاتن (فۆتۆسینتێس) بۆ ژیانی سەر زەوی بکەیت. وەها باشە دەستپێک تۆ ئەو چەمکانە ڕوون بکەیتەوە کە بەنیازیت لە ڕاڤەکەی خۆتدا بەکاریان بهێنیت. مەبەست ئەو چەمکانەن کە هەرە گرینگن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی ڕۆشنەپێکهاتن - شاچەمکی بابەتەکە: هەناسەدانی خانە، ئۆکسیجین، دایۆکسیدی کاربۆن، ژین، ڕوەک، خۆراک، تیشکی خۆر و شەکر.

بەم کارە ساختارێکی باش بۆ وەڵامەکەی خۆت دادەڕێژیت و پێشانی مامۆستای دەدەیت کە تۆ باسەکەی خۆت تێگەیشتوویت، چونکە هەر لە سەرەتادا پێشانی دەدەیت کە تۆ شاچەمکەکانی دیاردەکە دەرک دەکەیت.

**هەفتەم: بڕیاردەران داوای چی دەکەن ئێمە فێری بین؟**

پارلەمان و میری (حکوومەت) بڕیار دەدەن فێرگە چی فێری گەل بکات، نێوەڕۆکی ئەو بڕیارەش لە ڕێنامەی کۆرسدا دیاری دەکرێن. ڕێنامەی کۆرس لەڕاستیدا بۆ مامۆستایە و داوا لە تۆی فێرخواز ناکرێت بیانخوێنیتەوە، بەڵام مامۆستا دەبێت نێوەڕۆکی گەلەمەرجی زانیار کە لە ڕێنامەدا هاتوون، بۆ تۆ ڕاڤە و ڕوون بکاتەوە.

پێشنیازی ستراتیژیک: لە وەڵامی خۆتدا وەها باشە ئاماژە بە مەرجی زانیار بکەیت. بۆ نموونە:

*ئێستا کە من کار لەتەک دیاردەی ڕۆشنەپێکهاتن دەکەم، پەنا دەبەمە بەر شاچەمکی ژینەوەرناسی (بایۆلۆژی). ئەوەتا مەرجی زانیار لە ڕێنامەی ئەم کۆرسەدا دەڵێت: «فێرخواز دەبێت توانایەکی باش پێشان بدات لە بەکارهێنانی چەمکی سەربە ژینەوەرناسی».*

ئاماژەی لەم بابەتە پێشانی دەدات کە تۆ ئاگاداریت لە کار و بەرهەمی خۆت.

**هەشتەم: سەرەداو بدۆزەوە**

مرۆڤ هەمەجۆرن، فێرگە، مامۆستا و فێرخوازیش هەمەجۆرن. لە فێرگەکەی تۆدا چ باسە، مامۆستاکەت چی بە گرینگ دەگرێت؟ تۆ دەبێت لە پەیدۆزیی سەرەداودا بیت، ببیتە داودۆز *cue-seeker*. ئێمە دەزانین کە فێرخوازی داودۆز سەرکەوتووترن لەوانەی ناگەڕێن بەدوای سەرەداودا، ئەوانەی پێیان دەگوترێت *cue-deaf* – داونەبین، داونەبیست. مەبەست ئەوەیە تۆ مامۆستاکەی خۆت ڕووماڵ بکەیت و ئەوجا ئەو بەرهەمەی پێشکەش بکەیت کە مەبەستیەتی. هەڵبەت ئەم کارە ڕێگر نییە لەوەی تۆ ئەو خاڵانەش بنووسیت کە لای خۆت گرینگن.

تۆی فێرخواز مامۆستای جیۆگرافیات بەم جۆرە ڕووماڵ کردووە: مامۆستاکەم پێی خۆشە فێرخواز ناوی جێگەی جیۆگرافی بهێنێت و باسی بکات دەکەوێتە کوێوە. دەیسا تۆیش گەر دەیزانیت بۆی باس بکە، بۆ نموونە: «چەرموو ئاسەوارێکی دێرینە لە زنجیرەچیای زاگرۆس، نێزیکە هەشتسەد مەتر سەرووی دەریایە. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە باشووری کوردستان».

**نۆهەم: هەڵوێستی فەیلەسووفانە و بیرکردنەوەی چێوەبەزێن**

فەیلەسووف کەسێکە دۆستە ژیری، واتە کەسێکە لە پەیدۆزیی تێگەیشتن و پەیبردندایە. بیرکردنەوەی چێوەبەزێن[145] واتا بیرکردنەوەیەکی کەمێک فرەوانتر لە چێوەی بڕیاردە، کەمێک جیاوازتر لەوەی باوە. ئێمە دەزانین کە ئەم ستراتیژە زۆر سەرکەوتووە و توانستی فێرخواز هەڵدەکشێنێت.

ستراتیژەکە بریتییە لە:

- خۆت ڕابهێنە هەزار پرسیار ئاڕاستەی خۆت یان کەسی دیکە بکەیت. تۆ دەبێت بەرۆکگیری بیرۆکەکانی خۆت بیت، ڕازی مەبە بەوەی ئێستا دەیزانیت و تێی دەگەیت – نا، تۆ خواستی گەورەترت هەیە، تۆ دەتەوێت زیادتر بزانیت. بیرۆکەکانی خۆت ئاروین بکە، بکەوە بیرکردنەوەی چێوەبەزێن – مەترسە، هەڵکە ڕووەو ئاوی قووڵ.

- مەرج نییە وەڵامەکە دروست بێت - پرسیاری مەزن یەک بەرسڤی نییە مەگەر دەگمەن. فەیلەسووفی هەرە مەزن، سوکرات، لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی بڵێت: تاکە شتێکی دەیزانم بریتییە لەوەی هیچ شتێک نییە من دڵنیابم لە زانینی.
- کاتێک وەڵام دەدەیتەوە، چەند بیرۆکەیەک ئاروین بکە، لەیەکتریان ڕاسێنە، بۆ نموونە: *دەکرێت بەم جۆرەش بیری لێ بکەینەوە… شێوازێکی دیکەی بۆ نۆڕینی ئەم باسە… بەڵام هۆکارەکانی لەوانەیە بە جۆرێکی دیکە بن… دەرەنجام یان دەرهاویشتەکان دەشێت…* هتد.

## دەهەم: تەکنیکی یادچەسپێن

مرۆڤ، کاتی تەنگانە، کاتێک هەست دەکات ناتوانێت یان فریا ناکەوێت باسەکە تێبگات بەڵام ناچارە لەبیری بێت، چی بکات؟ کەسانێک هەن وەستای ئەزبەرکردنن، کۆمەڵێک ڕەنووسی پاش کۆمای ڕێژەی نەگۆڕ (پای) ریز دەکەن، سەدان دێڕ هۆنراوە دەچڕن. هەر بەڕاست ئەمانە چۆن دەتوانن، چی دەکەن؟ ئەمانە پەنا دەبەنە بەر تەکنیکی یادچەسپێن. بنەمای ئەم تەکنیکی یادچەسپێنە بریتییە لە ئافراندنی واتا بۆ گشت ئەو ئاگادارییانە. ئەم کەسانە چیرۆکێک، سترانێک، داوێکی واتاکێشەکێ، وێنەکێشەکێ، خەیاڵکێشەکێ[146]… لە باسەکە دەئافرێنن. بەکورتی، ئەمانە ساختارێک دەئافرێنن کە لەڕاستیدا بێواتایە، بەڵام سوودی بۆ هاتنەوە یاد هەیە.

ئەوجا کەسانی دیکەش هەن مێشکیان تەواو جیاواز کار دەکات و دەتوانن بە یارمەتیی «یادگەی وێنەگر»[147] هەموو بابەتێک بهێننەوە یاد. ئەمانە بە ساڤانت Savant ناودێر دەکرێن و ئەم توانستە مەزنەی هاتنەوەیاد لایان جۆرە کارکردێکی مێشکە - هاتنەوەیاد لایان زۆر بەهێزە بەڵام لە بەستێنی دیکەدا توانای بیرکردنەوەیان کزە. فیلمێک هەیە بە ناوی Rain Man باس لە Kim Peek دەکات کە پێم وایە لە زانینی فاکتدا یەکەمی گشت جیهانە، بەڵام جووتە بەشی مێشکی پەیوەندییان لەتەک یەکدی نەبوو، لەبەر ئەوە تێگەیشتنێکی ئەوتۆی لەو باسانە نەبوو کە لای خۆی ئەزبەر بووبوون. بۆ ئاگاداریی زیادتر، لە ئینتەرنێتدا بکەوە پەیدۆزیی Rain Man و Kim Peek.

بەڵام لەبیرت نەچێت کە ئێمە، گشتمان، دەتوانین ساختاری خەیاڵکێشەکێ بۆ خۆمان دروست بکەین بۆ ئەوەی ببنە یاریدەرمان بۆ یادهاتنەوەی باسی وەها کە لامان بێواتایە. ئەو ساختارانەش مەرج نییە چیرۆک بێت، هەیە ئاوازی بۆ ساز دەکات، هەیە پەنا دەبەنە بەر سەما و بزاوتنی لەش. گەر پێت خۆش بوو تەماشایەکی ئەم بەرهەمە بکە کە بۆ ئەزبەرکردنی خشتەی خولکارە:[148] - https://www.youtube.com/watch?v=-I7l8TgtuLQ.

«…»

**وۆرکشۆپ - میتازانیار**

ئێمە دەزانین ئەوانەی زۆر توانان لە بواری خۆیاندا هەردەم بیر دەکەنەوە زانیار چییە. ئەمە یەکێکە لەو دیاردەگەلەی مرۆڤ لە بوونەوەری دیکە جودا دەکاتەوە، ئێمەی مرۆڤ توانستمان هەیە بۆ ڕامان لەوەی دەیزانین. گەر هاتە سەر زانیار، بەم توانستە دەگوترێت «میتازانیار» - زانیار دەربارەی زانیار، بیرکردنەوە و ڕامان لەوەی دەیزانین. باشە ئێمەی مامۆستا چی بکەین باشە بۆ سەرخستنی میتازانیار لای فێرخواز؟ مەبەست لەم وۆرکشۆپە ئاشنابوونە بە چەند خەتوخاڵێکی یاریدەر لە گوتوبێژی نێو پۆلدا.

مامۆستا لە خۆیەوە دەستپێدەکات، کە ڕاهات بەوەی بیر لە زانینی خۆی بکاتەوە و ئەو ڕامانە بە پرسیاری گونجاو پێشکەش بکات، ئەوا دەتوانێت هەمان شێواز لەتەک فێرخوازیشدا بگرێتە بەر. گوێ بۆ منداڵی زارۆخانە ڕادێرە دەبیستی چۆن باس لەو زانیارە دەکەن کە زووتر گرینگ بووە، لەو دیاردەیەی لایان بەریادە، یان ئەو بۆچوون و گریمانەیەی لایان ڕاستە. گوتاریان لەوانەیە ساکار بێت، بەڵام سەرنجڕاکێشە و ئاراستەی دروستە.



*میتازانیار دەکاتەوە زانیار دەربارەی زانیار*

*لە ئەزموونی مامۆستایەتیی خۆمەوە دەڵێم «میتاوانە»کانی فێرگە سەرنجڕاکێشترین و بزوێنترین جۆری وانە بوون.*

**چەند پێشنیازێک بۆ پرسیاری نێو پۆل:**

- سەرەتا خۆت بیر بکەوە و چەند وشەیەک لە چەند ستوونێکدا ڕیز بکە. بەم کارە ئاراستەی ئەم گوتوبێژە دیاری دەکەیت.
- داوا لە فێرخواز بکە، هەر کەس بەتەنێ و بەئارامی بیر بکاتەوە لەوەی دەیەوێت باسی بکات.
- ئەوجا داوا لە پۆل بکە لە گرووپدا بکەونە ئاخافتن. یەک کەس لە هەر گرووپێکدا پرۆتۆکۆل دەنووسێت و ئەو خاڵانە تۆمار دەکات کە تاڕادەیەک گرووپەکە تێیدا هاوڕان.
- هەر گرووپێک پرۆتۆکۆلی خۆی دەکاتە سەرشار و باس بۆ پۆل دەکات. پۆل بۆی هەیە پرسیار و سەرنج پێشکەش بکەن.

- لەم پێشکەشکارییەدا، تۆی مامۆستا، هەوڵ دەدەیت فریای وشەی گرینگ و سەرنجڕاکێشی فێرخوازان بکەویت و لەسەر تەختە تۆماریان بکەیت.
- ئەم شاپەیڤانە لەگەڵ خۆت دەبەیتە دیداری داهاتوو، لەوێ ئەمانە دەبنە سەرشاری ڕامان و گوتوبێژی نوێ.

**نموونەی پرسیار:**

- چی ئاسانە بێتەوە یاد و چی دژوارە؟ مرۆڤ چی پێویستە بۆ ئەوەی بابەتی بێتەوە یاد؟ چین ئەو بابەتانەی زۆر باش دێنەوە یاد؟
- هەوڵ بدە بیر لە بابەتێک بکەیتەوە مرۆڤ دەیزانێت بەڵام بیری لێ ناکاتەوە، یان نازانێت کە دەیزانێت.
- فێرخواز زۆر جار لەبری ڕوونکردنەوەی بابەت، خەریکی ڕاڤەکردن دەبێت. داوای لێ دەکەیت جەنگی چاڵدێران ڕوون بکاتەوە بەڵام ئەو تەنها ڕاڤەی دەکات. باشە بۆچی ئێمە بە ڕاڤەکردن ڕازی بین کە مەبەست تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیە؟
- جیاوازیی چییە لە نێوان وەبیرهاتنەوەی 2+2=4 لەگەڵ تێگەیشتنی مەبەست لەو هاوکێشەیە؟ ئەوا تێیگەیشتین، ئەوجا چی فێربووین؟
- گەر بێتە سەر زانیار، مەزنترین جیاوازی چییە لە نێوان زانیارە هەرە گرینگەکەی ئەم سێ جڤاکە: جڤاکی ڕاوچیان، جڤاکی پیشەگەر و جڤاکی ئەم سەردەمە؟
- جیاوازیی باوەڕ و زانیار چییە؟ ئایە باوەڕ زانیارە؟ ئایە زانیار باوەڕە؟
- جیاوازیی چییە لە نێوان زانیارێکدا ئێمە لە گوزەرانی ڕۆژانەی خۆماندا پەیدای دەکەین و زانیارێک زانست سەرچاوەی بێت؟
- بۆچی من ئەم بۆچوونەم لا دروستە کەچی کەسێکی دیکە بۆچوونێکی بە دروستتر دەزانێت؟

**وۆرکشۆپ – دەسەڵات و زانیار**

«زانیار دەسەڵاتە» Scientia potentia est (knowledge is power) دەستەواژەیەکی ناوداری Francis Bacon ی فەیلەسووفی بریتانیی سەدەی هەڤدەیەمە. وەرن لەم گوتەیە ورد بینەوە. دەسەڵاتی زانیار، لە ئاست دەسەڵاتی سیاسەت، دین، ئابووری، ئەرتەش لە کوێدایە؟ ئێمە کە زەمینەی پەیداکردنی زانیار بۆ فێرخواز دەڕەخسێنین مەبەستمان ئەوەیە فێرخوا لانیکەم دەسەڵات پەیدا بکەن بەسەر ژیانی خۆیاندا. ئەرێ... ئەمە بوارێکە ڕامانی گەرەکە.

دەسەڵاتداران زۆر جار نیگەرانن لەوەی ئاپۆری گەلی ژێردەستیان زانیار پەیدا بکەن و بەوەش هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان لە دەسەڵات هەبێت. دەسەڵات دەکەوێتە خۆی و فێرگە دادەخات، پلانی فێرکاری دەگۆڕێت، کتێب دەسووتێنێت و فەیلەسووفان ژەهرخۆر دەکات..



*ئەتێن – ی دێرین زلهێزێکی ئەرتەشی یان ئابووری نەبوو، بەڵام لە بواری زانیاردا پێشەنگی جیهان بوو. ئەتێن دەسەڵاتی هەبوو بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بگۆڕێت. زلهێزەکانی دیکە خاپوور بوون بەڵام ئەتێن لە بیرکردنەوەی ئێمەدا هەرمانە.*

هەڤبەندیی زانیار و دەسەڵات ئاڵۆزە – ئەم پرسیارانە بکە سەرشار بۆ گوتوبێژی نێو پۆل:

- بیر بکەوە، ڕووی داوە لە دۆخێکدا زانیار تۆی کردبێتە دەسەڵاتدار؟
- فەیلەسووفی ناوداری فرانسی Michel Foucault دەڵێت دەسەڵاتیش زانیار دەبەخشێت – زانیارێک بۆ بزمارڕێژکردنی دەسەڵاتی خۆی. مەبەستی چییە؟ خۆ ئەو گوتەیە ئێمەی مامۆستا ناگرێتە... یان؟ تۆ دەڵێیت چی؟

وەرن بیرێک لە «دەسەڵاتی فێرکار» بکەینەوە، ئاخر تۆی مامۆستا بنگەیەکی دەسەڵاتیت لە پۆلدا:

- تۆ دەسەڵاتت هەیە بەسەر فێرخوازدا!
- تۆ دەسەڵاتت هەیە بەسەر ناواخنی بابەتی فێرکاریدا.
- تۆ دەتوانیت بەشە زانیارێک «بەربەست» بکەیت.
- تۆ دەتوانیت هەم جڵەوی فێرخواز بگریت، هەم ئازادی بکەیت.

گەر تۆ خاوەن زانیار بیت ئەوا نیگای ڕەخنەگرانەی تۆ سەنگێکی دیکەی دەبێت. لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا، سەردەمی ئاگاداری، پێویستمان بە تیژکردنەوەی نیگای ڕەخنەگرانەیە. نیگایەک پەیجۆر، وردپێو، شیکار و ڕەخنەگر نەبێت سەرەدەری لەم زەریای ئاگادارییە ناکات. نیگای ڕەخنەگر توانای بەراوردکردن و پۆلێنکردن دەبەخشێت، کە دەکاتەوە دەسەڵات.

ئەرێ، ئەوە هێزە تۆ بتوانیت بنەمای پتەوی ڕەخنەگرانە بکەیتە سەرشاری پرسیار لە:

-چی ڕاستە؟

-کێ ڕاستە؟

-کێ جێی متمانەیە؟

-ڕاستیی کێ لە هەمووان ڕاسترە؟

**وۆرکشۆپ – دە ڕووکار لە جڤاک و زانیار**

وەرن ئەم دە ڕووکارە لە کاری پۆل بکەینە بناخەی گوتوبێژ:

1- تەون و ڕیشەڵانی زانیار - بەستێنی مەزنی فەرهەنگی، مرۆڤ لە زەمان و زەمیندا کۆ دەکاتەوە. بەستێنی فەرهەنگی چییە و بریتییە لە چی؟

2- بەرۆکگیرییەکی هاوکۆی زانیار - هەموو جڤاکێک ناچارە خەریکی بەرهەمهێنانی ئەو زانیارە بێت کە فەرهەنگبەرە[149] و دەشبێت بیگوێزێتەوە بۆ نەوەی داهاتووی خۆی. گەر جڤاکێک لەم ئەرکەدا کورت بهێنێت چی ڕوو دەدات؟ ئەو زانیارە چییە کە، نەوە دوای نەوە، پێویستە بۆ ڕاگرتنی کوردستان؟

3- هەیە زووتر لێرە بووە، هەیە لە تەنیشتمانەوەیە - فێرکاری بەرکەوتێکە لەگەڵ کەسانی دیکەی زووتر لەم ئاستەدا بوون و کەسانی دیکەی ئەمڕۆ هاوخەباتە.

- بەرکەوتی زانیارانەی گرینگ لای تۆ کامانە بوون؟
- خەسڵەتی بەرکەوتی وەها چین؟
- دەکرێت مامۆستا ببنە سەرچاوەیەک بۆ زانیار-ی نوێ؟



*بەرکەوتی زانیار - هەر ڕۆژ و بەردەوام*

4- جڤاک لە گۆڕانکاریدایە - بەوەش ئەو زانیارە جڤاکبەرەش[150] دیتە گۆڕان. باشە ئەو زانیارە جڤاکبەرەی ئەم سەردەمە کامەیە؟

5- فێرکاری بەستێنگۆڕکێ دەکات - جڤاکی سەردەم داوای زانیار و فێرکارییەکی بیردۆزەکی دەکات. بۆچی؟

6- سەنگی «مامۆستا» - مامۆستای ئێمە لە یادمان بن کۆڵبەر بوون - کۆڵبەری زانیار و ئەزموون.

7- فێرگە هەم جڵەوگیرە هەم ئازادیبەخش - ئەم دژوەستانە ڕواڵەتییە چۆن تێبگەین؟



*بەبێ جڵەوگیری ئەم هەستەی ئازادبوونە چۆن ساز دەبێت؟*

8- ئەرکی جڤاکیمان فرەوانتر بووە - بەشێکی زۆر لە ئەرکی جڤاکاندن لەم سەردەمەدا خراوەتە ملی فێرگە.

- نموونە بدەن لە ئەرکی جڤاکاندنی وەها کە ئەمڕۆ لە ملی فێرگەدان بەڵام زووتر وەها نەبوو.

9- فێرگە بوارێکە بۆ وەبەردان - ئەرێ جار هەیە فێرگە نارەوا تاوانبار دەکرێت.

- ئایە فێرگەیە چەپاندن دروست دەکات؟

- فێرگە نەبا ژینگەی دەروونی - جڤاکی چی بەسەر دەهات؟

10- ئارمانج و ناکۆکیی ئارمانج لە فێرگەدا - فێرگە لە ئاستی جیاوازدا ئارمانجی جیاوازی هەیە. دەتوانیت نموونە بدەیت لە ناکۆکیی ئارمانج؟

**وۆرکشۆپ - چوار ستوونی فێرکاری**

گوتارەکەی «چوار ستوون فێرکاری»ی ئەم بەرهەمە لەم گوتوبێژەدا دەبێتە سەرشار. مەبەست ئەوەیە ئێوەی مامۆستا بتوانن چوار ستوونی ئەم مۆدێلە بەکاربهێنن بۆ ڕاڤەکردنی دۆخی جۆراوجۆری فێرکاری لە ئەزموونی خۆتان. جگە لەوەش ئێوە بتوانن پلانێکی وانە پێشکەش بکەن ئەم چوار ستوونە تێیدا هاریکار بێت.

ئەم مۆدێلە زووتر باس کراوە و تۆ پێی ئاشنایت. مۆدێل و نەخشە وێنەیەکی ساکارە لە داکەوتێکی ئاڵۆز. ساکارە بۆ ئەوەی ببێتە یاریدەر بۆ سەرەدەری لەو داکەوتە ئاڵۆزە.

چوار ستوونەکەی فێرکاری:

1. ناواخنی بابەت - گشت فێرکارییەک ناواخنێکی هەیە، سێرەیەکی هەیە. ئەم ناواخن و سێرەیە جار هەیە ڕوونە و جاریش هەیە نیمچەلێڵ - بەڵام هەیە.
2. ڕوانگەی مامۆستا یان دەوروبەر - بەگشتی مامۆستا، خێزان، دۆست و برادەری هەڵکشیوتر باشتر شارەزای ناواخنی بابەتەکانی خوێندنن.
3. ڕوانگەی فێرخواز - بەگشتی جیهانبینی و دەرکی فێرخواز سنووردارە، وابەستەی کەس و گوزەرانی ڕۆژگارە.
4. دەرامەدی فێرکاری - فێرکاری دەکاتەوە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ فێربوون، دابینکردنی کەرەستە و دەرامەدی فێربوون بۆ خۆشکردنی زەمینەی فێربوون. تەنانەت کەسانی دیکەی گەورەساڵی مامۆستاش نین دەزانین گەمەکەرن بۆ فێربوونە.

ئەم مۆدێلە بەکار بهێنن بۆ بیردانەوە لە ئەزموونی فێرکاریی خۆتان. پرسیار و سەرنج لە گوتوبێژدا ئاڵۆگۆڕ بکەن، پێشنیاز و سەرەداو بدەنە یەکدی، یارمەتیی یەکدی بدەن بۆ دیتنی بابەتی پەنهان، گەر دەرفەت هەبوو، پاش پیادەکردنی ئەم خاڵانە دیداری دیکەی لێ ساز بکەن.

گەر بەم جۆرە کارە بکەن ئەوا دەگەن بەوەی ئەمڕۆ بە *Lesson Studies* ناودێر دەکرێت و برەوی فرەوانە.

**وۆرکشۆپ – کارامەیی پیشەوەرانەی مامۆستا**

لە باسی کارامەیی پێوست بۆ مامۆستا باسمان لە پێنج ڕووکار کرد:

1. بابەتزانی - شارەزابوونێکی گونجاو لە ناواخنی بابەت
2. وانەبێژی - بەرجەستەکردن و گەیاندنی ناواخنی بابەت لە فێرکردندا
3. شارەزایی دەربارەی بەرۆکگیرە دەروونی - جڤاکییەکانی فێرکاری
4. شارەزایی دەربارەی هەڵسەنگاندنی زانیار و فراژووتنی زانیار
5. دەرکی بیردۆزەکی و زانستیی پەیوەست بە کاروباری فێرکاری

گوتوبێژێک ساز بکەن دەربارەی ئەو ڕووکارانە بەڵام هەوڵیش بدەن بیبەستنەوە بە بەستێنی خۆتان، لە فێرگە و پۆلی ئێوەدا ڕەنگدانەوەی ئەو باسانە چۆنە.

- لەم بوارەدا، جیاوازییە گرینگەکانی نێوان بابەتەکانی خوێندن (ماتەماتیک، زمان، جڤاکناس...) و هەروەها تەمەن چین؟
- لەم باسەی کارامەییدا، مامۆستا دوو بابەتی هەبێت یان دە، جیاوازیی چییە؟
- تۆ، دەربارەی کارامەیی پیشەوەرانەی مامۆستا، چۆن بیردەکەیتەوە و هەستت چۆنە؟

**وۆرکشۆپ – مامۆستا چۆن بێت باشە؟**

مرۆڤ بەگشتی لە گوزەرانی ڕۆژانەدا چاوەنۆڕیی هەیە لە گوتار و ڕەفتاری کەسانی بەرانبەر، لە جۆر و شێوازی هەڵسەوکەوتیان، لە خەسڵەتەکانیان. باشە چاوەنۆڕیمان لە مامۆستا چین؟ مامۆستا چۆن بێت باشە؟

خەسڵەت هەن ئێمە پێمان خۆشە مامۆستا هەیبێت، لە ڕاستیشدا زۆربەیان خەسڵەتی گشتی مرۆڤن، پێمان خۆشە هەموو کەسێک وەها بێت، بۆ نموونە:

- کەسێکی پەرۆش بێت و پەی بە ڕوانگەی بەرانبەر بەرێت.
- هەم زارەکی و بە زمانی لەش دەربڕینی سازەندەی هەبێت.
- خاوەن دەربڕینی ساختاربەند، ڕوون و گونجاو بێت لەتەک بەستێنی باسەکەدا.
- نەرمەکار و ئامادەی گۆڕانکاری بێت.

ئەمانە چەند پێشنیازێک بوون لەو خەسڵەتانەی پێمان خۆشە مرۆڤ بە گشتی هەیبن، بەڵام خەسڵەتیش هەن دەوروبەر بەتایبەتی لە مامۆستای داوا دەکات. فەرموون بە ڕامان و گوتوبێژ پێنج خەسڵەتی وەها دیاری بکەن کە پێتان وایە تایبەتن بە مامۆستای باش و گرینگە هەیبن. هەر بۆ سەرەداو، سەرەتا بیر لەو مامۆستایانەی خۆت بکەوە کە یادگاری گەشت لێیان هەیە.



*Maria Montessori*
*مۆدێلێکی پیشەوەرانەیە*
*بۆ سەدان هەزار مامۆستا*

**وۆرکشۆپ – نۆ هەنگاوی گوتوبێژ**

ئەم مۆدێڵەی ڕێنوێنیی مامۆستاکرد نێزیکەی بیستوپێنج ساڵە لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی و ڕێنوێنیدا هاتۆتە فراژووتن، هەم بنەماڕێژە بە بیردۆزەی کلاسیک هەم لە دەیانهەزار بەستێندا ئاروین کراوە. بەدەم ڕەوتی ساڵ و کارەوە، من، بە مەبەستی هەموارکردنی لەتەک کات و بەستێندا، خەریکی دەمەزەردکردنی ئەم بەرهەمە بووم.

مۆدێلەکە بۆ گرووپی بچووکە، بۆ دەستەی مامۆستای هاوبابەت، هاوکار و هاومەبەست، چوار هەتا هەشت کەسییە، یەکیان دەبێتە دەمڕاست و بەرپرسە لە ڕاگرتنی چێوەی کات، خاڵی سێرە (سەرنج) و هەروەها سەرەی ئاخافتن.



*ڕێنوێنیی هاوکارانە*

*گرینگ ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ گوتوبێژی ئارام و سینەفرەوان،*
*بۆ جڤینی وەها بنبان تێیدا بەرز بێت و بیرۆکە تێیدا دەرفەتی ئاروینکردنی هەبێت.*

**هەنگاوی یەکەم**

هەموو هاوکارێک، کێشەیەک لە کاروباری خۆیەوە، بەکورتی دەخاتە بەرباس. وەها باشە ئەندامانی ئەم دەستەیە، چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی جڤین، بیریان لەو دۆزانە کردبێتەوە کە مەبەستیانە بیکەنە بابەتی گفتوگۆ.

– کێشە بۆخۆی دیاردەیەکی نایەتی نییە. ئێمەی مامۆستا ڕۆژانە تووشی کێشە و بەرۆکگیری دەبین، کێشە بەشێکە لە گوزەرانی ڕۆژانەی فێرگە.

– چەمکی کێشە فرەوان بکە بۆ ئەوەی هەم پرسیارڕێژی و هەم بەرۆکگیری بگرێتە خۆی.

- گرینگە مامۆستا لەم جڤینەدا ئاسوودە بێت. بەشداربووان دەبێت هەست بکەن بەوەی زەوییەکی بەبڕشت دید و بۆچوونیان لە ئامێز دەگرێت.
- کێشەکان دەبێت پەیوەستی فێرکاری بن - نەک کێشەی کەسەکی. کێشەی کەسەکی کاریگەری هەیە لەسەر خوێندن بەڵام ئەوە سەکۆی خۆی هەیە بۆ چارەسەر، نەک ئێرە.




*کێشەیەک دیاری بکە*

*کێشەیەک پەیوەستی فێرکاری بێت، بەرۆکگیری و پرسیارڕێژیی لە ئامێز بگرێت.*

**هەنگاوی دووهەم**

هەر یەک لە مامۆستایانی بەشدار باس لە گرینگیی کێشەکەی خۆی دەکات، گرووپەکە بڕیار دەدات کام کێشە دەبێتە باسی جڤینی ئەمڕۆ.

- کێشەیەک هەڵبژێرن کە گشتییە و لای زۆربەی بەشداربوون هۆشپەسەندە.
- کێشەیەک هەڵبژێرن کە لەبار بێت بۆ چارەسەرکردن.
- ئەوجا جەخت بخەنە سەر ئەو کێشەیەی دێتە هەڵبژاردن.




*گرووپەکە بڕیار دەدات کام کێشە لە هەمووان پتر سوودبەخشە ببێتە بابەتی گوتوبێژ.*

**هەنگاوی سێهەم**

خاوەنی کێشە، کێشەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە بەڵام باس لە دیدی خۆی بۆ چارەسەر ناکات، جارێ کاتی نییە. بەشداربووان گوێڕادێرن بەڵام جارێ کاتی پرسیار نییە.

- ئەوەی لە هەمووان پتر شارەزای کێشەکەیە دەبێتە خاوەن کێشە




*کێشەی دیاریکراو بکەنە ئامانج*

**هەنگاوی چوارەم**

ئەوجا یەکبەیەکی ئەندامان بە ڕیز پرسیاری خۆیان دەکەن و خاوەن کێشە وەڵام دەداتەوە. ئەم کارە دەسووڕێت هەتا کێشەکە بۆ هەمووان تەواو ڕوون دەبێتەوە.

- ئەم دۆخە چۆن پەیدا بوو؟
- کێن ئەوانەی لە کێشەکەدا تێوە گلاون؟
- ئەمە بۆ کێ کێشەیە؟
- کێشەکە بریتییە لە چی؟




*پرسیاری وەها داڕێژە کێشەکە کۆ بکاتەوە.*

**هەنگاوی پێنجەم**

خاوەن کێشە چ چارەسەرێکی لا پەسەندە و چی پێ باشە بکرێت؟

- خاوەن کێشەکە ماوەیەکە بیر لەم دۆزە دەکاتەوە و بۆچوونی خۆی هەیە دەربارەی هەڵوێست لەو کێشەیەوە و جۆری چارەسەر.
- بیر بکەوە لەوەی مەرج نییە هەردەم چارەسەر هەبێت، بەڵام گرینگە پەرۆشی کێشەکە بین و بەرەبەرە لە چارەسەر نێزیک بینەوە.



*خاوەن کێشە بیر لە دەرفەتەکانی چارەسەر دەکاتەوە.*

### هەنگاوی شەشەم

ئەوجا سوورێکی دیکەی پرسیار. پرسیارێک لە یەکبەیەکی بەشداربوون بکە گەر خاڵێک لە ڕاڤەکردنەکەی خاوەن کێشەدا ڕوون نییە.

- پێت وەهایە مرۆڤ چی بکات باشە؟
- بژارەمان چییە؟
- ئەم بژارانە چۆن دێنە هەڵسەنگاندن؟
- ئێرە جێی ئامۆژگاری نییە.




*سوورێکی دیکەی پرسیار ئەوجا جەخت لەسەر ئەوەیە خاوەن کێشە نیازی بۆ چارەسەر چییە*

### هەنگاوی هەفتەم

بیرۆکەبارانە[151] - هەر یەک لە بەشداربوون تاکە یەک پێشنیاز پێشکەش دەکەن، هیچ کەس، نە خاوەن کێشە و نە ئەندامانی دیکە ناکەونە گوتوبێژ و سەرنجدان دەربارەی گوتاری بەرانبەر. دەمڕاستی گرووپ بیرۆکەکان تۆمار دەکات.

- خاوەن کێشە ئەم پرسیارە ڕەپێش دەخات: «من پەرۆشی کێشەیەکم و ماوەیەکە بیری لێ دەکەمەوە. ئێستا کێشەکەم دەخەمە بەرباس و چاوەنۆڕی زانیار و ئەزموونی ئێوەم».

وەرگرتنی ڕوانگەی کەسانی دیکە سەنگی خۆی هەیە. پەیبردن بە ڕوانگەی کەسانی دیکە، دەروازەیەک دەکاتەوە ڕووە بینینی چارەسەر و هەڵسەنگاندنی نوێ.

**هەنگاوی هەشتەم**

کەسی خاوەن کێشە ڕووماڵێکی ئامۆژگارییەکان دەکات، سوودبەخش و بێسوودەکانی بە دوو نیشانەی جیاواز پاکوپیس دەکات.



*پەیجۆریی ئامۆژگارییەکان*

*خاوەن کێشە نیگاری ڕەخنەگرانە دەخاتە کار*

**هەنگاوی نۆیەم**

گوتوبێژی کۆتا. چی تازە فێربووین کە دەکرێت لە بواری دیکەدا و لە لایەن کەسانی دیکەوە بێتە چەرخاندن؟ ئەمەیە گشتاندنی زانیار.

هیچ ڕووبارێک دووبارە نابێتەوە. ئێمە مامۆستا هەرگیز ناتوانین دوو جار بچینە هەمان پۆلەوە. ئێمە ناچارین پیشەوەریی خۆمان سەر بخەین بۆ ئەوەی دەروەستی ئەو هەموو بەرۆکگیرییە بین کە بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە.

«...»

## سەرچاوە


- Arevik S & Hartzell O (2007): *Att göra tänkande synligt*. Stockholm: HLS förlag.
- Arevik S & Hartzell O (1991 respektive 1997): Uppsatser framlagda vid Didaktikcentrum
- vid Lärarhögskolan i Stockholm.
- Arevik S (1998): *Utvärderingsrapport*. Eriksdalsskolan. Stockholms kommun.
- Arevik S & Hartzell O (1994): *Vilket tänkande kräver SO-undervisningen?* Häften för didaktiska studier nr 47. Stockholm: Lärarhögskolan.
- Arevik S & Hartzell O (1997): Undervisning och begreppsutveckling. *Didactica Minima nr 41*. Stockholm: Lärarhögskolan.
- Arevik S, Elling A & Hartzell O (2004): Kejsarens nya kläder. *Didaktikens Forum* nr 1. Stockholm: Lärarhögskolan.
- Arfwedson, G (2002): *Didaktik för lärare.* Stockholm: HLS Förlag.
- Arfwedson G B (1994): *Allmändidaktikens kunskapsintressen och forskningsfrågor.* Didaktikcentrum. Stockholm: HLS förlag.
- Arfwedson G B (1992): *Vetenskaplig verksamhet – två perspektiv*. Häften för didaktiska studier 35/36. Stockholm: HLS förlag.
- Arfwedson G (1985): *Varför är skolor olika?* Stockholm: Utbildningsförlaget.
- Arfwedson G & L Lundman (1984): *Skolpersonal och skolkoder*. Stockholm: Liber
- Beard R M (1970): *Piagets utvecklingspsykologi*. Stockholm: Wahlström & Widstrand.
- Berger och Luckman (1998): *Kunskapssociologi.* Wahlström & Widstrand.
- Bernstein B (1981): *Codes, modalities and the process of cultural reproduction:* Language in society, nr 10, s.327-363.
- Biesta G (2007a): *Why »what works» won't work: evidence-based practice and the*
- *democratic deficit in educational research*. Educational Theory, 57(1), 1–22.
- Biesta G (2007b): *Bridging the gap between educational research and educational practice:*
- *The need for critical distance.* Educational Research and Evaluation, 13(3), 295–301.
- Blankertz H (1987): *Didaktikens teorier och modeller.* Stockholm: HLS Förlag.
- Bourdieu P (1996): *Homo academicus*. Stockholm: Brutus Östlings bokförlag Symposion.
- Bronfenbrenner U (2005): *Making human beings human. Bio-ecological perspective*
- *on human development.* Thousand Oaks: Sage.
- Bruner J (1960): *The Process of Education.* Harvard University Press, Cambridge, Mass.
- Bruner J (1974): På *väg mot en undervisningsteori.* Lund: Gleerups.
- Bruner J (1973): *Beyond the information given.* New York: W W Norton & CO Inc,
- Caravita & Halldén (1994): *Re-framing the problem of conceptual change.* Learning and Instruction, nr 4. Stockholm University, Instituto di Psicologia, Roma.
- Cuban L (1984): *How Teachers Tougth.* New York: Longman.
- Dahllöf U (1967): *Skoldifferentiering och undervisningsförlopp.* Stockholm:
- Almqvist & Wiksell.
- Dewey J (1989): *Child and curriculum, the school and society*. Chicago: University of
- Chicago press.
- Dewey J (2002*): Demokrati och utbildning.* Göteborg: Daidalos.
- Dewey J (1998): *Individ, skola och samhälle.* Stockholm: Natur och kultur.
- Dewey J (1996): *En analys av det reflekterande tänkandet.* Brusling & Strömqvist red.,
- Reflektion och praktik i läraryrket. Lund studentlitteratur
- Dewey J (1997): *How we think*. Mineola, N. Y.: Dover Publications, Inc.
- Donald M (1993): *Origins of Modern Mind*. Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press
- Donaldson M (1989): *Hur barn tänker*. Stockholm: Liber.
- Döös M (2003): *Arbetsplatsens relationik*. Arbetslivsrapport nr 2003:12. Arbetslivsinstitutet.
- Döös & Wilhelmson (2007): Distans och närhet: Pedagogisk forskning i Sverige, nr 2. Göteborgs universitet.
- Edfeldt Å (1982): *Läsprocessen.* Stockholm: Liber.
- Egan K (2005): *Från myt till ironi*. Daidalos. Göteborg.
- Elbaz F (1983): *Teacher Thinking*. Croom Helm. London & Canberra.
- Engeström Y (1987): *Learning by expanding*. Helsinki: Orienta-Konsultit.

- Ellström & Löfberg & Svensson (2005): *Miljöpedagogik och kunskapsbildning: teori, empiri och praktik*. Pedagogisk Forskning i Sverige nr ¾.
- Englund T (2004): *Nya tendenser inom pedagogikdisciplinen under de tre senaste decennierna.* Pedagogisk forskning i Sverige, 9(1), 37–49.
- Fox N (2003*): Practice-based Evidence: Towards Collaborative and Transgressive Research*. Sociology 2003 37: 81. British Sociological Association. SAGE.
- Frisk A-K (2010): *Analys av en Learning Study.* Institutionen för didaktik och pedagogiskt arbete. Stockholms universitet.
- Evaldsson & Nilholm (2009): *Evidensarbetat skolarbete. Mobbning som exempel.* Pedagogisk forskning i Sverige, nr 1 2009.
- Foucault M (1993): *Diskursens ordning*. Stockholm: Bruno Östling.
- Foucault M (1987): *Övervakning och straff.* Lund: Studentlitteratur.
- Fox N J (2003): *Practice-based Evidence: Towards Collaborative and Transgressive Research.* Sociology 2003 37: 81.
- Goodson I (1996): Att stärka lärarnas röster. Stockholm: HLS förlag.
- Goodson I & Numan U (2003): Livshistoria och professionsutveckling. Lund: Studentlitteratur.
- Goldberg E (2006): *Visdomens paradox.* Lund: Studentlitteratur.
- Green L W (2006): *Public Health Asks of Systems Science: To Advance Our Evidence-Based Practice, Can You Help Us Get More Practice-Based Evidence*? American Journal of Public Health, March 2006, Vol 96, No. 3.
- Green L W (2008): Making research relevant: if it is an evidence-based practice, where's the practice-based evidence? *Family Practice, 25,* 120-124.
- Green L (2006): *To Advance Our Evidence-Based Practice, Can You Help Us Get*
- *More Practice-Based Evidence?* American Journal of Public Health. Vol 96, No. 3
- Gustavsson L (2008). *Att bli bättre lärare. Hur undervisningsinnehållets behandling blir till samtalsämne lärare emellan.* Skrifter utgivna vid Högskolan Kristianstad nr 11.
- Habermas J (1995): *Kommunikativt handlande.* Göteborg: Daidalos.
- Halldén O (1999): *Conceptual change and contextualization*. I W Schnotz & S
- Vosniadou & M Carretero (Eds.), *New perspectives on conceptual change*. Amsterdam: Pergamon.
- Halldén O (2001): *Intentionell analys.* Rapport från Pedagogiska institutionen,
- Stockholms universitet, nr 65.
- Halldén O (2002): *Om att förstå, missförstå och inte förstå*. H Strömdahl (Red).
- *Kommunicera naturvetenskap i skolan*. Lund: Studentlitteratur.
- Hargreaves A (1998): *Läraren i det postmoderna samhället.* Lund: Studentlitteratur.
- Hayakawa S I (1970): *Vårt språk och vår värld.* Stockholm: Aldus/Bonnier.
- Humphries B (2003): *What else count as evidence in evidence-based social work?* Social
- Work Edocation, vol 22, No 1. Carfax Publishing.
- Högberg, B. (2007). *Planering som social process. Om delaktighet och barnets bästa.* Lund:
- Studentlitteratur.
- Jackson P (1990): *Life in Classrooms.* New York: Teachers College Press.
- Jakobsson Öhrn H (2001): *Intentionell handlingsanalys*. Rapport från Pedagogiska institutionen, Stockholms universitet, nr 65.
- Janson U (1975): *Intentionalitet och medsubjektivitet*. Pedagogiska institutionen, Stockholms
- universitet.
- Janson U (2001b): *Med vilken rätt?* Forskningsrapport nr 64. Stockholms universitet,
- Pedagogiska institutionen
- Janson U (2001a): *Perspektiv, aspekt och meningshorisont i förskolebarns lekhandlingar.*
- Pedagogiska institutionen, Stockholms universitet.
- Janson U (2008): *Opublicerat stencil och powerpoint material*. Presenterat under kursen, Interaktion och Intervention. Pedagogiska institutionen, Stockholms universitet.
- Janson U (2011): Erfarenhet och evidens – praktik och forskning i möte. *Vetenskaplig artikelsamling om specialpedagogik, FoU nr 1/2011*. Specialpedagogiska skolmyndigheten.
- Lauvås P & Handal G (2001): *Handledning och praktisk yrkesetik*. Lund: Studentlitteratur.
- Lave & E Wenger (1991): *Situated learning: Legitimate peripheral participation*. New
- York: Cambridge University Press.
- Leontiev A N (1986): *Verksamhet, medvetande, personlighet.* Göteborg: Fram.

- Leontjev A N (1981): *The problem of activity in psychology.* I: Wertsch J V: *The concept of acitivity in Soviet psychology*. New York: Armonk.
- Lindström L (1988): *Den sokratiska metoden.* Stockholm: Konstfack.
- Lindström L (2006): *Praktisk visdom inom läkekonst och didaktik*. Bronäs & Selander(red),
- *Verklighet verklighet.* Stockholm: Norstedts akademiska förlag.
- Linell P (1988): *Människans språk*. Stockholm: Liber.
- Lundgren U P (1972): *Frame Factors and the Teaching Process.* Stockholm: Almqvist & Wiksell.
- Lundgren U P (1989): *Att organisera omvärlden*. Stockholm: Utbildningsförlaget.
- Löfberg A (1989): *Learning and educational intervention from a constructivist point of view: The case of workplace learning*. I H. Leymann & H. Kornbluh (red): *Socialization and learning at work. A new approach to the learning process in the workplace and society*. Aldershot: Avebury.,
- Löfberg, A. & Ohlsson, J. (red) 1995: *Miljöpedagogik och kunskapsbildning*.Stockholm:
- Stockholms universitet, Pedagogiska institutionen.
- Margison F & McGrath G & Barham M & Mellor Clark J & Audin K & Connell J & Evans C (2000): *Measurement and psychotherapy: Evidence-based practice and practice based evidence.* The British Journal of Psychiatry 2000 177: 123-130.
- Marton F (2003): *Learning Study – pedagogisk utveckling direkt i klassrummet.* Vetenskapsrådets rapport nr 2.
- Marton & Ling (2007): *Learning from ”The Learning Study”.* Tidskrift för lärarutbildning och forskning, 14(1), 31-44.
- Marton m fl (1987): *Inlärning och omvärldsuppfattning*. Stockholm: AWE/Gebers.
- Mattsson M (2004): *Att forska i praktiken.* Uppsala: Kunskapsföretaget AB.
- Mattsson M & Johansson I & Sandberg B (Eds) (2008): *Examining Praxis. Assessment and*
- *Knowledge Constrution in Teacher Education.* Pedagogy, Education and Praxis,
- Volum 4. Rotterdam: Sense Publisher.
- McCluskey U (2005): *To be met as a person. The dynamics of attachment in professional*
- *encounters.* London: Karnac.
- McDonald & Vielbeck (2007): *From Evidence-Based Practise Making to Practice-Based*
- *Evidence Making. Health Promotion Practoce* April 2007 8: 140-144.
- Molander B (1996): *Kunskap i handling.* Göteborg: Daidalos
- Olsson, E. (1998): *På spaning efter gruppens själ. Gruppen i teori och praktik.* Lund:
- Studentlitteratur.
- Piaget J (1972): *The Principles of Genetic Epistemology.* London: Routledge & Kegan Paul.
- Piaget J (1970): *Gentic Epistemology*. New York: W W Norton & Company.
- Plauborg H & Andersen J & Bayer M (2007): *Aktionslaering*. Köpenhamn: Hans Reitzels
- Forlag
- Rolf B (1995): *Profession tradition och tyst kunskap.* Nora: Bokförlaget Nya Doxa
- Rostvall & West (2001): *Interaktion och kunskapsbildning*. Kungliga musikhögskolan.
- Stockholm
- Scheja M (2001): *Determinants of action.* Rapport från Pedagogiska institutionen, Stockholms universitet, nr 65.
- Schön D (1996): *Den reflekterande praktikern*. Brusling & Strömqvist (red.). *Reflektion och praktik i läraryrket.* Lund: Studentlitteratur
- Schön D (1983): *The Reflective Practitioner. How Professionals think in action.* New York:
- Basic Books Inc.
- Simons H & Kushner S & Jones K & James D (2003): *From evidence-based practice to practice-based evidence.* Research Papers in Education, Volume 18 Number 4, s. 347-364.
- Stensmo C (1994): *Pedagogisk filosofi.* Lund: Studentlitteratur
- Strömnes Å L (1995): *Kunskapssyn och pedagogik.* Stockholm: Liber.
- Säljö R (2000): *Lärande i praktiken.* Stockholm: Prisma.
- Stigler J W & Hiebert J (1999): *The teaching gap: Best ideas from the world's teachers for improving education in the classroom.* New York: Free Press.
- Uljens M (1997): *Didaktik*. Lund: Studentlitteratur.
- Vygotsky L (1971): *Thought and Language*. Cambridge, Mass.
- Vygotsky L (1978): *Mind in society*. Harvard University Press.
- Vygotskij L (1981): *Psykologi och dialektik*. Red. L-C Hydén. Stockholm: Norstedts förlag.
- Vygotskij L (1995): *Fantasi och kreativitet i barndomen*. Göteborg: Daidalos.

- Vygotskij L (1999): *Tänkande och språk*. Göteborg: Diadalos.
- Wenger E(1998): *Communities of practice: Learning, meaning, and identity*. Cambridge: Cambridge University Press.
- Wilhelmson L (1998) *Lärande dialog. Samtalsmönster, perspektivförändring och lärande i gruppsamtal:* Arbete och Hälsa 1998:16. Arbetslivsinstitutet.
- Zeichner & Noffke (2001): *Practitioner.*

«…»

## پەراوێز

[1] - کردەبەند: practice-based، بابەتێک بناخەی کارەکی هەبێت، بە کردەوە لە نێو کاروباردا پەیدا کرابێت، کردەکی بێت، لایەنی پراکتیکی هەبێت نەک تەنها پیردۆزە. بۆ نموونە: زانیار-ی کردەبەند Practice-Based Knowledge، فێرکاریی کردەبەند Practice-Based Education.

[2] - سەلمێنە: evidence، بەڵگەی زانستی، بۆچوونێک زانستانە یان بەکردەوە هاتبێتە سەلماندن.

[3] - سەلمێنەی کردەبەند: practice-based evidence. بەکارهێنانی ئەو زانست، هونەر و ئەزموونەی لە کاروباردا، بە کردەوە، پەیدا دەبێت و دێتە سەلماندن، وەک بنەمایەک بۆ بڕیار و ئاراستەی کار. بۆ بەراورد بڕوانە «کردەی سەلمێنەبەند».

[4] - ڕێباز: مێتود method.

[5] - کردەی سەلمێنەبەند evidence-based practice (EBP). بەکارهێنانی بەرهەمی زانستیی ڕوون و سەلمێنراو، کە لە تۆژینەوەی زانستییەوە پەیدا دەبێت، وەک بنەمایەک بۆ بڕیار و ئاراستەی کار. بۆ بەراورد بڕوانە «سەلمێنەی کردەبەند».

[6] Simons et al, 2003; Janson, 2008; Margison et al 2000; Green, 2006; Humphries 2003

[7] - کاروباری جڤاکی: Social practice

[8] بارهێنانەوە: rehabilitation

[9] Simons et al, 2003; Janson, 2008; Margison et al 2000; Green, 2006; Humphries 2003; Fox, 2003; McDonald & Vielbeck, 2007: Evaldsson & Nilholm, 2009

[10] - دەراو: سەرشار، دەستپێک.

[11] Simons et al 2003; Janson, 2008; Evaldsson & Nilholm, 2009.

[12] - تۆژینەوەی کارەکی: practical research

[13] - کێشەڕێژی: problematization، داڕشتنی بیرۆکەیەک یان دیاردەیەک لە شێوەی کێشەدا- ئەم چەمکە بە زۆری لە بواری زانستی و تۆژینەوەدا بەکار دێت.

[14] - ڕەوایەتیی دەرەکی: External validity

[15] - ڕەوایەتیی نێوەکی: Internal validity

[16] Green, 2008; Janson, 2011.

[17] Janson 2011.

[18] Janson 2008; Green, 2006.

[19] - بەهای ئامرازەکی: Instrumental value، بابەتێک بەهایەکی ڕەسەنی نەبێت، بەهایەکی ئامرازەکی هەبێت، بۆ نموونە پارە، وەک ئامراز دێتە بەکارهێنان بۆ وەدەستهێنانی بابەتی دیکە. بەهای ئامرازەکی جودایە لە بەهای ڕەسەن Intrinsic value. دۆستایەتی و خۆشەویستی نموونەن لە بەهای ڕەسەن.

[20] Simons et al 2003; Humphries, 2003; Biesta, 2007a, 2007b.

[21] Högberg, 2007.

[22] - دۆخبەند: Situated، دۆخبەندەتی: Situatedness. کە دەڵێت دیاردەیەک دۆخبەندە، بۆ نموونە زانیار دۆخبەندە situated knowledges مەبەست ئەوەیە دیاردەکە بەرتاوی دۆخ و بەستێنی خۆیەتی.

[23] Simons, 2003; Janson, 2008; Lave & Wenger, 2003.

[24] Janson, 2008; Simons et al 2003.

[25] - ئەزموونبەند: Experience-based. پێکهێنانی زانیار-ی ئەزموونبەند: experience based knowledge، پێکهێنانی زانیار کە لەسەر بنەمای ئەزموون هەڵنرابێت، واتە ئەزموون بکرێتە بنەما بۆ هەڵبەستنی زانیار (زانست و هونەر)-ی نوێ.

[26] - چەمکاندنی نەخش: ناودێرکردنی نەخش بە چەمکی لەبار.

[27] Simons, 2003; McDonald & Vielbeck, 2007; Fox, 2003.

[28] Simons et al. 2003.

[29] Simons et al. 2003.
[30] Simons et al. 2003; Janson, 2008; Green, 2006; Humphries, 2003; McDonald & Vielbeck, 2007, Margison et al. 2000.
[31] - ئاروین، ئاروینکردن: تاقیکردنەوە، examination بڕوانە فەرهەنگی خاڵ لە وشەدانی سایتی برادۆست: bradost.net/ferheng و هەروەها فەرهەنگی ڤەژین: https://lex.vejin.net/nk/search/?t=examination
[32] Simons, 2003; Janson, 2008.
[33] Simons, 2003; Janson, 2008.
[34] Lave & Wenger, 1991.
[35] - گشتاندنی دۆخبەند: situated generalization
[36] Simons, 2003.
[37] - پارادیگم: پارادایم paradigm، نەخشێکی تایبەتی هزری، تێکبەستەیەکی چەمکامێز، چێوەیەکی هزری و فەرهەنگی.
[38] - دەروونسارێژی: psychotherapy
[39] Lave & Wenger, 1991; Wenger, 1998.
[40] - گشترەوا: ڕەوایەتیی گشتیی هەبێت، ڕەوایەتییەکەی بەستێنرەها بێت نەک بەستێنبەند.
[41] - زانیارنۆڕی: نۆڕین لە زانیار.
[42] Lave & Wenger, 1991; Habermas, 1995; Fox, 2003; Simons et al. 2003.
[43] Simons, et al 2003; Marginson, et al. 2000; Wenger, 1998; Döös, 2003.
[44] (Simons, et al 2003; Marginson, et al. 2000; Wenger, 1998; McDonald & Vielbeck, 2007.
[45] Arevik, 1998.
[46] Döös, 2003.
[47] Stiegler & Hiebert, 1999; Marton, 2003.
[48] ڕووکار: aspect
[49] Simons, et al 2003; Wenger, 1998; McDonald & Vielbeck, 2007; Janson, 2008.
[50] Wenger 1998; Fox, 2003.
[51] - چەمکامێز: conceptual، وێناکار، بیردۆزەکی، واتادار. چەمکامێزاندن: conceptualization.
[52] - بەرزێ: reproducible، بشێت لێی بزێت، بشێت بەرهەمی نوێی لێ پەیدا بێت – بڕوانە «زاراوەسازیی پێوانە»، م. م. جەلیزادە، سایتی mamosta.net
[53] - گفتوگۆکاری: dialogicity، بەرانبەر تاکبێژکاری: monologicity
[54] Simons, et al 2003; Marginson, et al. 2000; Janson, 2008.
[55] Fox, 2003.
[56] Simons et al. 2003; McDonald & Vielbeck, 2007; Janson, 2008; Green 2006.
[57] - کاتالیست: catalyst، کەسێک یان کەرەستەیەک ببێتە هاندەری کارلێک و گۆڕانکاری بێ ئەوەی خۆی بەر ئەو گۆڕانکارییە بکەوێت.
[58] Fox, 2003.
[59] Wenger, 1998; Simons et al. 2003; McDonald & Vielbeck, 2007.
[60] Högberg, 2007; McCluskey, 2005; Wilhelmson, 1998; Döös & Wilhelmson, 2007; Döös, 2003.
[61] Simons et al. 2003; Janson, 2008.
[62] - پێشڤەچوون: progression
[63] Simons et al. 2003.
[64] Marginson, et al. 2000; Wenger, 1998; Janson, 2008.
[65] Simons et al. 2003.
[66] Simons et al. 2003; Marginson, et al. 2000.
[67] Simons et al. 2003.
[68] Marginson, et al. 2000.
[69] McDonald & Vielbeck, 2007.
[70] Simons et al. 2003.
[71] Marginson, et al. 2000.

72 Simons et al. 2003.

73 - پێشاندەر: indicator

74 - ژێربەشی هاوبەش: common denominator

75 - ڕاگەیەن: communicative، کەسێک یان دیاردەیەک توانای ڕاگەیاندنی باش بێت.

76 - ئاگاداری: information.

77 - کەڤنار: کۆنەساڵ، دێرین.

78 - سۆسەکردن: intuition، هەستکردنی پەنام و نامۆ. سۆسەوار: دەرککردن بە نهێنی شتان لە ڕووداوی بچووکەوە. بڕوانە م. م. جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی مامۆستا: www.mamosta.net

79 - بنگە: institution، بنگەڕێژکردن: institutionalization.

80 - جڤاکی گردەکار و ڕاوپیشە: Hunter-gatherer society.

81 - بەردەرک: understandable، دەکرێت دەرکی بکەیت.

82 - هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ: Formative assessment، هەڵسەنگاندنێک شێوەی فێرکارییەکە دادەڕێژێت.

83 - زانیاربەر: knowledge bearer، هەڵگر و گوێزەوەی زانیار.

84 - شۆپ: جێپێ، شۆپهەڵگەرتنەوە: trace هەڵگرتنەوەی جێپێ.

85 - گوتەیەکی سوێدییە مەبەست لێی ئەوەیە لەش هەر خۆڕەوت ئەو کارە دەکات، پێویست بە بیرکردنەوە نییە.

86 - تیان: ناڕاستەوخۆ.

87 - بارج: barge، بەلەم یان کەشتییەکی باربەری بنپانە. بارجکێش Barge Haulers ئەو کەسانەن کە ئەرکی ڕاکێشانی بارجیان لە ئەستۆ بووە. بارجکێشانی ڤۆلگا Barge Haulers on the Volga ناوی تابلۆ ناودارەکەی Ilya Repin (1844-29) ی هونەرمەندی ڕووسە.

88 - زانیار-ی ئەزموونەکی: experiential knowledge، ئەو زانیارە لە ڕێی پێنج هەستەوەرەکەوە پەیدا دەبێت.

89 - هۆشەکی: rational.

90 - هۆشنەیار: irrational.

91 - زاناندن: Cognition، ئەو زانینەی بە تێفکرین، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، شرۆڤەکاری و... هتد پەیدا دەکرێت نەک زانینی ئاسایی. بۆ «زاناندن» بڕوانە م. م. جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی www.mamosta.net.

92 - دەرامەد: resource، هەرچییەکی بۆت هەبێت بەکاری بهێنیت و سوودی لێ وەربگریت.

93 - دەروونی - جڤاکی: Psychosocial، چەمکێکە سەربە هۆکارناسی Etiology باس لە دۆخ یان خەسڵەت دەکات کە گرێدراوی هاوسەمای نێوان پێشمەرجە دەروونی و جڤاکییەکان بێت.

94 - جڤاکاندن: Socialization.

95 - بەهاڕێژی: Valuation, Value (ethics).

96 - ناکۆکیی نێو-مرۆڤگەل: Interpersonal conflicts.

97 - زرە-ناکۆکی: Pseudo-conflict.

98 - ناکۆکیی ناخەکی: Intrapersonal conflicts.

99 - نیهاد: ویژدان Conscience.

100 - نیهاد، ئەز و بەرزەئەز: Id, ego and super-ego.

101- هەناوچێنکردن Internalization. لە هەناوی دەچێنین، دەیکەینە خوو.

102 - هەڵسەنگاندنی یاسافەرمان: تەنها ئەوەی «ڕێنامەی کۆرس» دیاری کردووە دەبێتە پێوەر و هیچ پێوەرێکی دیکەی لابەلا تاوی لەسەر هەڵسەنگاندن نییە.

103 - بەرهەستاندن: concretization، پێچەوانەی دەرهەستاندن: abstraction.

104 - هەڵسەنگاندنی شێوەڕێژ: Formative Assessment

105 - هەڵسەنگاندنی گردەکار: Summative Assessment

[106] - بانوەنەوشە: Ultraviolet (UV) سەروو وەنەوشە.

[107] - ئاڕاستە جیۆگرافییەکان: Cardinal direction

[108] - دەرهەست: abstract، مەجاز. دەرهەستاندن: abstraction، بۆ بەراورد بڕوانە بەرهەست و بەرهەستاندن concretization.

[109] - کۆسمۆس: Cosmos، گەردوونی ڕێکوپێکی خاوەن پەرگاڵ، پێچەوانەی ئاژاوڵە: Chaos.

[110] - یاسای هەرمانی وزە: Conservation of energy – شایاسای فیزیایە، دەڵێت وزە نە دروست دەکرێت و نە لەنێو دەبرێت، تەنها دەکرێت لە شێوەیەکەوە بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی دیکە.

111 - وەبەردان: projection.

[112] - دەروونناسیی فراژکار: Developmental psychology. زانستە دەربارەی فراووژتنی هزری و جڤاکیی مرۆڤ و جەختی بە پلەی یەکەم لەسەر گەشەکردنی دەروونیی مرۆڤە. لەم زانستەدا فراژووتن دابەش دەکرێت بەسەر چەند ئاست و هەنگاودا کە ڕێک دێن لەتەک فراژووتنی مێشک.

[113] - ڕسکان: Evolution

[114] - سەرچاوەدۆزی: Source criticism or information evaluation. وردبوونەوە لە سەرچاوەی ئاگاداری و پەیام. پەیجۆریی لە گوتەی بەرانبەر.

[115] - ماسیگر: troll، ترۆڵ - کەسانێکی لە ئینتەرنێتدا خەریکی بڵاوکردنەوەی گوتەی وەهان ببێتە مایەی وەڵامدانەوەی ڕووخێنەر. ڕاوە بەدگۆیی و بەدکاری دەکەن.

[116] - زڕەنووچە: fake news.

[117] - ساختەی کووڕ: deepfake. بەکارهێنانی تەکنیکی ئاڵۆز بۆ ساختەکاری لە بەرهەمی دیژیتالدا، بۆ نموونە گۆڕینی ڕووخساری کەسێک بە کەسێکی دیکەی وێکچوو لە وێنە و فیلمدا بۆ مەبەستی تایبەت.

[118] - پۆرگی فیلتەر: Filter Bubble. بەکارهێنانی فیلتەری ئاڵۆز بۆ گردکردنەوەی ئاگاداریی پێویست دەربارەی کەسی بەکارهێنەر بۆ ئەوەی پاشان ئاگاداریی وەهای ئاڕاستە بکەن لەتەک کەسایەتی، خواست، بۆچوون و پەیدۆزییەکانی خۆی بگونجێت و بەو جۆرە ئەو کەسە دەخرێتە پۆرگێکی دیاریکراوەوە و ئەو فیلتەرانە مرۆڤەکە دادەبڕن لە ئاگاداریی وەها کە گونجاوی خۆی نەبێت.

[119] - هاککردن: hacking. چەتەگەری دیژیتال، دزینی ئاگاداریی دیژیتال.

[120] - کلیکبەیت: Clickbait. تێکستێکی ساختە و فریودەرە، بینەر ڕادەکێشێت بۆ کلیککردن لەسەر بەستەری وەها لەگەڵ سەردێڕەکەدا نارێک بێت.

[121] - دزەخۆر: Phishing. فریودانی بەکارهێنەری سەرهێڵە بۆ دزینی ئاگاداریی هەستیار، بۆ نموونە کلیلەوشەی تایبەت و ژمارەی کارت بانک و ... هتد.

[122] - فرووسماو: magical، سحری.

[123] - نۆرەوان: actor, player, operator, participant. کەسێک یان لایەنێکی خاوەن نۆرە (ڕۆڵ) یە، بەشدار لە بوارێکی دیاریکراودا. نۆرەوان لە پێوانەی «کارەوان» هاتۆتە دارشتن. بۆ کارەوان بڕوانە م. م. جەلیزادە، «زراوەسازیی پێوانە»، سایتی www.mamosta.net

[124] - تەوجیل: Bible، لێکدانی جووتە وشەی تەورات و ئینجیلە.

[125] - پرینسیپی هۆشمەندی: Principle of rationality.

[126] - کەیانی هێماکار: Symbolic universes، چەمکێکی جڤاکناسییە. لێرەدا مەبەست لێی ئەوەیە کە کەسی پیشەگەر، بۆ نموونە سەد ساڵ لەمەوبەر، جگە لە بواری پیشەکەی خۆی، بەسەر کەیانێک، جیهانێکی بەریندا زاڵ بووە کە دەکەوتە دەرەوەی پسپۆری خۆی (بواری دینی لێ دەرچێت). ئەو کەیانە لەم سەردەمەدا کەوتۆتە دەست نۆرەوانی دیکەی وەک: سیاسەتکار، بیروکرات، ئایدیۆلۆژیست، ئابووریناس، یاساناس، خاون کۆمپانیا، بواری دینی و... هتد.

[127] Janson, 1975, 2001, 2008, 2011.

[128] - دووتا: Dyad، کارلێک، گوتوبێژ یان هەڤبەندییەکی دوولایەنەی جڤاکی، بۆ نموونە پزیشکی و نەخۆش.

129 - هەڤبەندی: relation، چەمکی «پەیوەندی» دەمێنێتەوە بۆ contact.

130 – هەڤبەندکار: relational، سەربە هەڤبەندی.

131 – یەکتا: Unique، بێهاوتا، بێوێنە.

[132] Janson, 2001, 2008.

[133] Janson, 2001, 2008.

[134] Janson, 2001, 2008.

[135] – ئەندێشە: conception، وێناکاری، خەیاڵ، بۆچوون.

[136]– بەرشیان: possible، ئیمکانی هەیە... پێچەوانەی شیانبەدەر impossible.

[137] – هاوئامێز: Include، لەئامێزگرتن: لەسەرکردن، وەرگرتن، لێسەلماندن. پێچەوانەی دەرئامێز: Exclude.

[138] – دوودیو: reversible، بابەتی دووبەرە، دوو دیوی هەیە.

[139] Janson, 2001, 2008.

[140] – بیردۆزەی پلانی فێرکاری: Curriculum theory

[141] – پەندێکی پێشینانی سوێدییە مەبەست لێی باسێکی جوانە بەڵام بەکردەوە ناکرێت – چونکە لالە لە گوڵەباخ موتوربە ناکرێت.

[142] – بنزانست: لەسەر بنەمای زانستانە هەڵنرابێت، بناخەی زانستیی هەبێت.

[143]– بارگۆزین: Transformation، لە «بار»ی بارودۆخ و «گۆز»ی گۆزتن، گواستنەوە، گوێزانەوە... پێکهێنراوە.

[144] – جۆردۆزی: Diagnose . جۆردۆز Diagnostic.

[145] – بیرکردنەوەی چێوەبەزێن: Thinking outside the box, thinking out of the box, thinking beyond the box، بیرکردنەوەی خەیاڵبازانەی ئافرێنەر، بیرکردنەوەیەک فرەوانتر بێت لە چێوەی باوی بڕیاردە.

[146] – بۆ چەمکی واتاکێشەکێ و خەیاڵکێشەکێ بڕوانە م. م. جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی mamosta.net.

[147] – یادگەی وێنەگر: Eidetic memory, photographic memory.

[148] – خشتەی خولکار: Periodic Table.

149 – فەرهەنگبەر: Culture bearer، هەڵگر و گوێزەوەی فەرهەنگ.

150 – جڤاکبەر: هەڵگر و ڕاگری جڤاک و بەهاگەلی جڤاکی.

151 – بیرۆکەبارانە: Brainstorming.